

# چیرۆکە نوورانییەکان

IRFAN
Publishing

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# چیرۆکە نوورانییەکان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# چیرۆکە نوورانییەکان

سادق حیکمەت

لەسەر ئەپی
**کانی عیرفان**
لەگەڵمان بن

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێڕست

پێشەکی ............................................................ ٧
دەستپێک ............................................................ ٩
کتێبی گەردوون ............................................................ ١٢
حەسرەت ............................................................ ٥٢
تاریکی و ڕۆشنبوونەوە ............................................................ ٦٠
پاداشت بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵن ............................................................ ٧٣
هونەرمەندێکی شانازیکەر ............................................................ ٨١
بازنەکان ............................................................ ٨٨
زیندانی تاکەکەسی ............................................................ ٩٨
هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ ............................................................ ١١٠
یەک دونیا خەڵوز ............................................................ ١٢١
بەزەیی ............................................................ ١٢٨
ڕازی خەوەکە ............................................................ ١٣٧
غرور ............................................................ ١٤٧

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سێدارە...................................................................... ١٥٨

یانسیب ...................................................................... ١٦٧

کارگەی گوڵ ............................................................... ١٧٨

قورسایی شاخێک........................................................... ١٨٨

ئێسقانە ڕەقەکان............................................................ ٢٠٤


الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# پێشەکی

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لێرەدا خراوەتە بەرچاوی خوێنەر، هەڵگۆزراوی بیرۆکەکانی ناو پەیامەکانی نورن. دەشێت خوێنەر وەک دەستپێک بۆ چوونە ناو دونیای هزری مامۆستا بەدیعوزەمان سەعید نوورسی لێیان بڕوانێت.

یەکێک لەو حەقیقەتە گرنگانەی خوێنەری پەیامەکان پێی ئاشنا دەبێت، ئەوەیە کە کۆی گەردوون و ڕووداوەکانی ژیانمان تەنها لە ڕووە ماددییەکەی پێکنەهاتووە و دەشێت چەندین پەند، وانە و واتا لە پشت هەریەکەیانەوە خۆیان شاردبێتەوە.

مرۆڤ کاتێک سەیری خۆی و بوونەوەرانی چواردەوری دەکات، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆی گەردوون کتێبێکە و پیتەوە دێڕەکانی ئەو کتێبەیان پێکهێناوە. هەربۆیە مرۆڤی خوێنەر لە پشت هەریەک لە دێڕەکانەوە درەوشانەوەی ناو و سیفەتێکی ئیلاهی بەدی دەکات و بە هەستەکانی سوپاسگوزاری و دەربڕینی بێگەردی بۆ پەروەردگاری، شکۆفە بە دڵ و ڕۆحی خۆی دەدات.

ڕووداوەکانی ناو ژیانیشمان بە خۆش و ناخۆشەوە هەریەکەیان ڕوویەکی واتابەخشیان هەیە کە دەشێت مرۆڤ لە ڕێگەیەوە بە پلەکانی کەماڵی خۆیدا هەڵبگەڕێت. هەندێک جار ڕووداوەکان سەخت و دژوارن، تاقەتپڕوکێنن

و بڕست لە ئەژنۆی مرۆڤ دەبڕن. بەڵام مرۆڤی خوێنەر لەوە تێدەگات کە ئەمە تاقیکردنەوە یان زللەی میهرەبانییە و بەرەنگاربوونەوەیان بە ئارامگری و پیشاندانی ڕەزامەندی بەرانبەر قەدەری خودا سەرباری ئەوەی ئاسانکاریی بۆ دەکەن لە تێپەڕاندنیان، لە هەمان کاتدا بەرزبوونەوەی بە پلەکانی دڵ و ڕۆحیشیدا بۆ فەراهەم دەکەن. بە هەمان شێوە ڕووداوە خۆشەکانی ژیانی مرۆڤ، سەرکەوتن و لێوەشاوەییەتییەکانیشی بەدەر نین لە تاقیکردنەوە، ڕەنگە هەندێک جار تاقیکردنەوەی ساتەکانی سەرکەوتن و خۆشییەکانی ژیان سەختتر بێت لە تاقیکردنەوەی ساتە ناخۆشەکان! چونکە دەربڕینی سوپاسگوزاری بەرانبەر خۆشی و سەرکەوتنەکانمان گەر هێندەی تاقیکردنەوەی ئارامگری بەرانبەر ناڕەحەتی و شەوەزەنگەکانی ژیانمان سەخت نەبێت، ئەوا ئاسانتر نیە!

پێشەکیی وەرگێڕ



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# دەستپێک

من لەو باوەڕەدام کە پێویستە کتێب لە پێناو سوودی مرۆڤەکان و گەشتنیان بە زانیاریی بەسوود بنوسرێت. پێم وایە ئەو کتێبانەی لە ڕێگەی ڕستەی باقوبریق و گەمەکانی وشەوە چەند ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەریان بە دوای یەکدا ڕیز کردووە، سوودێکی ئەوتۆیان نابێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە، هێندەی لە توانامدا بووە، خوازیاری ئەوە بووم هەم خۆم هەم خوێنەرەکانیشم، لە ژیان تێبگەن و شیکاری بۆ ڕازە شاراوەکانی دانایی "ئەو" بکەن کەوا لە نێو کاروباری گەردووندا لە کاردایە.پەیبردن بە حیکمەتی فەرمانەکانی "ئەو" و چاوەڕوانکرنی سەرئەنجامی ئەو کارانەی لەو داناییەوە سەرچاوەدەیان گرتووە، گەورەترین چێژی ژیانم بووە. من درکم بەوە بردووە چەشنی مرۆڤ تەواوی بوونەوەرەکانی تریش بە هەموو وەرزەکاندا تێدەپەڕن. گەر بە ئارامگرییەوە چاوەڕوان بین، لە کۆتایی وەرزی زستاندا بەهار و هاوین هەر دێن، بەڵام شایەتی ئەوەش بووم کە ئەم وەرزانەش زۆر درێژە ناکێشن. هەربۆیە توشی هەر ڕووداوێک بووبێتم، لە جیاتی سەرنجدان لە ڕووکەشەکەی، هەوڵی تێگەشتنم لە ڕووی حیکمەتی ڕووداوەکە داوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سەرئەنجامی تێڕوانینەکانم و ئەو شتانەی فێریان بووم، ئەوەی تێگەشتووم بریتییە لە "ئەوەی لە بووندایە دەڕوات، هەموو فانییەکان دەمرن". وێڕای ئەوەی سەرئەنجامی ڕووداوەکان بەم شێوەیەیە، ئێمەی مرۆڤ کەوا هێشتا لە ژیانداین دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو کردارێکی نێو گەردوون بە گوێرەی نەخشە و پرۆگرامێک بەڕێوەدەچێت. تەنانەت ژیانی بچوکترین زیندەوەریش لە ژێر یاسا و ڕێسایەکدا بەڕێوەدەچێت. ئیدی مرۆڤێک کەوا وەک کاملترین کەسی نێو بوونەوەران بەدیهێنراوە چۆن دەبێت لە ژێر یاسا و ڕێسایەکدا نەبێت و بەرەڵا کرابێت. دەی کارێکی لەو شێوەیە هەتا چەندە گونجاوە؟

لەبەر تەواوی ئەمانەش، بە درێژایی گەشتی تەمەنمان، کەوا لە نێو شەمەندەفەری کاتدا دێین و دەچین، هەندێک جار دەچینە تونێلێکەوە و بەردەممان تاریکونوتەک دەبێت. دەبێت ئەوە بزانین کە دوای ماوەیەکی دیاریکراو بەردەممان ڕووناک دەبێتەوە. شەو-ڕۆژ و وەرزەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە هەر لەسەر ئەو هێڵە دیاریکراوەی شەمەندەفەرەکە دەڕۆین. هەڵوێستی ئەرێنی یان نەرێنیی ئێمە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی لەم کاتە دیاریکراوەدا توشمان دەبن، وەک تاقیکردنەوەی کەسیی هەریەک لە ئێمەیە. هەموو چرکەیەک بە تاقیکردنەوەدا تێدەپەڕین، سەرئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە دەردەکەوێت کە ئێمە خەڵوزین یان ئەڵماس.

لە حاڵێکی لەم شێوەیەشدا، ئەو زاتەی مرۆڤی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون و ڕەوانەی دونیای کردووە، سەیری هەڵوێست و هەڵسوکەتەکانی ئێمە دەکات. من لەو باوەڕەدام هیچ ڕووداوێکی تۆقێنەر ناتوانێت مرۆڤەکان

بسوتێنێت. گەشتی مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێت. هەربۆیە پێویستە لە بەرانبەر ڕووداوە ئازاربەخشەکاندا بێترس و خۆڕاگرانە بوەستین، ئەرێنیانە مامەڵە بکەین. سەرئەنجام ناسۆرییەکان وەک یادەوەری شیرینیان لێدێت. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەش بزانین ئەو قۆناغانەی ژیانیشمان کەوا بە ساتە جوانەکان ئەژماریان دەکەین هەر زوو تەواو دەبن و دەبێت بە گوێرەی ئەمە خۆمان ئامادە بکەین. کەسێک کەوا خۆی بۆ ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی ناو ژیان ئامادە کردووە، بێگومان ئاسوودەیی هەمیشەیی دەستدەکەوێت. مرۆڤ هەتا ئەو کاتەی بەم شێوەیە بیردەکاتەوە، هیچ ڕووداوێک توشی شڵەژانی ناکات.

چەند خۆشە پەروەردگارێک هەبێت کەوا مرۆڤەکان بپارێزێت و پاڵپشتییان لێ بکات. کەوایە بیرکردنەوە لەوەی گەردوون و ڕووداوەکان هەڕەمەکیانە ڕوودەدەن، بیرکردنەوەیەکی تۆقینەر نییە؟

لەم سۆنگەیەوە، بۆ ئەوەی لە دونیا و ئاخیرەتدا ئاسوودەیی بەدەستبهێنین، زۆر گرنگە لەو پەند و داناییانە بڕوانین کەوا لە ڕووداوەکانی نێو گەردووندا هەیە و هەوڵی لێ تێگەشتنیان بدەین. ئیدی دەتوانین ئەو تونێکڵ و قاوغەی لە دەرەوەی ئەمە دەمێنێتەوە، فڕێ بدەینە نێو هەوا و لافاوی شتە تیاچووەکانەوە. هەربۆیە لە چیرۆکەکانی ئەم کتێبەدا ڕووبەڕووی ئەم شتانە دەبنەوە.

# کتێبی گەردوون

لە کۆتا قۆناغی ئامادەییدا بووین. وەرزی بەهاریش هاتبوو. مامۆستای وانەی فەلسەفە، دوای ئەوەی مۆڵەتی لە بەڕێوەبەری خوێندنگە وەرگرت، خوێندکارانی کۆتا قۆناغی ئامادەیی بانگهێشتی باخچەی ماڵەکەی خۆی کرد. ماڵەکەشی لە خوێندنگەکەوە زۆر نزیک بوو.

ئەم کارەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا. بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ پراتیکی وانەی فەلسەفە دەبێت چۆنی بێت؟ لە دەرگایەکەوە کەوا زۆر ڕەونەقدار نەبوو، چووینە باخچەکەیەوە. ماڵەکەی بە گوێرەی دەروازەی چوونە ناو باخچەکە، لە بەشی پشتەوەی خانووەکەی بوو. زەوییەکەی لە ناوەڕاستدا بۆ دوو بەش جیا بووبووەوە. دوای ئەوەی لە دەرگاکەیەوە دەچوویتە ژوور، ڕێگەیەک چەشنی شریت کەوا نزیکەی ١٠ مەترێک فراوان بوو، هەتا بەردەم ماڵەکەی درێژ دەبووەوە. هەردوو لای ڕێگەکەش بە گوڵ ڕازێندرابووەوە. لای ڕاست، بە درەختی میوەداری جۆراوجۆر تەنرابوو. لای چەپیش دیسان بە درەختی میوەدار تەندرابوو. بەڵام ئەمیان کەمتر چڕ بوو، لە ناویدا هەموو جۆرە سەوزەیەک چێندرابوو. بەهۆی ئەوەی لق و گەڵای سەوزەکان ڕوویان لە زیادبوون دەکرد، کەمێک دووری یەکتر چێندرابوون. ئەو گوڵانەی لەملا و لەولای شریتەڕێگاکەوە

چێنرابوون، پشکوتبوون. هەموویان ڕەنگاوڕەنگ، گوڵپەڕی جیاواز و دەیان جۆر بوون... ڕێک چەشنی ئەوەی بە ڕووی مرۆڤدا پێبکەنن. باخچەیەک هەر وەک بەهەشت... لە ڕاستیشدا خاکی وڵاتەکەی ئێمە خۆی هەروا بەپیتە. هەموو لایەک سەوزایی بوو. گیاکان وەک ئەوە وا بوو بە هەیەجانەوە لە بنی خاکەوە سەریان دەرهێنابێت. ئەو گیایانەی نەخۆش و بێگیان بوون، هێندە کەم بوون کە دەکرێت بڵێین هەر نەبوون. لەلای چەپی ئەو دەرگایەی دەچوویتە ژوورەوە، ئەستێلێکی ئاوی لێبوو. قەباغێکی لە تەختە دروستکراویش کەوا هێندەی مەترێک بەرز بوو لەسەری دانرابوو. لەناو ئەستێلەکەدا ماسییەکان مەلەیان دەکرد سەتڵەئاوێکیش بە جەنجەڕێکی بەرزەوە هەڵواسرابوو. دەتتوانی سەتڵەکە شۆڕ بکەیتەوە و ئاو لە ئەستێلەکەوە هەڵبگۆزیت. قورساییەکیش بە پشتی جەنجەڕەکەوە بەسترابوو. کاتێک ئاوت هەڵدەگۆزی، تەنیا هێندە بەس بوو کەمێک زنجیرەکەی ڕابکێشیت.

هەر هێندەی لە باخچەکەوە پێمان نایە ژوور، مامۆستاکەمان گوتی:

– با سەرەتا شتێکتان پێشکەش بکەم، ئینجا بڕۆینە سەر پراتیکی وانەکەمان.

ئێمەی لە باخچەکەیدا جێهێشت و چووەوە ماڵەوە. لەگەڵ هاوڕێیاندا سەیری جوانییەکانی سرووشتمان دەکرد. پاش کەمێک مامۆستاکەمان دەرکەوتەوە. لەگەڵ کچەکەی هات کەوا لە قۆناغی ناوەندی بوو... مامۆستاکەمان سەتڵێکی گەورەی بە دەستەوە گرتبوو. مەراقی ئەوە لێی دابووین کە چیی تێدایە. سەتڵەکە پڕ بوو لە ماستاو. دوای



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەوەی سەتڵەکەی دانا، پەرداخە پلاستیکییەکانی لە دەستی کچەکەی وەرگرت، بە کەوچکێک پەرداخەکانی پڕ لە ماستاو کرد و فەرمووی لە هەموومان کرد. تەنانەت هەندێکمان دوو پەرداخیشمان خواردەوە. پاشان سەتڵە بەتاڵبووەکەی دایە دەستی کچەکەی.

— بیبەرەوە ماڵەوە کچم.

دواتر بوخچەیەکی لە دەستی کچەکەی وەرگرت. هەموومان لە چواردەوری مامۆستاکەمان کۆ بووینەوە. گوتمان پێدەچێت سوپرایزێکی بۆمان ئامادە کردبێت. هەمووومان مەراقی بوخچە ڕازاوەکەی لێی دابووین. مامۆستاکەمان گوتی:

— ئێستا کاتی تاقیکردنەوەکەمانە.

ئەو بوخچەیەی کردەوە کەوا بە نەخشونیگار ڕازێندرابووەوە. زۆر بە ڕێکوپێکی پێچرابووەوە. لەناویدا قوتووێک هەبوو کە لە کتێب دەچوو. دواتر بە کلیلێک قوتووەکەی کردەوە. دیسان لەناو ئەویشدا قوتووێکی هاوشێوەی کتێبی تێدا بوو. هەمووومان سەرمان سووڕمابوو. لەگەڵ دەرچوونی هەر قوتووێکی نوێدا زیاتر سەرسام دەبووین. کاتێک قوتووی دووەمی کردەوە، هەمدیسان لەناو ئەویشدا قوتووێکی لە دار دروستکراوی تێدا بوو. چواردەوری تەختە دارینەکە، لە ڕێگەی کاویەوە شێوازی کتێبی پێ درابوو. مامۆستا بەردەوام بوو لە کردنەوەی قوتووەکان، قوتووی چوارەمیش دەرکەوت. هاوڕێکانم لە قوتووەکان ورد دەبوونەوە. هەموویان هەتا بڵێیت بە جوانی دروست کرابوون. لەنێو قەپاغی ئەو قوتووە دارینانەی کە لە کتێب دەچوون، ڕاڤەی یەکێک لە ئایەتەکان نوسرابوو و باسی لەوەش دەکرد

کە خودا گەردوونی چۆن ئافراندووە. بە هەموویان ١٠ قوتوو دەبوون. لە هەریەک لە قوتووەکاندا باسی حەقیقەتێک کرابوو. هەریەکەشیان بە نەخشێک ڕازێندرابووەوە. کاتێک قوتووی کۆتایی کردەوە، قورئانێکی بەرگناڵتونیی تێدا بوو. ئەم قورئانەش بە دەستی یەکێک لە جواننووسە بەناوبانگەکان نووسرابوو، قورئانێکی موعجیزاوی بوو. ئەو هاوڕێیانەی دەستنوێژیان هەبوو، دەستیان کرد بە وردبوونەوە لە شاکارەکە. ئەم شاکارە، ئەوەی پیشاندەدا کە شێوازی نووسینی قورئانیش موعجیزەیە. تەواوی واژەکانی ئەڵڵا لەژێر یەکدا نووسرابوون و مامۆستاکەمان کاتێک زانیی لە وردبوونەوەکەمان تەواو بووین، دەستی بە قسە کرد:

— دەی بزانم بوخچەی جیازیی کچەکەمتان بە دڵە؟

— زۆر جوانە. بە ڕاستی بیرۆکەیەکی زۆر ناوازەی سەرسووڕهێنەرە.

— با ئێستا بچینە سەر وانەکەمان...

هەمووماني لەژێر داربادەمێکدا دانیشاند.

— کوڕینە، ئێستا با باسی زنجیرەی ئەو ڕووداوانەتان بۆ بکەم کە بە شێوەیەکی کامڵ پلانڕێژییان بۆ کراوە. هەر بۆیە حەزم کرد خۆیشتان ڕاستەوخۆ پڕۆژەکان ببینن. کتێبێکی وەهاتان پێ دەناسێنم کە لەنێو خۆیدا چەندین کتێبی هەڵگرتووە. تەنانەت لەنێو هەر کتێبێکیدا، ملیۆنان کتێبی تر حەشاردراوە. لەسەر هەر وشەیەکی ئەم کتێبە، کتێبێک نووسراوە. کتێبێکی پڕ پەرجووی وەهایە، هەر دێڕێکی هێندە واتادارە کەوا کتێبێکی تری لێ دەردەچێت. گەر لەنێو دەستی ئێوەدا کتێبێکی پڕپەرجووی لەو شێوەیە هەبوایە، بیرتان لە چی دەکردەوە؟



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ڕاستیدا، کاتێک مامۆستا وتی "پلان و پرۆژەکانتان پیشان دەدەم"، سەیرێکی لای ڕاست و چەپی خۆمانمان کرد، شتێکی وەهامان بەدی نەکرد، سەرمان لە قسەکانی سووڕمابوو. زیاتر لەمەش، ئەو کتێبە ناوازەیەی مامۆستا باسی دەکرد، دەبوو لە کوێدا بووایە؟ زۆرێک لە هاوڕێیان وتیان:

– مامۆستا ناگونجێت کتێبی وەها هەبێت.

هەندێکیشمان بە مەراقی ئەوەی کە ئاخۆ لە پشتی ئەم قسە سەیرانەوە چی بیرۆکەیەکی سەرسووڕهێنەر دەردەچێت، بێدەنگ بووبووین.

مامۆستاکەمان هەمیشە بە شێوازێکی جیاواز بیری لە ژیان و بیرکردنەوە دەرخکراو و خووپێوەگیراوەکان، دەکردەوە. باسی لە ڕووە جیاوازەکانی ڕووداوەکان دەکرد، ڕاڤەی جیاوازی دەخستنە سەر. باسی بەشە بەچاوبینراوەکانی شتەکانی نەدەکرد، بەڵکوو بیرکردنەوەی ئێمەی بەرەو ڕازە شاراوەکانی شتەکە و لایەنە پەندئامێزەکانی، دەجولاند. هەردەم دەیگوت: "گرنگترین تایبەتمەندیی مرۆڤ ئەوەیە کە هەمیشە بیر دەکاتەوە". لە دڵی خۆماندا گوتمان کتێبێکی لەو شێوەیە بوونی نییە، ئێستا مامۆستا ڕاڤەی قسەکانی خۆی دەکات، بەڵام ئەو: "ئێستا ئەو کتێبەتان پێدەناسێنم." لە گوتنەوەی وانەکانیدا، هەردەم چەشنی شانۆکارێک ڕۆڵی دەبینی. بە شێوەیەکی وەهاش دەچووە ناو کەشی ڕۆڵەکەی خۆیەوە، ئەو خوێندکارانەی سەیریان دەکرد، جگە لەو شانۆگەرییەی سەیریان دەکرد، بیریان لە شتی تر نەدەکردەوە. لەم کاتەشدا

چووبووە ناو هەمان کەشەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کاتێک ٣ پۆلی خوێندنگە تێکەڵی یەکتر دەکران و دەبووە ژاوەژاو. بەڵام ئەم جارەیان خوێندکارەکان پیلانی تێکدانی وانەکەیان دانەڕشت، چونکە بابەتەکە سەرنجی ڕاکێشابوون، مامۆستا دەستی بە گوتنەوەی وانەکەی کرد:

– ئەو کتێبەی پێشتر ئاماژەم پێ دا، بە کتێبی گەردوون ناوی دەبەین. بەشێکی ئەم کتێبە لە کۆمەڵەی خۆر پێک هاتووە، بەشێکیشی لە ڕێگەی شیری/کاکێشان، بەشەکەی تریشی لە کۆمەڵەئەستێرەیەکی تر. یەکێک لە خوێندکارەکان لەو کاتەدا گوتی:

– مامۆستا ئاخر ئەم بیرکردنەوانە تەنیا بیردۆزن.

– نەخێر، تەنیا بیردۆز نین؛ بەڵکوو خودی حەقیقەتن.

ئیدی ئێمەی بردە لای ئەو تەلەسکۆبەی کە لە سووچێکی باخچەکەیدا جێگیری کردبوو. هەمووومان لە کەشێکی سامالدا، سەیری ئەستێرە و تەنە ئاسمانییەکانمان کرد.

– گەر باوەڕتان بە چاوی خۆتان هەیە، ئەوا ئێستا بینیتان.

دواتر دیسان گەڕاینەوە بۆ ژێر درەختی بادەمەکە.

– مادام پێتان وایە ئەستێرەکان لە ئێوەوە دوورن، ئێستا لە نزیکەوە وشەکانی ئەم کتێبەتان پێ پیشان دەدەم. تەنانەت دەتوانن خۆیشتان دەستیان لێ بدەن. هاوڕێکانم بە سەرنجەوە گوێیان لێ گرتبوو. بەڵام لەو ناوەدا کتێبێکی وەهای لێ نەبوو کە بە دەست بگیرێت. نەویش لە باسەکەی بەردەوام بوو:

– یەکێک لە لاپەڕەکانی کتێبی گەردوون دونیایە. با هەریەک لە مرۆڤەکانیش وشەیەکی ناو کتێبی دونیا بن.

یەکێک لە هاوڕێکانمانی بانگ کردە لای خۆی:

– ئەم هاوڕێیەی خۆتان دەبینن. گەر لاپەڕەیەکی کتێبی دونیا ئەم هاوڕێیەی ئێوە بێت، دەشێت تەنیا یەک وشە بێت، وا نییە؟

– بەڵێ، وایە.

– خۆ لە وشەی مرۆڤدا، کتێبێکی گەورەی وەک چاو دەبینن؟

ئیدی لەو کاتەدا چاوی هاوڕێکەمانی پیشان داین.

– ئەمەش کتێبێکی تر بۆ ئێوە.

هەموومان دیسان سەرمان سووڕمایەوە. نامیلکەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنا کەوا باسی لە بەشەکانی چاو دەکرد. ئەمەش نامیلکەی یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بوو. سەبارەت بە چاوی مرۆڤ زانیاریی دەدا، باسی نەخۆشییەکانی چاوی دەکرد. هەندێک شکڵوشێوەی جیاواز کێشرابوون. ئیدی نامیلکەکە دەستاودەست سووڕێندرایەوە. لە ناویدا هەموو زانیارییەک سەبارەت بە چاو باس کرابوو. هەموومان سەراسیمە بووبووین. مامۆستاکەشمان سەبارەت بە چاو زانیاریگەلێکی زۆری هەبوو.

– ئەها با کتێبێکی تری ناو مرۆڤتان پیشان بدەم: پێست.

دیسان لە جانتاکەیەوە نامیلکەیەکی ڕەنگاوڕەنگی دەرهێنا کە بە وێنەوە باسی لە پێست و نەخۆشییەکانی دەکرد، دایە دەستی ئێمە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- مێشکیش لە مرۆڤدا کتێبێکی ترە. بەڵام لەنێو کتێبی مێشکدا، چەندین کتێبی تر هەیە.

دواتر ئەندامەکانی تری جەستەمانی ژمارد:

- گەدە، گورچیلە، سی، جەرگ، دڵ... هتد. هەریەک لە ئەندامەکانی جەستەمان کتێبێکە بۆ خۆی.

- هەریەک لە خڕۆکە سوورەکان هونەر و کتێبێکی جیاوازن، هەریەک لە خڕۆکە سپییەکانیش هونەر و کتێبێکی جیاوازن. ئێستا با کەمێک پشوو بدەین.

دواتر سەتڵێکمان لەو فەریکەبادەمانە پڕ کرد کە پێشتر مامۆستا لە داربادەمەکانی کردبووەوە. لە بیرەکەش ئاومان دەرهێنا و شۆردمانەوە. پێکەوە دەستمان بە خواردنیان کرد. زۆر خۆشە لە قەرەباڵغیدا شتێک بخۆیت. هاوڕێکانم خەریکی حەپیشاندنی بادەمەکان بوون. مامۆستاکەمان:

- زۆر ماندوو بوون، سەرنج لەوە بدەن لەمرۆدا ملیۆنان کتێب دەخوێننەوە، دەی بخۆن.

کاتێک خواردەمەنی هاتە بەرەوە، ئیدی کێ گوێ لە مامۆستا دەگرێت؟ هەموومان لە فەریکە بادەمەکانمان خوارد. دواتر مامۆستا بۆ ماوەی ١٥ خولەک مۆڵەتی پشووی پێ داین. ئەمەش وەک پشووی نێوان وانەکانمان بوو. مامۆستاکەمان لەگەڵ ئێمە بادەمی دەخوارد. لە ماوەی ٥ خولەکدا فەریکەکانی ناو سەتڵەکە تەواو بوون. مامۆستاکەمان دیسان گەڕایەوە بۆ ڕۆڵەکەی خۆی، ئەم جارەیان داربادەمەکەی پیشان داین.

— داربادەم بۆ خۆی کتێبێکە. تەنانەت گەر هێندەی مرۆڤیش نەبێت، هەر کتێبێکی گرنگە، ئیدی چەشنی ڕووەکناسێک باسی ئەو درەختەی بۆ کردین.

— ڕەگی ئەم وشەی درەختەش بۆ خۆی کتێبێکی ترە. قەدەکەی کتێبێکی جیاوازە، گەڵاکانیشی کتێبێکی جیاوازترن، شێوازی هەناسەدانیان کتێبێکی جیاوازترە، گوڵی بادەم کتێبێکی ترە، ئەندامی نێرینە و مێیینەی ناو ئەم گوڵەش کتێبێی ترە، ئایا ئەم کتێبە زۆر ئەستوور نییە؟ لەو تۆوەی لەنێو فەریکەکەدا دروست دەبێت، تەواوی تایبەتمەندییەکانی درەختەکە نووسراون، ئێوەش خواردتان، ئایا ئێوە ئەمەتان بە چاوی خۆتان بینی؟ (کاتێک ئەم پرسیارەی کرد، هەموو لایەک بێدەنگ بوون.) هەموو بەهارێک، گەر تۆوی بادەم فڕێ بدەیتە ناو خاکەوە، درەختێکی بادەمی لێ دەردەچێت. وشەی خاکیش کتێبێکی وەهایە، خاوەنی زانیاری و توێشوویەکی وەهایە کە ٢٠٠ هەزار جۆری گیای لێ دەڕوێت.

پاشان چنگێک خۆڵی هەڵگرت و فووی لێ کرد و ڕشتییەوە سەر زەوی. ئایا ئێوە ئەم زانیاری و توێشوووەتان لەم خاکەدا بینیوە؟

— نەخێر، نەماندیوە.

— بەڵێ، لەم خاکەدا ئەو توێشووە هەیە، خۆ ئەو گوڵ، سەوزە، تەماتە و درەختانە دەبینن کەوا لە باخچەکەی مندا هەن؟ هەموویان لەم خاکەوە دێنە دەر، کەواتە لەم خاکەدا ئەو زانیاری و توێشووە هەیە. ئایا وایە؟

— نەخێر، خاک بێگیانە، زانست و ویستی نییە.

دواتر ئێمەی بردەی لای داری گوڵێک، باسی لەوە کرد کە ئەویش بە هەمان شێوە کتێبە. باسی لەوە کرد کە هەندێک لە گوڵەکان دەبنە تۆو و دەمرن، هەندێکیشیان سەرلەنوێ گوڵیان لێ دەڕوێتەوە.

– هەر بۆیە لەم باخچەیەدا ملیۆنان وشە هەن... لەنێو هەریەک لە وشەکانیشدا ملیۆنان کتێب... باخچەکەی منیش پڕە لە کتێب، کەواتە هەزاران کتێبخانەی تێدایە. ئایا دەتوانن ببینن؟ لەم گەردوونەی کەوا ئافرێندراوە، لەو لاپەڕەیەی کەوا بە دونیا ناو دەبرێت، بابەتی ئەوەی گوتمان وشەی هەریەک لە بوونەوەرەکان کتێبێکی جیاوازە بۆ خۆی، بەم شێوەیەیە. گەر هەڵەیەکم هەیە، پێم بڵێن.

ڕێک لەو ساتەدا، باڵندەیەک کەوا بەسەر لقی یەکێک لە درەختەکان نیشتەوە، سەری یەکێک لە هاوڕێ کچەکانمانی پیس کرد. هەموومان کەوتینە پێکەنین. مامۆستاکەمان شانی خوێندکارەکەی بە دەستەسڕێک پاککردەوە.

– دەزانن باڵندەکە چیی گوت؟ دەڵێت منیش لەبیر مەکەن. دەڵێت منیش وشەیەکم. لەنێو وشەی باڵندەشدا چەندین کتێبی نوسراو هەیە.

ئیدی ئەو مێروولانەی لەسەر زەوییەکە دەسووڕانەوە، خاڵخاڵۆکەکان، ئەو مارمێلکانەی بەلاماندا تێدەپەرین، هەزاران زیندەوەری بە نموونە هێنایەوە.

– هاوڕێیان، ئەم باخچەیە کتێبخانەی منە، کتێبەکانی ناو ئەم کتێبخانەیە دەخوێنمەوە.

وەک ئەوە وا بوو کەمێک ماندوو بووبێت. دواتر بەم شێوەیە بەردەوام بوو:

– ئایا پێویست بە ناسینی نووسەری کتێبێکی پڕپەڕجووی لەم شێوەیە ناکات؟ گەر خۆمان بە مرۆڤ بزانین، ئەوا پێویستە ئەو هونەرمەندە بناسین کە خاوەنی زانستی بێکۆتایە، دەنا لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا جیاوازییەکمان نامێنێت. لەنێو کتێبی گەردووندا دەخۆین، دەخۆینەوە، دەژیین و دەمرین. هەمووتان ئەوەتان قبوڵە کە مرۆڤایەتی پێگەیەکی باڵای هەیە. مادام وایە، بەلای کەسانێکی خاوەنئەقڵ و ژیرییەوە، خودایەک کەوا لە ڕێگەی ئافراندنی گیاکانی ناو ئەم باخچەیەوە دەیەوێت خۆی بە ئێوە پیشان بدات و بناسێنێت، بێ گومان دەبێت بیناسن و ستایشی بکەن.

دواتر ئێمەی بەرەو دارێکی گێلاس برد کە تازە خەریک بوو سەوز دەبوو.

– خودا وەها دەوڵەمەند و زەنگینە، دەتوانن سوود لە کتێبەکان و هونەرەکانیشی وەربگرن. زۆرینەی هاوڕێکانم لەوە ترسان کە لە گێلاسەکە بخۆن. ئەوانەشی لێیان خوارد، بیریان لەوە کردەوە کە تۆوەکەی شاکارێکی هونەرییە و، هەوڵی ئەوەیان دا بیشارنەوە. دوای تێپەڕینی دوو کاتژمێر، کاتی وانەکەمان تەواو بوو. پاشان مامۆستاکەمان گوتی:

ئایا بەرگی قورئانەکەی من جوانە، یان کتێبی گەردوون؟ کام لە هونەرمەندەکان کارامەترن؟

بە ڕاستی کاریگەریی لەسەر هەموومان دانا. بە شێوەیەک هەستمان

بەوە دەکرد کە خوا لەلامانەوەیە و لێمان نزیکە. ئیدی ئەگەری بێباوەڕبوونی ئەو خوێندکارانەی لەم وانەیەدا بەژداربوون لە ئارادا نەمابوو. چونکە هەموومان لەوە تێگەشتین کە هیچ شتێکی ناو گەردوون بە هەڵکەوت نییە، هەموو شتێک پەندێک لە ئافراندیدا هەیە و هەموو شتێکی ناو گەردوونیش باسی ئەو دەکات. لە سایەی ئەم وانە پراتیکییەوە کەوا بەناو باخچەکەدا گەڕاین، فێری بیرکردنەوە بووین.

****

ئەو شتانەی میواندارییەکە بیری خستینەوە

کاتێک بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتم، هەستم بە ناڕەحەتییەکی زۆر دەکرد. توڕە بووم بەرانبەر ئەوەی ژووری مامۆستایانیان لە دوو قاتی سەرووتر دانابوو. دڵم بە پەلەپەل لێی دەدا، هەوڵی ئەوەم دەدا یەکە بە یەکە پلیکانەکان ببڕم. کاتێک گەیشتمە ژووری مامۆستایان، هەموویان لەگەڵ یەکتری گاڵتەیان دەکرد. ڕەنگە لەبەر خاتری پیرییەکەم بووبێت کە کەمێک ڕوویان پێ دەدام. کاتێک دەچوومە ژوورەوە، هەوڵی ئەوەم دەدا فریای وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بکەوم کە دەیانگوت "مامۆستا، بەخێر بێن! ئەحواڵتان چۆنە، باشن؟"

گەنجێکی شەرمنم بەرچاو کەوت، کە لە بەشی پشتەوەی ژوورەکە دانیشتبوو. سمێڵی تازە گووگرە بووبوو، هەرزەکارێکی چەشنی نێونەمام بوو. جگە لەمە، پاکی و شەرمنیی گەنجەکە لە زووزوو سەردانەواندنیدا،

خۆی ئاشکرا دەکرد. چاوێکم پێدا گێڕا، هەر دەبوو ئەو مامۆستایەی وانەی زیندەزانی بێت کە تازە هاتبوو. وەک ئەوەی بەڕێوەبەرەکەمان باسی دەکرد، دەرچووی کۆلیژی زانست بوو. مامۆستا گەنجەکە ئاشنا دەهاتە بەرچاوم. دیسان سەیرێکم کردەوە. وەک ئەوە وا بوو بیناسم. گەنجەکەی بەردەمم چاوی بڕییە من:

– مامۆستا گیان، منتان ناسییەوە؟

فریای ئەوە نەکەوتم ناوەکەی بڵێم:

– مامۆستا، من یەکێکم لە خوێندکارە دێرینەکانی ئێوە، فازڵی مامۆستای زیندەزانیم.

باوەشم پێدا کرد. لە ڕاستیشدا هەر کاتێک یەکێک لە خوێندکارە دێرینەکانی خۆمم بدیتبا، دڵم پڕ دەبوو. خەیاڵم، لەگەڵ دڵمدا کەوا بە پەرۆشەوە لێی دەدا، بۆ پێش ١٥ ساڵ گەڕایەوە. بەرەو پۆلی ٣-ج کە یادگاریی تاڵ و شیرینی زۆری تێدا بوو... میواندارییەکەی ئەو کاتەم بیر هاتەوە. لەو میوانداریيەدا، بە سەرنجەوە لە فازڵ ورد بووبوومەوە. هەر لەو کاتەوە دیار بوو کە شایەنی بوون بە مامۆستایە.

وا بزانم ڕۆژێکی پشوو بوو، منداڵەکان منیان بانگهێشتی خوێندنگە کردبوو. منیش بۆ ئەو خوێندنگەیە ڕۆشتم کە زۆرم خۆش دەویست و یەکەم جاریشم بوو ئەرکی مامۆستایەتیی تێدا ببینم. وا بزانم خوێندکارەکان خەریکی ئامادەکردنی چالاکییەک بوون کە کوڕان و کچانیش پێکەوە تێیدا بەشدار بوون. کتوپڕ سەرێکم لە پۆلی بەراییەکان

دا، پڕ بوو لە خواردەمەنی. پاشان بە خێرایی بەرەو ژووری کارمەندەکان چووم. مامۆستای وانەی زانست لەوێ کاری دەکرد. دواتر، سەرەتا سەری خوێندکارێکی بێگەرد، پاشان جەستەی دەرکەوت. بە پێکەنینەوە:

— فەرموو مامۆستا.

گەر هەڵە نەبم، ناوی شەننور بوو. لەسەر مێزەکانی ژووری وەرشەی ئابووری، کێک، کولیچە، چەرەس و زۆر خواردەمەنیی تر بە ڕێکوپێکی ڕیز کرابوون. لە بەرانبەرمدا هاشم وەستابوو کە بە ڕازەکانی ناخییەوە سەیری دەکردم، بە پێکەنینەوە کورسییەکەمی نیشان دام و زیاتر لەوانی دی، ڕۆحێکی باوکئاسایانەی هەبوو. چاوێکم بەسەر خوێندکارەکانی تریشدا گێڕا. لە هەموویاندا پەرۆشی ئەنجامدانی کارێک هەبوو. لە بەرانبەرمدا فازڵ دیسان هەر وەک ئەمڕۆ بە شەرمنی وەستابوو، بەدەم زەردەخەنەیەکی کاڵەوە لە خوارەوەی دەڕوانی. وەک ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرانبەرمدا وەستابوو:

— فەرموو مامۆستا گیان.

هێشتا هەموو خوێندکارەکان لە بەرچاومدا بوون؛ عائیشە کەوا بە کارامەیی سەمونەکانی دەبڕی، دەموچاوە پڕ زەردەخەنەکەی زیهنی و بیرکردنەوەکانی کەوا هەر خۆم و خۆی دەمانزانی. سەرپیلیش لەسەر کورسییەک دانیشتبوو لەنێو چەند هەستێکی تێکەڵدا، حاڵی لەو جیاوازتر نەبوو. ئەویش پێدەکەنی. وا بزانم تەریق بووبووەوە، لە شوێنی خۆمدا ئیستێکم کرد و لێیم ڕوانی. کاتێک گوتم: "دانیشە کچم"، ئەویش لەسەر کورسییەکە دانیشت. لە بەرانبەر ئەویشدا حاجی وەستابوو، بە

چاوە شینەکانییەوە پێکەنینی بەسەر چواردەوریدا دەباراند. موڕادیش، بە جددیەتەوە زەردەخەنەکەی خۆی شاردەوە، بە خواردەمەنییەکانی بەردەمییەوە خۆی خەریک کرد. ئێراش هەم پێدەکەنی و هەم چەمییەوە و شتێکی بە گوێی شەنۆڵدا چرپاند کەوا هەر زوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا پەیوەندیی خۆی گەرم دەکرد. لەو کاتەدا کەمێک بەرانبەر قسە نهێنییەکانی نێوانیان ناڕەحەت بووم. لەپڕێکدا دەنگی شەننورمان بیست:

– چایەکانتان بخۆنەوە!

بە ئاستەم بیرم ماوە، بەڵام وا بزانم شەننور برای بچووکی شەنۆڵ بوو. وێڕای ئەمەش، گەرموگوڕی و تەربیەتەکەی هیچی لەوەی شەنۆڵ کەمتر نەبوو. لەپڕێکدا لە بەرامبەردا مامۆستا قوبیلام بینی، بێزار دەردەکەوت. ڕەنگە ڕۆژانی خوێندکاریی خۆی بیر کەوتبێتەوە، دەموچاویی ترش و تاڵ کرد، هیچ شتێکی بۆ نەخورا.

قوبیلای بە بێدەنگی لە سووچێکدا بیری دەکردەوە. پێدەچوو یادەوەرییە کۆنەکانی خۆی بیر کەوتبنەوە. ویستم هاوبەشی خەمەکەی بم. جارانی پێشوو کاتێک نوکتەم دەگێڕایەوە، ئەویش زۆر پێدەکەنی، بەڵام لەو کاتەدا نەمتوانی بیخەمە پێکەنین. کێک، چاو و هێلکەی سەر مێزەکە هێدی هێدی بەرەو تەواوبوون دەچوون، خوێندکارەکانیش هەتا بڵێیت دڵخۆش بوون. کچەکان چرپەچرپیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. هاشم وێڕای ئەوەی بە خواردنەکانی بەردەمییەوە مەشغوڵ بوو، بەڵام دڵی لە جیهانگەلێکی تردا لێی دەدا. موڕادیش نازانم بیری لە چی دەکردەوە. فازڵیش بستەکانی فڕێ دەدانە ناو دەمی، لە هەمان کاتدا

هەوڵی تەواوکردنی هێلکە باسترماوییەکەی دەدا. خزمەتگوزارێکیش بە ناوی ئیسماعیل ئەفەندی کە لە سووچێکی مێزەکەوە دانیشتبوو، چاوە بێبرۆکانی بەسەر خواردەمەنییەکاندا دەگێڕان. عائیشە بە چاوە گەورەکانی باسی شتێکی بۆ سەرپیل دەکرد. ئەم گەنجانە کەوا تازە پێیان نابووە تەمەنی هەرزەکارییەوە، هەتا بڵێیت پڕ جۆشوخرۆش و جوڵە بوون. مامۆستای زانست کە کەسێکی بەسۆز بوو، توند خۆی گرتبوو هەتا هەستەکانی نەگۆڕێن بە فرمێسکی چاو. پاشان ئێرای نوکتەیەکی گێڕایەوە. خوێندکارەکانی تریش خەریکی شیعر، نوکتە، سروود و گۆرانی بوون... منیش شیعرێکم خوێندەوە. پێکەوە لەگەڵ ئەوان سروودی "لە گوڵی زەردم پرسی"مان گووتەوە.

– گوڵ دەڵێت ئەی مامە دەروێش مردن لە ئێمە نزیکە.

دوای چەند نوکتەیەک چایەکان تەواو بوون. لەگەڵ منداڵەکان ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی یاریی باڵە بکەین. لە ساڵۆنی وەرزش، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باڵەمان دەکرد. کاتێک زەنگی خوێندنگە لێیدا، وام زانی فیکەی ئەو کاتەی هەڵدانی تۆپی باڵەکەیە. کاتێک سەیری کاتژمێرەکەم کرد، کاتی وانە هاتبوو. بە لەرز و حەسرەتی ڕۆژانی ڕابردووەوە، یادگارییەکانی میوانداریيەکەی ڕۆژی شەممەی پێش ١٥ ساڵی ئەو خوێندگە ناوەندییەی یەکەم شوێنی دەستبەکاربوونم بوو، لە خەیاڵمدا زیندووبوونەوە.

دوای ئەوەی وانەکان تەواوبوون، فازڵ هات بۆ لام. هەردووکمان وانەمان نەبوو. دەمویست سەیری بەشە ڕاستەقینەکانی تری فیلمی ژیان

بکەم و بیزانم. پرسیاری هاوڕێ دێرینەکانی فازڵم کرد.

– مامۆستا، زیهنی بووەتە پارێزەر، لەگەڵ سەرپیلدا هاوسەرگیرییان کردووە.

خۆم هەر زووتر پێشبینیم کردبوو.

– مورادیش ئەفسەری سوپایە. عائیشە ئێستا مامۆستای وانەی ئابوورییە. گوڵسوم و ئێردۆغانیش بوونەتە پزیشک. خالید ئێستا بەڕێوەبەری پۆلیسە. شەنۆڵ خەریکی بازرگانییە، لە هەمان کاتدا سەرۆکی ژووری بازرگانییە. عیرفانیش وەک ئێوە مامۆستای مێژووە.

باسی زۆرێک لە هاوڕێکانی تری کرد. جارێکیان لەسەر عیرفان، لەگەڵ مامۆستای بیرکاری بووە شەڕمان. چووبوو لە وانەی بیرکاریدا کتێبی وانەی مێژووی خوێندبووەوە، مامۆستاکەشی هاتبوو منی تاوانبار دەکرد. ڕۆژێکیان مامۆستایەکی تری بیرکاریش بە هەمان شێوە یەخەی منی گرت:

– ئەرێ تۆ چی لەم منداڵانە دەکەیت؟ کاتێک وانەیان پێ دەڵێم، ئەوان کتێبی مێژوو دەخەنە ژێر مێزەکانیان و دەیخوێننەوە.

– من هیچیان لێ ناکەم، تەنیا بابوباپیرانی خۆیان لەلا خۆشەویست دەکەم.

قسەکانی نێوانمان منیان زۆر خرۆشاندبوو.

– کاتی زۆرمان بە دەستەوەیە هەتا باسی یادگارییەکانمان بکەین.

– بەڵام مامۆستا تا باسی ئەم شتە نەکەم، ناڕۆم. ئێوە لە ڕێکەوتی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٨ی ئازاردا، لەساڵیادی سەرکەوتن لە جەنگی چەناقەلە، بۆنەیەکتان ڕێکخستبوو. ئێوە لە وتارەکەتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە سەربازەکان باوەڕیان بە ژیانی ئاخیرەت هەبووە و لەپێناو ڕزگارکردنی دین و وڵاتەکەماندا جەنگاون، بەم هۆیەوە ئەوانت بە شەهید ناوزەند کرد. خۆ بیرتان ماوە کە پارێزگاری ئەو کاتە، بەم هۆیەوە مانگێک ئێوەی لە خوێندنگە دوورخستەوە. تووشی لێپرسینەوە بووبوون.

– بەڵێ، ئیدی ئەو ڕۆژگارانە بەسەرچوون.

– مامۆستا لە سایەی کەسانێکی وەک ئێوەوە بەسەرچوون!

– نا گیانی من. هەموو شتێک هەر بە ویستی خودایە. چاکەکان لە خوداوەن، خراپەکانیش لە نەفسی خۆمانەوە...

– نەخێر مامۆستا، ئەو ڕۆژگارانە بە تەواوی بەسەر نەچوون، هێشتا بیردۆزی پەرەسەندن چەشنی ئەوەی زانستێکی سەلمێندراو بێت، لە زانکۆکاندا وەک وانە دەگوترێتەوە. ئینجا پێگەیاندنی مرۆڤی بێدین، سوودی بۆ کێ هەیە؟

ڕاستی دەگوت. لەم سەردەمەشدا دوژمنانێکی دینیی وەک ئەوەی سەردەمی ئێمە هەبوون. بەوپەڕی خێرایی خۆیانەوە بەردەوام بوون لە کارەکانیان. ئیدی لێرەدا لە یەک جیا بووینەوە.

لە دوای خواردنی نانی ئێوارە، باسی فازڵی مامۆستا نوێکەی وانەی زیندەزانیم کرد. باسی ئەوەم بۆ کرد کە کات چەندە خێرا تێدەپەڕێت.

– بەڵێ، ئەی منداڵەکان لە کوێن؟

لە ڕاستیدا هەر چوار منداڵەکەمان لە شوێنی جیاجیا بوون. هەموویان زانکۆیان تەواوکردبوو، کاریان دەکرد. هاوسەرەکەم خەفەت دایگرت. دەستی بە گریان کرد. ئەو کوڕەمان بیر کەوتەوە کەوا لە تەمەنی چوار ساڵیدا وەفاتی کرد.

– تۆ لە کاتی خۆیدا چارەسەری ئەو کوڕەمانت نەکرد. گەر وازت لە مامۆستایی بهێنایە و کارت بکردایە، هیچ نەبێت پارەت دەبوو. پزیشک وتی: "دڵی ئەم منداڵە کونە". تۆش لەبەر ئەوەی پارەت نەبوو، ئینجا کەمێکیش پشتگوێت خست، ئەو کوڕەت کوشت. هەر هێندە دەزانیت بچیتە خوێندنگە و بگەڕێیتەوە. ئیدی هیچی تر نازانیت.

لەم کاتەدا هاواری بەسەردا کردم.

– حاشا ژنەکە! شوکرانەی ئەڵڵا بکە، ئەوەتا ٤ منداڵت لە ژیاندا ماون، هەموویان دەڵێی پەڕەی گوڵن، ماشەڵڵا. خودا دەیدا و هەر خۆیشی دەیباتەوە. سەیرکە لە ئێستادا هەزاران منداڵی وەک فازڵمان هەیە.

بەڵام هاوسەرەکەم هێشتا هاواری دەکرد:

– ئەوان منداڵی تۆن، منداڵەکانی منیش چەشنی زڕمنداڵی تۆن، تەنیا خوێندکارەکانت بە منداڵی ڕاستەقینەی خۆت دەزانی.

بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە توڕەبوونەکەی، چەشنی دوژمنێک تەماشامی دەکرد. منیش بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕم:

– وا مەڵی ژنەکە! بیرت ماوە کە بۆ یەکەم جار خەندانی کچمانمان

شۆری؟ دەترساین لەوەی بیشۆین. ئێستا گەورە بووە، ئەم ساڵ خەریکی دکتۆراکەیەتی.

– سەبارەت بەو بابەتەش دەمم مەکەرەوە! بە بیانووی ئەوەی پارەی تەکسیت پێ نییە، منت ناچاری ئەوە کرد لەماڵەوە منداڵم ببێت. زۆرت پێ چەشتم.

ئیدی لەوە تێگەشتم ئەم ئێوارەیە هەرچییەک بڵێم ئەو هەر لێم تووڕە دەبێت، ناچار کتێبێکم گرت بە دەستمەوە و لە تەنیاییدا ڕۆچووم.

خانم، تەلەفۆنەکەی بە دەستییەوە گرت و قسەی لەگەڵ یەکە بە یەکەی منداڵەکان کرد، چەشنی ئەوەی بیەوێت لە چاکبوونیان دڵنیا بێتەوە، پرسیاریگەلێکی لە هەموویان کرد. گەرچی ئەو ئەوەی لەبیر کردبوو کە خاوەنی ڕاستەقینەی منداڵەکان خودایە. ئێمە چیمان کردبوو بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی منداڵ؟ لە تووڕەیی خۆیدا تەلەفۆنەکەی بە منیش نەدا، وا بزانم منداڵەکان لە تەلەفۆنەکەیاندا پرسیاری حاڵی منیان لێ دەکرد، ئەویش لە وەڵامدا:

– قابیلە چۆن بێت، هەر وەک هەمیشە سەری بەنێو کتێبەکانیدا کردووە، لەنێو کتێبەکاندا خۆی دەشارێتەوە.

کاتێک تەلەفۆنەکەی داخستەوە، هێشتا تووڕەییەکی مابوو:

– هیچ ئاگات لە من نییە، دوو ڕۆژە هەناسەم بۆ نادرێت، با بچینە لای پزیشک، کاتێکم لە پزیشکێک بۆ وەرگرە.

منیش بەوپەڕی خەجاڵەتییەوە، بێدەنگانە گوتم: "باشە خانم".

ڕۆژی دواتر کاتمان لە پزیشکێک وەرگرت و چووینە نەخۆشخانە. زۆر قەرەباڵغ بوو. خانمەکەم هەر بە ڕاستی دژوار هەناسەی بۆ دەدرا. کاتێک لەوێ چاوەڕوانیی چوونەژوورەوەمان دەکرد، پزیشکێکی ژن هاتە لامان و لەپڕێکدا:

— مامۆستا ئەوە تۆیت؟

— ئەها ئێستا ناسیمیتەوە!

پاشان بە هاوسەرەکەمم گوت ئەمە زویڵەیخایە لە خوێندنگەکەی ترمەوە. پاش ئەوەی گوتی "مامۆستا وا بزانم ئەمە هاوسەرتە"، پێکەوە لەگەڵی چووینە ژوورەکەی خۆی. ئەوەش یەکەم جار بوو کەوا خانمەکەم دڵی بە مامۆستابوونم خۆش بێت. کاتێک من لە ژوورەکەدا دانیشتبووم، هاوسەرەکەمی برد و چەند شیکاری و فیلمێکی تیشکی پێویستی بۆ گرت. نزیکەی دوو کاتژمێر لەوێ چاوەڕوانیم کرد.

— براژن ئێوە جارێک لێرە دانیشن، با من کەمێک لەگەڵ مامۆستاکەم دەردەدڵ بکەم.

دوای ئەوەی لەسەر کورسییەک ئەوی دانیشاند، پێکەوە بەرەو کافتریان ڕۆشتین.

— مامۆستا با هەم نان بخۆین و هەم قسە بکەین.

کاتێک چاوەڕێی هاتنی خواردەمەنی بووین:

— مامۆستا هەواڵێکی خراپم پێیە، با براژن نەیبیستێت، بەڵام وا بزانم هاوسەرەکەتان شێرپەنجەی هەیە.

منیش لەو کاتەدا ڕاچڵەکیم. خۆم لەنێو ساڵانی پیریدا بووم و، گەر هاوڕێی ژیانیشم لەدەست بدایە بە تەواوی تەنیا دەکەوتم. ئیدی گوێم دەزرنگایەوە، هەموو شتێکم لێ ئاوەژوو بووبوو، زولەیخای خوێندکارم قسەی دەکرد و من هیچم نەدەبیست و لە قسەکانی تێنەدەگەشتم.

لەگەڵ هاوسەرەکەم گەڕاینەوە ماڵەوە، ئەم جارەیان گلەیی نەبوو، تەنیا هێندە نەبێت کە دەیگوت لە هەوای شێداردا هەناسەی بۆ نادرێت.

— بۆچی دەرمانیان پێ نەدام؟ یان ئەوان نووسیویانە و تۆ تاقەتت نەبوو بیانکڕی؟ تۆ ئەم شتانە بە گرنگ نازانی.

لەو کاتەدا خەریک بوو باوەشی پێدا بکەم و بدەمە پرمەی گریان. سەیری ئەولام کرد و گوتم:

— نەخێر، دواتر ئەنجامی شیکاریەکانمان پێ دەدەنەوە.

لەو کاتەدا کە سەیری ئەولام دەکرد، فرمێسک بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە، هاوسەرەکەشم هەستی بەوە کرد کە شتێکی خراپ ڕووی داوە.

— لەبەرچی دەگرییت؟ مەگەر نەخۆشیەکی زۆر خراپم هەیە؟

— نا گیانی من، تەنیا بەهۆی یارمەتیی خوێندکارەکەمەوە هەستەکانم خرۆشان.

بەڵام ئەو باوەڕی پێ نەکردم.

— ئەگەر شتێکی خراپە، بە منداڵەکانم مەڵێ، ئەو کاتەی مردم با بیزانن.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ژنەکەشم کەم قارەمان نەبوو. باوەشمان بەیەکتردا کرد و دەستمان کردە گریان. تەنیا شتێک کەوا دڵی دەداینەوە ئەوە بوو لە ئاخیرەتدا بەیەک دەگەینەوە. لە دوای نانی بەیانی:

– ئەمڕۆ مۆڵەت وەربگرم؟ گەر حەز دەکەیت بە فەرمی داوای خانەنشینی دەکەم.

– نەخێر! تۆ نەچیتە خوێندنگە و خوێندکارت نەبێت ناژییت.

ئەو ڕۆژە بە خەمەوە وانەم گوتەوە. وانەکەم سەبارەت بە یەکێک لە فەرمانڕەوا و جەنگەکانی بوو. لە کاتی گوتنەوەی وانەکەدا خەمەکانم کەمێک سووکتر بوون. لەپڕێکدا خەیاڵی ئەوەم کرد کە خۆم و هاوسەرەکەم و تەواوی دونیا مردوون. لە مەیدانی مەحشەریشدا تەواوی مرۆڤەکان کۆ بوونەتەوە. ناسیاو و بێگانە؛ تەواوی مرۆڤایەتی لەوێ کۆ بووبووەوە... بەڵام لە هەموو کەسێکدا شێوازێک لە بیرکردنەوە و شڵەژان و تێکۆشان هەبوو. شڵەژانەکەی ئەوێیان زۆر خراپتر بوو لە حاڵی دونیایان... هەریەکەی بەلایەکدا ڕای دەکرد. دەبوو مرۆڤەکان لەسەر کردەوە و ڕازەکانی ناو دڵیان و چرکە بە چرکەی ژیانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت. منیش بەش بە حاڵی خۆم تووشی شڵەژان بووبووم. لە پۆل هاتمە دەر، لەپڕێکدا دەنگی فازڵم بیست.

– مامۆستا با پێکەوە چایەک بخۆینەوە.

ڕاچەنیم و لە خەیاڵەکەم بێدار بوومەوە. لێی پرسیم بۆچی وەها خەمبارم. چووینە ئەو ژوورەی کە بەڕێوەبەری خوێندنگە تەنیا بە منی

دابوو. چایەکان هاتن و فازڵ گوتی:

- مامۆستا! کەمێک لەو کتێبە بخوێنمەوە کە ئەو کاتە پێتدام کە خوێندکارت بووم؟

کتێبێکی دەرهێنا و دەستی بە خوێندنەوەی کرد و منیش گوێم بۆ گرتبوو.

- خوازیاری ئەوەیت خاوەنی ملیۆنێک ساڵ تەمەن و سەڵتەنەتی دونیابین، بەڵام دواتر مەحکوومی هیچێتی و نەبوونی ببیت، یان خوازیاری ئەوەیت ژیانێکی ئەبەدیت بە نارەحەتی و ئازارەوە هەبێت؟

ئارەزووی دووەمم هەڵبژارد و ئاخێکم لە بەرانبەر بژاردەی یەکەم هەڵکێشا. گوتم گەر لە دۆزەخیشدا بم، هەر حەز لە مانەوەی ئەبەدی دەکەم.

- خەفەت مەخۆن، ئێوە گەنجێتییەکی جاویدانی چاوەڕوانیتان دەکات. ژیانێکی درەوشاوە و تەمەنێکی نەبڕاوە چاوەڕێتانە. بە خۆشحاڵییەوە بەو منداڵ و کەسە نزیکانەتان دەگەنەوە کە لە دونیادا لەدەستتان داون. تەواوی کارە چاکەکانتان بۆ هەڵگیراون، پاداشتەکانیان وەردەگرنەوە. هەر بۆیە ئیمان بە ئاخیرەت دڵدانەوەیەکی وەها بە مرۆڤەکان دەبەخشێت، گەر سەد تەمەنی پیری لەسەر سەریان کۆ ببێتەوە، دیسان ئەوان بێهیوا نابن.

ئەمانەی خوێندنەوە و کتێبەکەی داخست.

- مامۆستا ئێستا باسی خەفەتەکەتانم بۆ بکەن!



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

– خودا لێت ڕازی بێت، خەفەتەکەم ڕەوییەوە، لای کەس قسە مەکە، بەڵام وا بازانم براژنت تووشی شێرپەنجەی سییەکان بووە.

ئەویش زۆر خەفەتی خوارد.

مۆڵەتی ١٥ ڕۆژم لە خوێندنگە وەرگرت، چوومە نەخۆشخانە و ئەنجامی شیکارییەکانم لە دکتۆرە زولەیخا وەرگرت.

– مامۆستا حەزم نەدەکرد بەم شێوەیە چاوم بە ئێوە بکەوێتەوە. ئێوە ئاگاتان لێ نییە، بەڵام چاکەی زۆرتان بەسەر منەوە هەیە. زۆر سوودم لەو کتێبانە بینی کە ئێوە بە منتان دەدان، هزری ناو ئەو کتێبانەم کردووەتە فەلسەفەی ژیانم و بۆ هاوسەرەکەمیشی دەخوێنمەوە.

بەڵام من چیدی ئاگام لە قسەکانی تری نەمابوو.

– تۆ بڵێی چارەسەری هەبێ؟

– مامۆستا لێرە چارەسەری نییە. تەنیا لە ئەمەریکا چارەسەری هەیە. لە ئێستادا زوو پێتان زانیوە و بۆ چارەسەری درەنگ نییە، توانانتان هەیە؟ دەتوانن بینێرن؟

بە مەراقەوە ئەم جۆرە پرسیارانەی لێ دووبارە کردمەوە. بەڵام من هەرچییەکم هەبوو لە خوێندنی منداڵەکانمدا خەرجم کردبوو. هێشتا خانووێکی تایبەت بە خۆیشم نەبوو کە سەری تێدا بنێمەوە. وتم: "خوا کەریمە."، نەخۆشخانەکەم بەبێدەنگی جێهێشت. کاتێک زولەیخا منی بە خەفەتەوە بینی، داوای ناونیشانی ماڵ و ژمارەی تەلەفۆنی لێ کردم. کاتێک گەشتمە ماڵەوە، هاوسەرەکەم دڵخۆش دیار بوو،

ەکەیەک دەرمانم بە بێدەنگی خستە بەردەمی.

– ژنەکە، نیازی ئەوەم هەیە گەشتێکی ئەمەریکات بۆ ڕێک بخەم.

– لەبەر چی؟

منیش لەسەرخۆ هەموو شتێکم تێگەیاند. ئەویش بێچارانە گوتی:
شتی وا چۆن دەبێت؟“، زۆر بێئومێدبوو.

– خوا کەریمە، پشت بە خوا دەروویەکی خێرمان لێ دەکرێتەوە.

بەڵام ئەو شانەکانیی هەڵتەکاند و هەواڵێکی خۆشی پێبوو:

– با منیش هەواڵێکی خۆشت پێ بدەم، یەکێک هاتووەتە داوای خەندان، ئیحسانی کوڕیشم زۆری بەدڵە، لەم ماوەیەدا دێنە داوای. من هەرچۆنێک بێت هەر دەمرم. واز لەمانە بێنە، گرنگ ئەوەیە ژنم بۆ کوڕەکانم هێناوە، گەر کچەکەشم بنێرمەماڵی خۆی، بشمرم قەیناکە. ئیدی ئەرکی خۆمم بەجێگەیاندووە ئەفەنی.

لە دڵی خۆمدا بەو ماسی سۆمۆنەم چواند کە چەندین ڕۆژ لە ژیاندا مایەوە و لە هێلکەکردندا مرد. هاوسەرەکەم ئاڵەنگاریی مەرگی دەکرد. مردن بەلای ئەوەوە چەشنی گەمەیەک بوو. پەشیمان بوومەوە لەوەی بە نەزانم دەزانی کەوا چەندین ساڵ کتێبم بۆ دەخوێندەوە و کاریگەریی لەسەری نەبوو. ئێستا لە ڕێگەی ژیانییەوە، وانەی ئارامگری و پشتبەستن بە خودای بە من دەگووتەوە. بە هەناسەبڕکێ سفرەکەی ڕاخست و پێکەوە نانمان خوارد. دوای نانخواردن، دەستی بە شێوازێکی تر لە هەڵسوکەوت کرد.

– بەیانی ماڵەوەمان زۆر قەرەباڵغ دەبێت، تەواوی بووک و نەوەکانمان و ئەو خانەوادەیەی خەندانیان دەوێت سەردارمان دەکەن.

من خەفەتم دەخوارد، بەڵام ئەو وا دیار بوو کە بیری چووەتەوە. کاتێک چایەکەمان خواردەوە، بیرم لەو ڕێگایانە کردەوە کەوا هاوسەرەکەمی لە ڕێگەوە بنێرم بۆ ئەمەریکا.

– بیر لە چی دەکەیتەوە؟ چاکتر کە نەخۆش کەوتم، هەرچۆنێک بێت هەر دەمرم...

هیچ بیرم لەوە نەکردبووەوە کەوا هێندە دڵبەستەی ئەو بم. بیرکردنەوە لە جیابوونەوەم لە ئەو، منی بە تەواوی هەژاند. شەویش لە پێخەفەکەمدا هەر بیرم لە ڕۆژی حەشر دەکرەوە. من مردنم بینیبوو، دایک و باوکم مردبوون. هەروەها لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی نەنک و باپیرم و زۆرێک لە دۆستەکانمدا بەشداریم کردبوو. بەڵام نەخۆشی ژنەکەم... نەخۆشییە کوشندەکەی ئەو ئاماژەی بەوە دەکرد کە منیش زۆر لە ئاخیرەت نزیک بوومەتەوە.

ڕۆژی دواتر ماڵەوەمان زۆر قەرەباڵغ بوو. خەزوور و خەسووی نوێ، کوڕەکانم، بووکەکانم، نەوەکان و کچکەم خەندان لە شوێنی زۆر دوورەوە هاتبوون. ئێوارە دوای مەراسیمی ئەڵقەگۆڕینەوە بە منداڵەکانم گوت:

– ڕۆڵەکانم، با ئەم ئێوارەیە چەشنی کاتی منداڵیتان بتانگێڕم.

لەگەڵ ٣ کوڕەکەم و کچەکەمدا چووینە دەرەوە. سەرمای پاییز وردەوردە خەریک بوو خۆی دەنواند. درەنگانێکی شەو چووینە ناو شیرینیخانەیەکی

کراوە و هەریەکەمان داوای محەلەبییەکی کرد. من هەموو کاتێک لە بابەتە گرنگەکاندا دانیشتنێکی تایبەتم بۆ خێزانەکەم ڕێک دەخست و ڕای ئەوانیشم لەسەر بڕیارەکان وەردەگرت. بەڵام لەم کۆبوونەوەیەماندا هاوسەرەکەم بەشدار نەبوو. ئەو لە ماڵەوە لەگەڵ نەوە و بووکەکانی مایەوە. منیش هەموو شتێکم بۆ منداڵەکانم گێڕایەوە. چونکە نەدەبوو نەخۆشییەکەی دایکیان لەوان بشارمەوە، بەڵام هاوسەرەکەم داوای ئەوەی لێ کردبووم پێیان نەڵێم. ئەوانیش زۆر خەفەتیان خوارد. خەندان دەستی بە گریان کرد. دڵدانەوەی ئەوانیش ئەرکی سەرشانی من بوو. داوای ئەوەم لێ کردن کەوا خەفەت نەخۆن و نەشهێڵن دایکیان هەستیان پێ بکات. بە خەفەتەوە لە شوێنی خۆمان هەستاین. لە ڕێگا باسی ئەوەمان کرد کە خودا کەریم، قادر، ڕەحمان و ڕەحیمە. باسم لەوە کرد کە خودا چارەی ئەمەش دەئافرێنێت، لەم ڕێگەیەوە ویستم هەم دڵی ئەوان بدەمەوە، هەم سەبارەت بە داهاتوو گەشبینییان لا دروست بکەم. من ئەم بابەتەم لە ماڵەوە نەکردەوە هەتا بابەتەکە گەورەتر نەبێت، هەر بۆیە داوای ئەوەشم لێ کردن کە لای بووک و نەوەکانم باسی نەکەن. کاتێک هاتمە ماڵەوە، یەکێک لە بووکەکان گوتی:

- باوکە وا بزانم ئێمە بە یەکێک لە منداڵەکانتان ئەژمار ناکەن.

ئەمە لە حاڵێکدا بوو من بووکەکانی خۆمم زۆر خۆش دەویستن، منیش لە وەڵامدا گوتم: "شتی وا چۆن دەبێت؟"، هەوڵم دا بابەتەکە بگۆڕم، کەمێک بە گاڵتەشەوە دەستمان کردە پێکەنین. تەواوی ئەندامانی خێزانەکەمان، چەشنی ڕۆژانی دێرین، دەرەنگانێکی شەو نوێژی خەوتنانمان بە جەماعەت کرد. دواتر ئەو کاتەی ڕووم لە ژووری خەوتن

کرد، هاوسەرەکەمم بینیی کەوا دەرمانەکەی لەو شوێنە دەرهێنا کە تێیدا شاردبووەوە. بە دزیی منداڵەکانەوە دەرمانەکانی خواردن. دواتر بۆ ئەوەی شوێنی خەوی هەریەک لە منداڵەکان دیاری بکات، لە ژوورەکە چووەدەرەوە. من کاتێک لە جێگەکەمدا خەوتم، دیسان مەیدانی مەحشەرم هاتەوە پێش چاو. قەرەباڵغی و شڵەژاویی لێپرسینەوەی مەیدانی مەحشەر تەواوبوونی بۆ نەبوو. هەموو شتێک لە بەرچاومدا بەرجەستە بووبوو. لەپڕێکدا هاوسەرەکەشم هات و ڕاکشا.

– دەستگیرانەکەی خەندان و خێزانەکەیم زۆر خۆشویست، بشمرم پشت بە خوا چاوم لەدوی نابێت.

ڕۆژی دواتر فازڵیشم بانگهێشتی ماڵەوە کرد، بە منداڵەکانم ناساند، هەرچۆنێک بێت ئەویش بە یەکێک لە منداڵەکانم ئەژمار دەکرا. لە ڕاستیشدا بە چاوی باوکانەوە سەیری هەریەک لە خوێندکارەکانم دەکرد، خەفەتم بۆ کێشەکانی ئەوانیش دەخوارد، لەگەڵ دایک و باوکیان قسەم دەکرد. تەنانەت ئەوەم دەزانی لە ماڵی هەریەکەیاندا ساڵانە چەند بەرمیل نەوت دەسووتێت. هەر بۆیە تەواوی خوێندکارەکانم بە کوڕ و کچەوە، باسی کێشەکانی خۆیان بۆ دەکردم. فازڵیش منداڵەکانی ئێمەی زۆر خۆشویست.

– مامۆستا، شەنۆڵ سبەینێ دێتە ئێرە، هەندێک کاری هەیە. گەر مۆڵەتمان دەدەن با بێینە لای تۆش. زۆر حەز دەکات چاوی بە ئێوە بکەوێت.

– ئەرێ ئەو خوشکی شەننور نەبوو؟

– بەڵێ

دواتر باسی زولەیخام بۆ کرد کە لە نەخۆشخانە چاوم پێی کەوت. ئێوارە پێکەوە کتێبمان خوێندەوە و چایمان خواردەوە. فازڵم بە هاوسەرەکەشم ناساند.

– ژنەکە تۆ ٤ منداڵت هەیە، منیش هەزاران...

هاوسەرەکەم دەموچاوی گرژ کرد و وتی:

– ڕاست دەکەیت! کوڕم فازڵ مادام تۆش مامۆستایت، تۆ وەک مامۆستاکەت مەکە! کاتی زیاتر بۆ ماڵەوەتان تەرخان بکەن. ئەو یەکەم جار هاوسەرگیریی لەگەڵ خوێندنگەکەیدا کردووە، دواتر لەگەڵ من. فازڵیش بە پێکەنینەوە:

– مامۆستا ئاگات لە خۆت بێت تێهەڵدان دەخۆیت.

منیش لالایەک خەمم لە دڵدا بوو، لە لایەکیش دڵم بەوە خۆش بوو منداڵ و نەوە و بووکەکانم لە چواردەورم بوون.

– چارەسەری نەخۆشییەکەی براژن هەیە؟ دەڵێن لە ئەمریکا چارەسەری هەیە.

– نا لەوێش چارەسەری نییە.

شەو دیسان لەنێو جێگەکەی خۆمدا بووم. دیسان لە مەیدانی مەحشەر بووم. وەک ئەوە وا بوو قسەکانی سەر خوانی ئێوارەمان لەگەڵ منداڵەکانم لەوێش دووبارە بکەمەوە. بەڵام هەموو مرۆڤەکان هەتا بڵێیت شڵەژاو بوون.

تۆ بڵێی خودا لەوێ مۆڵەتی ئەوەم پێ بدات کە چاوم بە خۆشەویستانم بکەوێتەوە؟

کاتێک بێدار بوومەوە بانگی بەیانیی دەدا. گوێم لە دەنگی ناڵینی هاوسەرەکەم بوو. پێکەوە نوێژی بەیانیمان کرد. بۆ ئەوەی نانی بەیانیی ڕۆژی پشووی یەکشەممە ئامادە بکەین، پێکەوە چووینە موبەق. هەتا ئەو کاتەی هاوسەرەکەم نەخۆش نەکەوتبوو، زۆر حەزم بە کاری ناو موبەق نەبوو. لەو کاتەشدا حەزم دەکرد لەگەڵ هاوسەرەکەم بم، ئامادەکردنی نانی بەیانیشم کردبووە بەهانە. ئەویش هەر گوێی بە نەخۆشییەکەی نەدەدا، بە تەواوی خۆی ڕادەستی خودا کردبوو. تەنیا من خەفەتم دەخوارد. تۆ بڵێیت ترسی ئەوە دایگرتبێتم کەوا بە تەنیا دەمێنمەوە؟ بەڵام ئەو تەنیا بیری لە زەماوەندەکەی خەندان دەکردەوە.

دەمەو ئێوارە، منداڵەکانمان هەتا گەراج بەڕێکرد هەتا بگەڕێنەوە ئەو شارانە کەوا کاریان تێدا دەکەن. لەو کاتەدا هەر چواریان باوەشیان بە دایکیاندا کرد و کەوتنە گریان. هاوسەرەکەم بە توڕەییەکەوە سەیرێکی کردم و گوتی: "ناشێت بەمانیشت وتبێت؟!". منیش سەرێکم بادا وەک ئەوەی بڵێم "نەخێر". لەناکاو خەندان دەنگی گریانی لێ بەرزبووەوە. لە ماڵەوە هەموویان ئارامگر بوون، وا بزانم لە گەراج چیدی خۆیان پێ نەگیرا. لە پڕێکدا هەستەکانیان جۆشیان سەند، بۆ ئەوەی دڵیان بدەینەوە، هەتا ناو پاسەکان بەڕێمان کردن. ئێوارە بێ ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم هیچ قسەیەک بکەین گەڕاینەوە ماڵەوە، ئەویش یەکسەر خەوی لێ کەوت. پاش کەمێک زەنگی دەرگاکەمان لێی دا. فازڵ و شەنۆڵ هاتبوون. باوەشمان بە یەکتردا کرد و دانیشتین. بەدووردرێژی باسی ڕۆژانی دێرینمان کرد. فازڵ باسی لە پێویستیی ئەوە کرد کە بۆ چارەسەری

هاوسەرەکەم ڕوو لە ئەمەریکا بکەم. گوتی شەنۆڵ بەهۆی کارەکانییەوە زووزوو سەردانی ئەمەریکا دەکات.

– مامۆستا، شەننوریش لە ئەمەریکایە، هاوسەرەکەشی پزیشکە. ئەگەر حەز دەکەن براژنیشتان لەگەڵ دەنێرم. شەننوریش ئێوەی زۆر خۆش دەوێت. گوتی هیچ نارەزاییەک دەرنەبڕم. یەکسەر تەلەفۆنەکەی گرت بە دەستییەوە و گوتی: "بەیانی دێتە ئەوێ". باسی قسەکانی نێوان خۆیانی بۆ کردم، ئینجا تەلەفۆنەکەی دایە دەستم و شەننور زۆر خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کەوا لەگەڵ من قسە دەکات.

– مامۆستا، هەر پێویست بە هاتنی ئێوە ناکات، خۆم چارەسەری دەکەم و بۆتان دەنێرمەوە!

لەپڕێکدا هیوایەک لە دڵمدا دروستبوو. تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش ڕازی نەدەبووم بەوەی لە دووری هاوژینەکەم بم.

– مامۆستا، دایک و باوکیشم سڵاوت لێ دەکەن. هەموو کاتێک نزای خێرت بۆ دەکەن. بیرتە باوکمت لە مایەپووچبوون ڕزگار کرد! لەو کاتەی لە تەنگانەدا بوو، پارەتان لە دۆستێکتان بۆ وەرگرت، ئێوە بوونە کەفیلی. باوکم هەتا ئێستا ئەو ڕۆژەی لە یاد نەکردووە، هەردەم باسی ئێوە دەکات.

– کوڕی خۆم، ئەوە خودا بوو کەوا باوکتی لە نارەحەتییەکان ڕزگار کرد. من لەو نێوەندەدا تەنیا ئامرازێک بووم. هەروەها پێویست بەوە دەکات کارە چاکەکان لەبیر بکرێن. مرۆڤ پێویستە تەنیا خراپەکانی خۆی لەبیر

بمێنێت. چاکەکان لەلایەن خوداوەن و خراپەکانیش لە نەفسی مرۆڤەوە.

دواتر هاوسەرەکەم لە خەو هەستا. کە هاتە ژوورەکەمانەوە شەنۆڵی ناسییەوە. بە شەنۆڵی گوت:

– دایکت چۆنە کورم؟

دواتر ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی:

– چایەکت بۆ ئامادە نەکردوون؟

دواتر من و فازڵ باسی هەموو شتەکانمان کرد. شەنۆڵ بەهۆی بەڕێزیی خۆیەوە سوور هەڵگەڕابوو:

– ئامۆژن ئێوە هیچ بیری لێ مەکەنەوە، پشت بە خوا چارەسەری نەخۆشییەکەی ئێوە دەدۆزینەوە، خوا گەر خواستی لەسەر بێت خۆی شیفاتان دەدات.

کە ئەوان ڕۆیشتن، بە تەنیاماینەوە. پێی گوتم ئەوە یەکەم جارە کەوا سوودێک لە مامۆستاییەکەی من دەبینێت. منیش لەو کاتەدا کتێبەکەمم بە دەستەوە گرت و یەکێک لە ڕستەکانی سەرنجی ڕاکێشام:

– من کەسێکی بەرەڵا نیم، ڕێبوارێکی خاوەن ئەرکم.

بە مەبەستی خەوتن لەسەر جێگەکەم ڕاکشام. بەڵام لە دوای نەخۆشکەوتنی هاوسەرەکەمەوە، هەرکاتێک دەچوومە سەر جێگا، مەیدانی مەحشەر و قەرەباڵغییەکەی دەهاتەوە بەرچاوم. لە باوکە ئادەممانەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆ، تەواوی مرۆڤایەتی لەوێ ئامادە بوون. هەموو شوێنەکان

چەشنی ئەوەی کوڵلەیان لێ بێتە دەر، لە هەموو کەسێکدا شێوازێک لە شڵەژاوی بەدی دەکرا.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ناسنامەی هاوسەرەکەمم هەڵگرت و سەردانی فەرمانگەی وەرگرتنی پاسەپۆرتم کرد. ڕۆژی دواتر پاسەپۆرتەکەم ڕەوانەی لای شەنۆڵ کرد. شەننور بانگهێشتنامەیەکی بۆ ئێمە ناردبوو. شەنۆڵ بۆ وەرگرتنی ڤیزە، پاسەپۆرتەکەی لەگەڵ خۆی برد، زولەیخاش مۆڵەتێکی فەرمی لە نەخۆشخانەوە بۆ هێنابوو. هەر بۆیە بە ئاسانی ڤیزەکەمان وەرگرت. من و منداڵەکانیش پێکەوە بلیتی فڕۆکەمان بڕی. من و منداڵەکانم و شەنۆڵیش، پێکەوە چووین بۆ فڕۆکەخانە. شەنۆڵیش بە مەبەستی کارێکی بازرگانی سەردانی ئەمریکای دەکرد. دەبوو هاوسەرەکەم بگەیەنێتە لای شەنوری خوشکی. پێدەچوو ماوەی چارەسەرکردنەکەی درێژ ببێتەوە. هاوسەرەکەم لەگەڵ شەنۆڵ پێکەوە بە وێستگەکانی پشکنینی ناو فڕۆکەخانەدا تێدەپەڕین. کوڕەکانم و خەندانی کچم هەموویان دەگریان. منیش چیدی هەستەکانی خۆمم پێ نەشاردرانەوە و دەستم بە گریان کرد. هەرچەندە زوو لە یەک زویر دەبووین و جارجارە دەماقاڵەشمان دەبوو، بەڵام من هاوسەرەکەمم خۆشدەویست. ماوەیەکی دوورودرێژ بوو کەوا لە یەکتری دوور نەکەوتبووینەوە.

لەبەر ئەوەی ماوەی مۆڵەتەکەم تەواو نەبووبوو، دەمتوانی ماوەی ٣ ڕۆژی تر لای منداڵەکانم بمێنمەوە. خەندانیش لە ماڵی برا گەورەکەی دەمایەوە. ڕۆژێک لای کوڕە گەورەکەم، ڕۆژێک لای کوڕە ناوەنجییەکەم، ڕۆژێک لای کوڕە بچووکەکەم مامەوە.

لەو ماوەیەی کەوا لە ئیستەنبوڵ مامەوە، سەردانی گۆڕی هاوەڵانی سەردارمانم کرد کەوا لە نزیک ئیستەنبوڵ وەفاتیان کردبوو. ڕۆژانێکی زۆر تێروتەسەلم بەسەر برد، بەڵام ڕۆژانی دونیا هەر وا زوو تێدەپەڕێن. دواتر بلیتی پاسم بۆ ئەو شارە بڕیەوە کە تێیدا مامۆستا بووم. هاوسەرەکەم بۆ لایەک سەفەری کرد و منیش بۆ لایەکی تر. بۆ یەکەم جار لەوە تێگەشتم کەوا ئێمە کەسایەتیی جیاوازمان هەیە. بیرم لەوە کردەوە کە حسابی ئەو لە مەیدانی مەحشەر جیاواز دەبێت و حسابی منیش بە جیا. لە پاسەکەدا کتێبەکەم کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

– هەر کەسێک خودای هەبێت هەموو شتێکی هەیە، هەر کەسێک خودای نەبێت هیچ شتێکی نییە و خۆیشیی هیچ نییە.

مامۆستا لەبەر ئەوەی ماندوو بووبوو کتێبەکەی داخست. دەیویست کەمێک بخەوێت. دیسان قەرەباڵغیی مەیدانی مەحشەر هاتەوە بەرچاوی. لەوێ چاوی بە هاوسەرەکەی کەوتەوە. چاوەکانی داخستبوون.

فازڵ بە مەبەستی بینینی مامۆستاکەی ڕووی لە ماڵەکەی کردبوو، بەڵام هەواڵی وەفاتی مامۆستاکەیی بیست. فازڵ سەری سووڕمابوو. ماڵەکەی مامۆستا قەرەباڵغی خەڵکەکەی لەخۆ نەدەگرت. ئێوارە ژن و پیاو و هەموو کەسێک لەوێ کۆبووبوونەوە. تەواوی خوێندکار و دۆستانی لەوێ بوون. قورئانیان دەخوێند و سەڵاواتیان دەنارد. فازڵ ویستی قسە لەگەڵ خەڵکەکەدا بکات، بەڵام تەنیا هێندەی پێ گوترا کە بڵێت: "مامۆستا بۆ جیهانی ڕاستەقینە گەڕایەوە، خۆتان خۆش بن."، ئیدی دەستی بە گریان کرد.

دوای ئەوەی خەڵکەکە ڕۆشتەوە، لەماڵەوە هەریەک لە منداڵ و نەوە
بووکەکانی مابوونەوە. دەستگیرانەکەی خەندان و خێزانەکەشی هاتبوون.
ـوڕە گەورەکەی مامۆستا گوتی:

– باوکم ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کەوا پێش دایکم دەمرێت، بەڵام
ـنیا خودا دەزانێت کێ پێش کێ دەمرێت. ئێمە ئەومان لەدەست دا،
ـەڵام بە شێوەیەک پەروەردەی کردین کەوا بتوانین گەردوون و ژیانی
ـونیا بخوێنینەوە. جگە لە کتێبەکانی شتێکی تری وەک میرات بۆ
ـەجێنەهێشتین. هەر بۆیە زۆر جوان ئامێز بۆ کتێبی خودا (کە قورئانە
لەگەڵ ڕاڤەکانی) دەگرینەوە. تەنیا ئاواتی ئەویش هەر ئەم کارە بوو.

خەندان زۆر پەرێشان بوو، برا ناوەنجییەکەشی باوەشی پێدا دەکرد و
هەوڵی دڵدانەوەی دەدا:

– دەبێت ئاگامان لە دایکمان بێت، زۆر نزای خێر بۆ باوکمان دەکەین،
ئیدی وەک ئەوەی نەمردبێت هەردەم لەناو ئێمەدا دەبێت. زاواکەشیان:

– مردن هیچێتی و نەبوونی نییە، بەڵکوو تەنیا گۆڕینی شوێنە.

پاش هەفتەیەک قوفڵ لە دەرگای ماڵی مامۆستا درا، چەشنی ئەو
کەسایەتییە مێژووییانەی کە مامۆستا لە وانەکانیدا باسی لێ دەکردن.

فازڵیش زۆر خەفەتی خوارد، هێندەی خوێندکارەکانی مامۆستای
دەناسین، تەلەفۆنی بۆ هەموویان کرد. داوای ئەوەی لێ کردن نزای
بۆ بکەن. هەموویان دەیانگوت: "وای ئەو چ مرۆڤێک بوو، زیاتر لە
منداڵەکانی بیری لە ئێمە دەکردەوە. بیری لە هەموو کێشەیەکی ئێمە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەکردەوە، پێش ئێمە قسەی لەگەڵ باوکمان دەکرد و چارەسەری دەکرد". یەکێک لە خوێندکارەکان گوتی: "ئەو بوو نەیهێشت دایبابم لە یەکتری جیا ببنەوە". هەر کەسێک ئەوی دەناسی بە چاکە یادی دەکردەوە. تەواو خوێندکار و مامۆستاکانی خوێندنگەکەشی خەفەتیان بۆ دەخوارد. لەو ساڵەدا، وەزارەتی پەروەردە ئەوی وەک "مامۆستای ساڵ" هەڵبژارد. زۆرێک لەو دەزگا خێرخوازانەی لەسەر دەستی ئەو کرابوونەوە، لە دوای مردنی ئەو هەتیو کەوتن. هەرچەندە ئەو لە دەستەی سەرپەرشتیارانی هیچ کام لەو دەزگایانەدا نەبوو. بەڵام هەر وەک خاوەنی هەموویان بوو. لەپێناو ئەوەی سەدان خوێندکاری هەژار لە خوێندن بەردەوام بن، چاوی بە زۆر کەسی هەبوو کەوتبوو و داوای یارمەتیی لێ کردبوون. بەڵام هیچ کەسێک ئاگای لەم کارانەی ئەو نەبوو. ئەو هەر کاتێک دەبووە ئامرازی کارێکی خێر، یەکسەر خۆی دەکشاندە دواوە و لە دوورەوە چاودێریی دەکرد.

هاوسەرەکەی مامۆستا، دوای ٣ مانگ بە تەندروستییەکی چاکەوە گەڕایەوە. منداڵەکانی لە فڕۆکەخانە پێشوازییان لێ کرد. یەکسەر گوتی: "منداڵینە باوکتان لە کوێیە؟". چاوەکانی بەدوای ئەودا دەگەڕا. گوتیان: "دایکە نەیتوانی خوێندنگەکەی بەجێ بهێڵێت!". بەڵام لەو کاتەدا هەستی بە شتێک کرد. پاشان ماوەی ٣ مانگ بوو تەلەفۆنێکی بۆ نەکردبوو، لەمەوە هەستەکەی زیاتر بەهێز بوو.

– باوکتان مردووە؟ من خەوم پێوە دی! منداڵینە درۆم لەگەڵ مەکەن. بمبوورن من ناتوانم لەلای هیچ کامتان بمێنمەوە، من دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان و یادەوەرییەکانی ئەو بە زیندووی دەهێڵمەوە.

لەو کاتەدا فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و بە منداڵەکانی گوت: "ئێوە خۆتان لە کار مەکەن، من باشم، بۆ ماڵەکەی خۆم دەگەڕێمەوە". لەو کاتەدا کوڕە گەورەکەی:

– دایکە دوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتی، باوکم لە کاتی گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆی، لە ڕووداوێکی هاتووچۆی ئەو پاسەی ئەوی تێدا بوو، گیانی لەدەست دا.

هاوسەرەکەی دوای ئەوەی گەڕایەوە ماڵ، لە کاتی کردنەوەی دەرگای ماڵەکەیدا گوتی:

– سەلامون عەلەیک ئەی مامۆستای بەڕێز! من لە ئەمریکا گەڕامەوە.

دەستنوێژێکی گرت و دەستی بە نوێژ کرد. کاغەزێکیشی بە دەرگای ژوورەکەیدا هەڵواسیبوو کە تێیدا نوسیبوو: "ماوەی ٣ ڕۆژ کەس لە دەرگای ژوورەکەم نەدا! بمبوورن". منداڵەکانیشی ئاگادار کردبوونە لەوەی بە تەلەفۆن بێتاقەتی نەکەن. هەر کەسێک ڕووی لە دەرگای ژوورەکەی دەکرد دەگەڕایەوە. ماوەی ٣ ڕۆژ عیبادەتی کرد. ئەو کتێبانەی ئەو شەو و ڕۆژ دەیخوێندنەوە، ئەمیش دەیگرتن بە دەستییەوە و دەیخوێندنەوە. بەهۆی ئەو ئیرەییپێبردنە بێواتایانەی ئەوی پێ دڵتەنگ کردبوو، داوای لێخۆشبوونی لە خودا کرد.

ڕۆژێکیان بەهۆی هەندێک ناڕەحەتیی ماددییەوە گوتبووی: "پەشیمانم لەوەی شووم بە تۆ کردووە!". مامۆستاش ماوەی مانگێک زوویر دەبێت و بە دڵشکاوی دەسووڕێتەوە. ئەو هەرگیز بۆ خۆی نەدەژیا و

هەردەم بۆ کتێب و باوەڕەکەی دەژیا. لە دوای ۳ ڕۆژ دەرگای ژوورەکەی کردەوە، هەر کەسێک بە مەبەستی سەرەخۆشی دەهات کتێبەکانی ئەوی بۆ دەخوێندەوە، ئەو پیرێژنە دڵی هەموو کەسێکی دەدایەوە.

هەموو ڕۆژێک چەند کەسێک دەهاتنە ماڵەکەی، کەسانێکی زۆر گەنج دەهاتن و دەیانگوت: "ئێمەش منداڵی مامۆستاین!". دراوسێ و کاسبکارانی شارەکەی دەهاتن و دەیانگوت: "مامۆستا هەموو کاتێک خوێندکاری هەژاری بۆ دەدۆزینەوە هەتا ئێمە یارمەتیی بدەین"، هاوسەرەکەشی لە وەڵامی ئەواندا دەیگوت: "هیچ شتێک نەگۆڕاوە، گەر مامۆستا لە ژیاندا نەمابێت، ئەوا من بەردەوامی بە خزمەتەکانی ئەو دەدەم". ڕۆژی دواتر تەلەفۆنی بۆ فازڵ کرد و گوتی: "کوڕم، لیستی خوێندکارە هەژارەکانم بۆ دیاری بکە و بیهێنە بۆم، تۆش حەفتەی جارێک وەرە ماڵەکەی من و وانەیان پێ بڵێرەوە".

پاشان ڕووی لە نەخۆشخانە کرد و چاوی بە زولەیخای خوێندکاری هاوسەرەکەی کەوت. زولەیخا زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە هاوسەرەکەی مامۆستا چاک بووەتەوە. زولەیخا دەستی بە گریان کرد و وتی: "من ئەو کاتەی لە ئامادەیی بووم، حەزم لە کوڕێک کردبوو، بەڵام مامۆستا ئامۆژگاریی کردم و گوتی ئەو کەسە گونجاو نییە. دواتریش ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە ئەو گەنجە کەسێکی چاک نییە. گەر بە تەواوی دڵم پێ بدایە، ژیانم ژێراوژوور دەبوو. بەڵام بەهۆی گوێگرتنم بۆ مامۆستا، لە خوێندنەکەم بەردەوام بووم و بوومە پزیشک". پیرێژنەکە لە وەڵامدا گوتی: "کچەکەم هەموو چاکەیەک هەر لە خوداوەیە. تۆ و هاوسەرەکەت دەبێت حەفتانە ڕۆژێک بێنە ماڵەکەی من و پێکەوە بەردەوامی بە

خزمەتەکانی مامۆستا بدەین". زولەیخاش زۆر خۆشحاڵ بوو، خۆیشی بەدوای کارێکی خێری کۆمەڵایەتیدا دەگەڕا تا ئەنجامی بدات. هەر بۆیە پێکەوە بەردەوامییان بە کارە خێرخوازانەکەی مامۆستادا.

هاوسەرەکەی مامۆستا ساڵانێکی دووروودرێژ ژیا. بەردەوامیی بە کارە جوانەکانی هاوسەرەکەی دا. کچەکەشی هاوسەرگیریی کرد. کتێبی زۆری بۆ نەوەکانی خوێندەوە. پرۆفیسۆر، قائیمقام، خۆڵرێژ و دار و بەرد سەردانی ماڵەکەیان دەکرد و یادەوەرییەکانی مامۆستایان زیندوو دەکردەوە، هەندێک لە کتێبەکانی ئەویان دەخوێندنەوە و دەڕۆشتن. ماڵەکەی مامۆستا بەردەوام جمەی دەهات. پیرێژنەکە یارمەتیی فازڵیشی دا تا هاوسەرگیری بکات. هەردەم دەیگوت: "هەموو شتێک هەر بە تەقدیری ئیلاهییە". دواتر ئەویش بۆ لای جەنابی حەق گەڕایەوە و بە هاوسەرەکەی شاد بووەوە. بەڵام ئەو مرۆڤانەی مامۆستا پێی گەیاندبوون، چەشنی ژیانەکەی مامۆستا تەنیا لەبەر ڕەزامەندیی ئەڵڵا دەژیان و کاری خێری هاوشێوەی کارەکانی مامۆستایان دەکرد. هەر بەڕاستی مامۆستا و هاوسەرەکەی نەمردبوون. لە قەرەباڵغیی مەیدانی مەحشەردا پێک گەشتبوونەوە و بە مەبەستی داواکردنی شەفاعەتی پێغەمبەری ئازیز ملی ڕێگەیان گرتبوو.

# حەسرەت

ژیانی سەردەمی خوێندکاری و ڕووی ڕاستەقینەی ژیان زۆر لە یەک جیاوازن... کەمێک بەر لەوەی زانکۆ تەواو بکەم، بەڕاکردن خۆم کرد بە ئۆفیسی یەکێک لە هاوڕێکانمدا. هێشتا بیرمە کۆتا ڕۆژی تاقیکردنەوەکانمان بوو. سەردەمێک بوو کەوا ئەنارشییەت لە هەموو لایەکەوە جمەی دەهات. تەواوکردنی خوێندن لەو سەردەمەدا هەر بەڕاستی کارێکی سەخت بوو. هاوڕێکەم بە شێوەیەکی نامۆ لە خۆشحاڵییەکەی منی ڕوانی:

ـ لەمەودوا پێ دەنێیتە ژیانەوە. ژیان زۆر سەختترە. ناڕەحەتییە ڕاستەقینەکان لە ئێستاوە دەست پێدەکەن، بە چاوی خۆت ئەم قسانەم دەبینیتەوە.

ئەم قسانەی هاوڕێکەمم هێشتا لە گوێکانمدا دەزرنگێنەوە. هەرکاتێک بێتاقەت دەبم، ئەو قسانەی هاوڕێکەم بیر دەکەوێتەوە.

ـ کورە جارێ تۆ لە کوێتە، ژیانی سەردەمی منداڵی و خوێندکاری چەندە قۆناغێکی جیاوازە، ژیانی دوای ئەم دوو قۆناغەش هێندە بە قۆناغێکی نوێ ئەژمار دەکرێت.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

تازە دوو ساڵ بوو کەوا پێم نابوویە ژیانەوە. بەڵام هەردەم بیری سەردەمی خوێندکارێتیم دەکرد. ئەو هاوڕێیانەی پێکەوە لە ماڵێکدا دەماینەوە، هەموویان وەک دانەی هێشووی ترێیەک دەهاتنەوە بەرچاوم... وای چەندە خۆشمویستوون! دوورکەوتنەوە لەوان بۆ ماوەی دوو ساڵ، هێندە سەخت بوو بەلای منەوە هەر مەپرسە! لەم ماوەیەدا نەمتوانیبوو هاوڕێی دڵسۆزی وەک ئەوانم دەستبکەوێت. تەنیا ئەو کاتەی لەگەڵ ڕاستیەکانی ژیاندا ڕووبەڕوو بوومەوە، هەستم بە خۆشەویستی هاوڕێکانی سەردەمی زانکۆم کرد. تێگەشتم لەوەی هەر ئەوان عەشقی من بوون. ئەو هاوڕێ بێگەرد و پاک و نیەتپاکانەی کە تەنیا لەبەر ڕەزامەندیی خودا هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەندێک لەوان وەک من زانکۆیان تەواو کردبوو، هەندێکیشیان هێشتا خەریکی خوێندن بوون. ئەوانەی زانکۆمان تەواو کردبوو بەم شێوەیە بەڵێنمان بەیەکتری دا: "دەبێت زوو چاومان بە یەکتری بکەوێت، لە ڕێگەی نامە و تەلەفۆنەوە بەردەوام ئاگامان لەیەکتری بێت".

بەڵام تەواوی ئەو مرۆڤە پاکوبێگەردانە چەشنی دڵۆپەی باران کەوتنە ناو خاک و لەیەکتری ون بووین. دەبێت سەر ڕووی زەوی چەند گەرم بێت وەها ئەو هەموو دڵۆپە بارانەی قوت دا! کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی وەهای لێهاتووە، زۆر سەختە مرۆڤەکان لەکەدار نەکات و قوتیان نەدات! ئاوە پاکەکانیش تێکەڵی ئاوە لێڵەکان دەبن. تەنیا چارەی ئەوەی ڕێگری لە شتێکی لەو شێوەیەش بکەین، بریتی بوو لەوەی بەردەوامی بە پەیوەندیی نێوانمان بدەین و لەیەکتری دانەبڕێین. ئەو کاتەی زانکۆمان تەواو کرد، بەم شێوەیە بیرمان دەکردەوە. بەڵام ئەوە ماوەی ٢ ساڵ بوو هەرچییەکمان کرد نەمانتوانی چاومان بەیەکتری بکەوێت.

هەلگیرابوو.

هەتا کۆتایی وەرزی خوێندنی ئەم ساڵ هات، ئۆقرەم لەلا هەلگیرابوو. چونکە پشووی ئەو خوێندنگەیە دەستی پێدەکرد کە من وەک مامۆستا تێیدا دامەزرابووم، ئیدی دەمتوانی سەردانی هاوڕێ دڵسۆزەکانم بکەمەوە. لە ناخمدا حەسرەتێکی وەهام بەرانبەریان هەبوو هەر مەپرسە!.. چەشنی ئەوەی گەر نەیانبینمەوە گیانم دەربچێت... ئیدی شەوانە خەوم پێوە دەبینین، چەندین جار هەمان خەوم پێوە دەبینینەوە. خەوم بە هاوڕێکانم و ئەو ماڵەوە دەبینی کە سەردەمی خوێندکاریمان تێیدا بردەسەر، نەک هەر هاوڕێکانم، تەنانەت هێندە بیری کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکەشم کردبوو هەر مەپرسە! بیرم لەو ساتە دەکردەوە کە پەنجە بە زەنگی ماڵەکەدا دەنێم، دەچمە ژوورەوە، هەرکەسێک یەکەم جار بێتە بەردەمم باوەشی پێدا دەکەم، دواتر لە هەنسکی گریان دەدەم، بۆن بەو کەلوپەلانەی ناو ماڵەکەوە دەکەمەوە کە شایەتی ڕۆژە خۆشەکانی ئێمە بوون، سەرلەنوێ هەست بەو ڕۆژانە دەکەمەوە.

لەگەڵ هەرکەسێکدا پەیوەندیم دروست دەکرد، ئەوەم تێدا نەدەبینینەوە کە لە هاوڕێ دێرینەکانمدا هەبوو.یەکەم جار گومانی ئەوەم دەبرد کە ئەو گەرموگوڕییەی لە هاوڕێ دێرینەکانمدا هەبوو دەتوانم لەمانیشدا هەمان شت ببینمەوە. هەوڵی ئەوەم دەدا لەگەڵ هەموو کەسێکدا ناوە و دەرەوەم وەک یەک بێت و یارمەتیان بدەم و چاکەیان لەگەڵدا بکەم و هاوبەشی خەمەکانیشیان بم. بەڵام بە خۆشەویستییەوە ئامێزم بۆ هەرکامێکیان کردبێتەوە، ئەو لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی مندا درکی پیشانداوم. لە یەکە بە یەکەی مرۆڤەکانی چواردەورمم دەڕوانی. هیچ کامیان هێندەی هاوڕێکانی سەردەمی خوێندکاریم بێگەرد و دڵسۆز نەبوون. دڵم ماوەی

دوو ساڵ بوو بیری هاوڕێکانی جارانی دەکرد. بەڵام هیچ کاتێک هاوشێوەی ئەوانیشم نەدۆزییەوە. یەکێک لە هاورێکانم، کەسانی دەرەوەی بە ''ئەهلی دونیا'' ناودەبرد. من لەو قسەیەی تێنەدەگەشتم. بەڵام ئێستا لە دڵەوە لەم قسەیەی تێدەگەم. زۆر بەلامەوە سەیر بوو کەوا زۆرینەی مرۆڤەکان بەرژەوەندیپەرست، شۆرەتپەرست، لەخۆبایی و خۆبەزلزانن. بۆ ئەوەی دۆستێکی خاکی دڵسۆز بدۆزمەوە، دەستبەرداری ئەوانە بووم کە ژیانیان پێگەیاندبووم و باوەشم بە هەندێکی تردا کرد. بەڵام دۆزینەوەی دۆستی ڕاستەقینە هێندە پڕ ئازار بوو، هەر مەپرسە...

پاسەکە بەو شەوە بە خێرایی ڕێگەی دەبڕی، چەشنی ئەوەی بیەوێت تاریکی ببڕێت و بە ڕوناکی بگات. منی لە مرۆڤە خەمسارەکان دوور دەخستەوە، بەرەو ڕوناکی، واتە بەرەو لای هاورێ دڵسۆزەکانی دەبردم. بۆ ئەوەی ساتێک زووتر بەو شارە شاد ببمەوە کە ساڵانی خوێندکاریم تێدا بەسەر بردبوو، ئۆقرەم لەلا هەڵگیرا بوو. بیرم لەوە دەکردەوە کە بە چی شێوەیەک چاوم بە دۆستە دێرینەکانم دەکەوێتەوە. ئەو هەستەم تێگەڕابوو کە جارێکی تر سەرم خستۆتەوە سەر فەرشی ماڵەکەمان و دەستم بە گریان کردووە. وەک ئەوە بوو گرێیەک قوڕگی گرتبێتم. ئەو ئازارەی لە مرۆڤە بێوەفا و نەفامەکان بینیبووم، وەهای لێکردبووم بەرەو دۆستەکانم ڕابکەم. چەشنی ئەو کەسەی بەرەو خۆشەویست و عەشقی چل ساڵەی خۆی ڕادەکات. چەشنی ئەوەی بەرەو پیری ئەو مرۆڤانە ڕابکەم کەوا لە ڕاستیدا وەک کۆڵکەیەک دونیایان بە پێوە ڕاگرتووە، بەڵام زۆرینەی مرۆڤەکان ئاگایان لەوان نەبوو.

ڕۆژێکی شەممە بوو، نزیکی نیوەڕۆ کاتێک لە پاسەکە دابەزیم، چاوێکم بە گەراجەکەدا گێڕا. هەموو شتێک ڕێک وەک دوو ساڵ بەر

لە ئێستا لە شوێنی خۆیاندا مابوون. بە ڕاکردن لە شەقامە سەرەکییەکەوە بەرەو ناوەندی شار ملی ڕێگەم گرت. سەرلەنوێ لە یەکە بە یەکەی بیناکانم ڕوانییەوە. کاتێک لەو ماڵە نزیکبوومەوە کە ٤ساڵی تەمەنم تێدا بەسەر بردبوو، لە خۆشییاندا خەریک بوو دەفڕیم. چەشنی باڵندەیەک بووم، هەڵدەفڕیم بۆ شادبوونەوە بەو هاوڕێ دڵنورانیانەی ڕووی سووری مرۆڤایەتی بوون. ئێستا لە نێو ئەو شوقەیەدا بووم کە ماوەی ٤ ساڵ پلیکانەکانی لە ژێر قاچەکانمدا سوابوون. وێڕای ئەوەی زۆر ماندووش بووم، چەشنی بەورێکی چالاک گوڕم دایە بەر خۆم هەتا ٥ قاتی تر سەر بکەوم. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم. هەرچییەکم دەکرد دەستم نەدەچووە سەر زەنگی دەرگاکە. کێ ئاگای لە حاڵی کێیە، هاوڕێکانم بە هۆی ئەو دەرگایەی لەبەردەممدا بوو، لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دابڕابوون کە دەستیان لە بینی یەکتر گیرکردبوو. دوور لە کێشمەکێشەکانی دونیا، دیسان لە پێناو چاکسازی لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیان، بە شێوەیەکی سادە و پاک لەو بازنەیەدا کە ئیسلام چوارچێوەی کێشاوە، بەردەوامییان بە خوێندنی خۆیان دەدا.

خۆزگە دەمتوانی سەرلەنوێ ببمەوە بە خوێندکار. چونکە ماوەی دوو ساڵە لە دەستی مرۆڤە نیەت خراپەکان وەڕز بووبووم. گەر بگونجایە، جارێکی تر دەستم بە سەردەمی خوێندکاریم دەکردەوە. پێش ئەوەی دەستم بە زەنگی دەرگاکەدا بنێم، هەستم بە شەرمەزاری کچێک دەکرد کەوا لە خێزانەکەی هەڵهاتووە و دیسان گەڕاوەتەوە. جاران هێندە بێگەرد و دڵسافانە بیرم دەکردەوە، وەک ئاسنێکی خام بووم کە هێشتا ئاوی نەکێشابێت. ئێستا دیسان بۆ کورەی ئاسنگەرەکە هێنرابوومەوە هەتا ئاوی

پێویست بکێشم. کاتێک دەرگاکە دەکرایەوە، دەبوو چی بکەم؟ گووتم بە خێرایی دەچمە ژوورەوە و سڵاو دەکەم. دواتر هەرکەسێک بێتە بەردەمم، بە ڕۆحێکی برایانەوە باوەشی پێدا دەکەم. بە زۆر دەستەکانم بەرز کردەوە و پەنجەم بە زەنگی دەرگاکەدا نا.

دەرگاکە جیرەی لێهات و بە هێواشی کرایەوە. کەسێکی مووزەردی، یێریشی، قژدرێژ هاتە دەرەوە کە قەنافزەکانی هەتا سەر چەناگەی هاتبوون. بیجامەیەک و فانیلەیەکی عەلاگەی لەبەردا بوو. کەسێکی باڵا مامناوەند بوو. کاتێک منی لەبەردەمیدا بینی چاوەکانی کرانەوە. وەک ئەوە بوو لە حەیرەتاندا واقی وڕمابێت. ئێستاش کاتێک ئەوەم بیر دەکەوێتە کە بێ فەرموو لێکران خۆمم بە ژوورەوەدا کرد، لە شەرماندا سوور هەڵدەگەڕێم.

سەری سوڕمابوو لەوەی توشی چی بووە و ڕەنگە ترسابێتیش. یەکسەر باوەشم بە ملیدا کرد. بەڵام ئەو باوەشی بە مندا نەکرد. ڕەنگە وەهای زانیبێت من خزمێکی ئەوم کە هەتا ئێستا نەیناسیوە و لە ژیانیدا چاوی پێنەکەوتووە. وەک خووی چوار ساڵەم، یەکسەر خۆمم کرد بەو ساڵۆنەی لای چەپی دەرگاکەوە بوو، ئەویش لە دواوە واقی وڕمابوو. لە حەیرەتاندا خەریک بوو هاواری دەکرد. بە بێدەنگی و سەرسوڕمانەوە لە دوامەوە هەنگاوی هەڵدەگرت. چوومە ساڵۆنەکەوە، یەکەم شت کە سەیرم کرد خۆشەویستەکانم بوو کە پێش دوو ساڵ بەجێمهێشتن: گوڵەکانم. بەڵام سەرم سوڕما، لە شوێنی خۆیان نەمابوون.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سەیری کەلوپەلی ناو ماڵەکەم کرد، کەلوپەلەکانی ئێمە نەبوون. بۆنی ماڵەکەم کرد، بۆنی ماڵەکەی ئێمە نەبوو.

دواتر ژنێکی قژ درێژ هاتە بەردەمم کەوا قژی ڕێک داهێنابوو و تەنورەکەشی هەتا سەر ئەژنۆی هاتبوو. پاشان کچێکی منداڵ دەرکەوت کە بلوسێکی بێقۆڵ و شۆرتێکی لەپێدا بوو. سەرم بە تەواوی لێ شێوابوو. لە کاتێکدا من بۆ ماڵی کۆمەڵێک زگوردی هاتبووم، خێزانێکی تێدا بوو. لە ناوەڕاستی ساڵۆنەکەدا بە پێوە وەستابووم. گووتم وابزانم لەم ماڵەدا جگە لە دیوارەکان کەسی تر من ناناسێت. ئێستا ئەقڵم هاتەوە سەر خۆم. دەموچاوم بە تەواوی سوور هەڵگەڕابوو. گووتم وەها دیارە هاوڕێکانم لێرە باریان کردووە. تەواوی ئەم شتانە لە ماوەی خولەکێکدا وەک شریتێکی سینەمایی بە مێشکمدا هاتن و ڕۆشتن. ئەندامانی خێزانەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەموچاوی منیان دەکرد. ئیدی نازانم چۆن بوو سەرۆکی خێزانەکە لە پڕێکدا گووتی "ئێوە کێن؟ بە دوای کێدا دەگەڕێن؟". منیش چاوەکانم سەیری خوارەوەیان دەکرد و لە شوێنی خۆم چەقیبووم. منیش بە لاڵەپەتەییەکەوە دوای چەند خولەکێک توانیم باسی مەرامی خۆمیان بۆ بکەم.

کاتێک لە دەرگای دەرەوە نزیک بوومەوە، بە چەند وشەیەک باسم لەوە کرد کە بۆ بینینی کێ هاتووم و لەبەرچی هاتووم. کابراش برۆکانی گرژ کرد و گووتی هاوڕێکانم بۆ دوو شوقەی سەرووتر باریان کردووە. لە تەریقیدا سەیری خوارەوەم دەکرد. وەک دوو ساڵ بەر لە ئێستا. لە پلیکانەکانەوە دابەزیم. خۆزگە تەنیا جارێکی تر جێخەوەکەم دەبینییەوە کە ماوەی ٤ ساڵ تێیدا خەوتبووم. یاخود جارێکی تر لەو

باڵکۆنەدا دابنیشتمایەتەوە کە لێیەوە سەیری چواردەورمان دەکرد. ناڕەزایی ئەندامانی ئەو خێزانە کۆتا خاڵی دانا. گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو کە بە توندی لە دوامەوە پێوەدرایەوە.

منیش لە تەریقیاندا تەنانەت ئاوڕێکیشم پێنەدرایەوە. یادەوەرییەکانم لەیاد کردبوو. تەریقی دایگرتبووم و لە داخاندا بەسەری خۆمدا دەکێشا. کاتێک چوومە ماڵە تازەکەی هاوڕێکانمەوە، نە ئامێزگرتنەوە، نە یادکردنەوەی یادەوەرییە کۆنەکان، نە بۆنی کەلوپەلی ناو ماڵەکە، هیچ شتێک لە ئەقڵمدا نەمابوو. هەرکاتێک بیری ئەو ساتەم دەکەوتەوە، لەبەر خۆمەوە پێدەکەنیم و گازم لە لێوەکانم دەگرت و سەرم ڕادەوەشاند و دەمگووت تۆبە تۆبە. بەڵام ئەو شتانەم بڕیاربوو بە هۆی حەسرەتی دووری هاوڕێکانمەوە ئەنجامی بدەم، هەموویم لەبیر چوویەوە. پەنجەم بە زەنگەکەدا نا و چوومە ژوورەوە. ڕێک بەو کەشوهەوا براییە باڵایە شادبوومەوە کەوا ڕۆحی تەنیبووم. بە خۆشەویستی ئەوانەوە تێر بۆنم کردن هەتا سەرمەست بووم. بەڵام لەوێدا لە شتێک تێگەشتم. ئەو ساتەی تێیدا دەژی لە نێو پەڕەکانی مێژوودا دەنێژرێت و ئەوەی پێیدەڵێین جاری جاران تەنیا لە وێنەکاندا دەمێننەوە. ئەوەی دەخرێتە جێگەی ئەو ساتانەش، هەمان تامی جاران نادات. ئەو قسەیەم یاد کەوتەوە کەوا لە کتێبێکدا خوێندبوومەوە: "بەڵێ، گوزەرانی ژیانی دونیا خەوە. وەک ڕەشەبایەک دێت و دەڕوات". بەڵێ، ژیان هەر ئەو ساتەیە کە تێیدا دەژی. ئەویش هەر زوو ون دەبێت. کەواتە با نرخی ئەو ساتە بزانین کە تێیدا دەژین".

*** 

# تاریکی و ڕۆشنبوونەوە

لە کاتی ڕۆشتنم بە تەواوی سەروەتەکەم لەدەستدابوو. چەشنی ئەوەی لە شوێنێکی تاریکونوتەکدا چراکەی دەستم کوژابێتەوە و لە ڕێگا بەجێمابم. نە دەمتوانی هەنگاوێک بچمە پێشەوە، نە هەنگاوێک بەرەو دواوە هەڵبنێم. ئیدی هەر مەسافەیەکیشم دەبڕی زیاتر لە کەندەڵانی نزیک دەکردمەوە. بەم هۆکارە بێت یان ئەوی تریان، تەنیا ڕاستییەک لەو نێوەندەدا هەبێت ئەوە بوو کە من تەواوی سەروەتەکەم لەدەستداوە. دەبوو ئەم حەقیقەتە قبوڵ بکەم.

٥ سەر خێزانم هەبوو. لە جوانترین خانووەکاندا ژیانیان بەسەر بردبوو، هەرچی داواکارییان هەبوو جێبەجێ کرابوو. هیچ کاتێک لەسەر نەبوونی ڕانەهاتبوون. بەڵام من لەبەر ئەوەی لە هەژارییەوە هاتبووم، کەم و زۆر، بوون و نەبوونیم چەشتبوو. بەڵام نەمدەتوانی ئەوانیش لەم ڕاستییە تێبگەیەنم. زۆر سەخت بوو لەوەیان تێبگەیەنم کە ئەمەی بەسەر ئێمە هاتووە تاقیکردنەوەیە.

هاوسەرەکەشم کەسێک بوو هەر لە منداڵییەوە داواکارییەکی نەکرابوو بە دووان و هەرچی ویستبوو لەبەردەمیدا ئامادە کرابوو. من خۆم دەمتوانی

بەرگەی ناڕەحەتییەکان بگرم، بەڵام بیرم لەو دەکردەوە کە ئاخۆ ئەو چۆن بتوانێت بەرگە بگرێت. چونکە ئەو بە گوێرەی خۆی غرورێکی هەبوو، گەر لە برساندا بشمردایە داوای هیچی لە کەس نەدەکرد.

هەموو منداڵەکانم خوێندکار بوون. ڕووداوەکان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر جێهێشتبوون. هەربۆیە سوکنایی بۆ هاتنیان لە ڕووی مادییەوە کاری نەکردە بوو. تەنیا دڵم بەوە خۆش بوو هەموویان حەزیان لە خوێندنەوەی کتێب بوو. وەهام بیر دەکردەوە کەوا لە ڕێگەی کتێبەوە پێداویستییە سۆزدارییەکانی خۆیان دابین بکەن.

سەرباری ئەمانەش، دایک ، باوک و برایەکیشم هەبوو کەوا لە زانکۆ دەیخوێند و خۆم بە بەرپرسیاری ئەوانیش دەزانی. لایەنی کەم ماوەی ٢٠ ساڵ بوو من سەرپەرشتیی بژێویی ژیانی ئەوانیشم دەکرد. باوکم هەندێک لە کارەکانی منی بەڕێوەدەبرد و هەر خۆم بژێوی ژیانی ئەویشم دابین دەکرد. ئێستا ئەوانیش بێکەس مابوونەوە. کرێکاری پیشەی دێرینی باوکم بوو، بە شەست ساڵ تەمەنەوە سەرلەنوێ قۆڵەکانی بۆ کاری کرێکاری هەڵکردبوویەوە. وێڕای ئەوەی گووتم "باوکە بوەستە، بەشکم خودا هۆکارێک بنێرێت!"، بەڵام ئەو لە وەڵامدا گووتی "من دەتوانم پێداویستییەکانی خۆم دابین بکەم". لە شارەکەی خۆماندا خانەوادەیەکی ناسراو بووین. چوونی باوکم بۆ کرێکاری، غروری منی بریندار کرد. وەک ئەوە بوو بە ناخی زەویدا ڕۆچووبم. ئیدی ڕووم نەدەهات بچمە ناو خەڵکەوە. براکەشم دوای مانگێک زانکۆی تەواو کرد و هاتەوە، بەڵام هێشتا وەک مامۆستا دانەمەزرابوو. هەروەها خەریک بوو ژنی دەهێنا. وەهای بیر دەکردەوە کە داهاتوویەکی تاریکی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەیە. نەخۆشیی پەرکەمی لەگەڵدا بوو، هەندێک جاریش دەبووڕایەوە. لەو باوەڕەدا بووم "ئەرکی من"ە براکەشم بە شێوەیەکی گەشبینانە سەیری داهاتووی خۆی بکات. ئەمەش بەرپرسیارێتیەکی مەعنەویی تری خستبوویە سەرشانەکانی من.

جگە لەم برایەشم، دوو برای تریشم هەبوون کە هەر خۆم گەورەم کردبوون و ژنم بۆ هێنابوون. ئەوانیش هەریەکەیان خاوەنی ماڵ و خێزانی خۆیان بوون. ئەوانیش لە کارەکەی مندا کاریان دەکرد و بژێویی ژیانی خۆیان دابین دەکرد. کێشەکانی من لە نێو خێزانەکانی ئەوانیشدا مشتومڕی نابوویەوە. هەتا ئەم ساتە، لە کاری هیچ کەسێکی تردا کاریان نەکردبوو. زۆر خەفەتم بەوە دەخوارد کەوا بە ناچاری ڕوویان لە دەرگای بێگانە کردووە و داوای کاریان لێ دەکەن.

تەنانەت بووکەکانم کەوا تەواوی پێداویستییەکانم بۆ دابینکردبوون و چاوەڕێی ڕێزم لێیان دەکرد، منیان تاوانبار دەکرد. گلەیی ئەوەیان دەکرد کە هیچ کارێکم فێری مێردەکانیان نەکردووە و توڕەبوون لەوەی هەتا ئێستا جیام نەکردوونەتەوە.

خەمەکانم هەر بەوەندە تەواو نەدەبوون. ئەو کرێکارانەشم کەوا چەندین ساڵ کارم پێ کردبوون، برسی مابوونەوە. زوو زوو دەهاتنە لام و زۆر خەفەتم بە حاڵی ئەوانیش دەخوارد. نزیکەی ٢٠٠ کەسێک دەبوون. هەر کاتێک دەچوومە کۆڵان چاوم بە هەندێکیان دەکەوت. پێیان دەگووتم" مامۆستا موحتاجی دەستی ئەوانە بووین کە هەتا دوێنێ ئیرەییان بە ئێمە دەبرد،

ئێستا داوای کار لەوان دەکەین، ئەمە زۆر برینداری کردووین". لەگەڵ کرێکارەکانیشمدا وەک خێزانێک بووین. ئیدی ڕکابەرکانم پێکەنینیان بە حاڵم دەهات.

لەگەڵ حکومەتیش هەندێک کێشەم هەبوو. قەرزی کۆمپانیا و قەرزی بیمە هەموو مانگێک ٪١٥ سووی دەچووە سەر. هەندێک کێشەی تری وەک فرۆشتنی ئەو موڵکانەی لەلایەن خاوەن قەرزەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو و دانەوەی قەرزەکانیان، تەواوکردنی ڕێکارە داراییەکانی کارەکانم هەبوو.

بە کورتی، لە ژێر باری چەندین تەن بەرپرسیارێتیی ماددی- مەعنەوی جوڵەم لێ بڕابوو. خۆم وەک کەسێک دەهاتە بەرچاو کە بە شوێنێکی بەرزەوە هەڵواسراوە و لەلایەن ملیۆنان کەسەوە بەردباران دەکرێت. داهاتووم تاریک و لە هیچ لایەکەوە تروسکاییەکم نەدەبینی. هەرچییەکم بکردایە فریای هیچ نەدەکەوتم، دەمویست یارمەتیی کەسە نزیکەکانم بدەم، بەڵام ڕووی ئەوەم نەبوو سەیری دەموچاوی کەسیان بکەم.

سەرباری تەواوی ئەمانەش، هەرکەسێک منی بناسیایە و نەناسیایە، خۆشیان بویستمایە یان نا، لە هەموو کوچە و کۆڵانێکی شار غەیبەتی منیان دەکرد. لەپاڵ ئەو چاکانەی ئەنجامم دابوون، باسی هەڵە و کەموکورییەکانیشیان دەکردم. ئەو کارانەم جاران لای خەڵکی وەک فکرەیەکی زۆر درەوشاوە بوون، ئێستا بێنرخ دەبینران.

ئەو پاڵپشتی و هێزەی لە مێژەوە وەها هەستم دەکرد پشتم بە دیوارەکانییەوە ناوە، ئێستا هیچیان نەمابوون. جاران گەر سەرلەبەیانی پێویستم بە پارە هەبووایە، خودا نیوەڕۆکەی هۆکارێکی بۆ دەناردم. یەکسەر پارەم بۆ پەیدا دەکرا. هیچ کاتێک بەردێک نەهاتبووییە سەر ڕێگای تایەکانم. بەڵێ ئێستا لە پەلەقاژەدا بووم. دەمویست دەستبەجێ کێشەکان چارەسەر بکەم، لە ماوەی ٥ خولەکدا بەسەر ناڕەحەتییەکاندا زاڵ ببم، بە فریای خۆشەویستانم بگەم و چارەی خەمەکانیان بکەم.

هێشتا لەوە تێنەگەشتبووم کە ئێستا ڕۆڵەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا جاران ڕۆڵی ئەکتەری سەرەکیی سەر تەختەی شانۆم پێدرابوو، ئێستا ڕۆڵەکەم کەم کراوەتەوە بۆ پاسەوانێک کە تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ وەستاوە و حەقی هیچ شتێکی تری نییە. ئەمەش لە دوای ماوەیەک هەوڵدان توانیم لێی تێبگەم. چونکە پەلەقاژەی من هیچ سوودێکی نەبوو. لە شانۆی تەمەنی ناو ژیانی دونیامدا، کەسێک بووم کە تەنیا چاوەکانی جوڵەیان دەکرد و مێشکی بیری دەکردەوە. باوەڕی تەواوم بە خودا هەبوو. ئەوەم دەزانی کە هەموو شتێک هەر لەلایەن ئەوەوە نەخشەڕێژی بۆ کراوە. بەڵام هیچ کاتێک هێندە لە ناخمەوە درکم بەوە نەبردبوو کە ڕۆڵەکانی ناو ژیانیش هەر لەلایەن ئەوەوە دیاریکراوە. ناچار خۆم لە گۆشەیەکەی ماڵەکەم توند کرد و تەواوی کاتەکانم بە خوێندنەوەی کتێبەوە بەسەر دەبرد. یەکێک لەو کتێبانەی خوێندمەوە وەک ڕووناکیی ناو ژیانمی لێهات. لە ڕێگەی یەکەم دێڕی ناو ئەو کتێبەوە، پوختەی ئەوەی پێدام کە دەبێت داوای چی لە کێ بکەم. ئەم چەند دێڕەش بەم شێوەیە بوو: ”لە ڕێگەی توانستی ئەوەوە هەموو

کێشەیەک چارەسەر دەبێت و دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە. لە ڕێگەی یادی ئەویشەوە دڵەکان سوکنایییان دێت. لەسەر ئەم بنەمایەش، ڕزگاری و بەختەوەری تەنیا لە ڕێگەی پەنا بردنە بەر (اللّه) بەدیدێت".

ئیدی لە پڕێکدا هەموو لایەک ڕۆشن بوویەوە. ئیدی تێگەشتم لەوەی کە دەبێت داوای چی لە کێ بکەم. چەند دێڕێکی دوای ئەویش زۆر بەجوانی گوزارشتی لە حاڵی من دەکرد:

"بەڵێ، مرۆڤ وێڕای ئەوەی بەشەرەفترین کەسی نێو گەردوونە و لە بازنەی هۆکارەکاندا خاوەنی فراوانترین بواری هەڵبژاردنە، بەڵام لە نێو کردارە خۆویستەکانی وەک خواردن و خواردنەوەشدا، لە سەد بەشی سادەترینی کردارەکانیشیدا خاوەنی تەنیا بەشێکە. دەی گەر مرۆڤ کەوا سوڵتانی هۆکارەکانە بەم شێوەیە دەست و قۆڵی بەسترابێت، لە نێو هۆکارە گشتییەکاندا، دەبێت چەند هۆکارێکی هاکەزایی چی شتێکیان لەدەست بێت؟"

دواتر لە پەرەگرافێکی تردا دەڵێت: "بە هەمان شێوە گەردوون لە ڕووی گشتی-تایبەتی و ماددی-مەعنەوی لە نێو ئاتاجییەکی گەورەدایە، لە ڕوانگەی هاتنەبوون و مانەوەی لە نێو بووندا کۆڵەوارترە لەوەی کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات. دەی کەوایە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە داواکاریانەی بەبێ ئەوەی خۆی شعوری کارێکی لەو شێوەیەی هەبێت، دەبێت لەلایەن زاتێکی بەخشندە و میهرەبان (الرَّحْمن الرَّحِيمْ)، فەرمانڕەوایەکی دەسترەنگینەوە بێت کە بوونی حەتمییە و دەبێت هەبێت(وَاجِبُ الوُجودْ)".

ئەم چەند دێڕە، تاریکیی نێو ژیانی منی ڕۆشن کردەوە. کاتێک سەیری داهاتووم دەکرد، گەر زۆر لە دووریشەوە بووایە تروسکاییەکم

هەر بەدی دەکرد. لایەنی کەم لەوە تێگەشتم کە دەبێت چی بکەم. ئەو پەروەردگارەی لە ڕێگەی وشەی "لَا إِلَهَ إِلَّا الله" باوەڕم پێی هێنابوو، ڕۆڵی منی لە ژیاندا دیاری کردبوو. ئیدی ڕۆڵی سەرەکیی لە من سەندبوویەوە. ڕۆڵی ئێستام بریتی بوو لەوەی هیچ جووڵەیەک نەکەم، بۆ نێو ناخی خۆم بگەڕێمەوە و لە پەروەردگاری خۆم بڕوانم و چاوەڕێی بکەم.

ئیدی لە ڕێگەی خوێندنەوەکانمەوە لەوە تێگەشتم من نە دەتوانم پێداویستییەکانیە خۆم دابین بکەم نە دەرمانی دەردەکانی خێزانەکەم بکەم. من ڕۆزیدەری دایک، باوک و تەنانەت کرێکارەکانیشم نەبووم. تەنیا (الله) ڕۆزیدەری ئەوانە. من تەنیا ئامرازێک بووم. بەڵام ئەوەی ناسۆریی بە من دابوو، بریتی بوو لەوەی خۆم بە خاوەن و ڕۆزیدەری ئەو هەموو مرۆڤە زانیبوو. ئێستا چاکتر لەو منەی ناو ناخم تێدەگەشتم. واز لە دابینکردنی پێداویستیی ئەو هەموو مرۆڤە بهێنە، تەنانەت کۆڵەوارتر بووم لەوەی پێداویستییەکانی خۆشم دابین بکەم. تەنانەت ئەو شتانەی دەشمخواردن، تەنیا هێندە توانام بەسەریاندا هەبوو کە بەدەستەکانم بیانگرم و بە زمانم تامیان بکەم. ئیدی قۆناغەکانی دوای ئەوە لەدەستی مندا نەبوون. گەدەم خۆی خواردنەکانی هەرس دەکرد و لە ڕێگەی سیستەمێکی ڕێکخراوەوە خۆراکەکان بە هەریەک لە خانەکانی جەستەم دەگەشتن. تەنانەت ئەندامەکانی جەستەشم لە دەرەوەی ویستی من کاریان دەکرد. گوێڕایەڵی فەرمانەکانی من نەبوون. تەنانەت قسەکانم لای ئەوانیش نەیاندەخوارد.

دەی کەسێک دەسەڵاتی بەسەر ئەندامەکانی جەستەی خۆیشیدا نەبێت، چۆن دەتوانێت کەسانێکی تر بەڕێوە ببات؟ من حەدی ئەوەم نییە

ئەم هەموو مرۆڤە بەخێو بكەم و پێداویستییەكانیان دابین بكەم. بەڵام ئەو كارانەی وەک داخوازیی ڕۆڵی ناو ژیانم ئەنجامم دەدان، وەک ئەركی ڕاستەقینەی خۆم هاتبوونە بەرچاوم. تەنانەت ئەو سپاردانەی بە مەبەستی دابەشكردنیان بە من درابوون، بە موڵكی ڕاستەقینەی خۆم زانیبوون. ئیدی جگە لەو چارەیەكی ترم لەبەردەمدا نەمابوو. دەبوو سەرلەنوێ داوای ئەو هێزە بكەمەوە كە لەلایەن ئەوەوە پێم درابوو.

گەرچی نوێژەكانم دەكرد، بەڵام بە شێوەیەكی بێئاگا لە خودا ژیانم بەسەر دەبرد. دەبوو چەمكی "لَا إِلهَ إِلَّا اللّٰه" سەرلەنوێ دەرخواردی هەموو بوونم بدەمەوە. لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا گومانی ئەوەم بردبوو كە هەر خۆم خاوەنی ژیانم، تێگەشتم لەوەی كە هاوبەشم بۆ ئەو پەیدا كردووە. چونكە ئەو كارانەی ئەنجامم دابوون، بە توانستی ئەو ئەنجامم دابوون. بەڵام من گومانی ئەوەم بە خۆم بردبوو كە هەر خۆم ئەنجاممداون.

دەبوو بۆ تێگەشتن لەمانە توشی ئەم كارەساتە ببم. هێشتا داهاتووی خۆمم بە ڕوونی نەدەبینی. بەڵام هەر خۆیشی داهاتووی من دەئافرێنێت. دەبوو وابەستەی ئەو ببمەوە و جگە لەو بیر لە هیچ شتێكی تر نەكەمەوە. جارانیش دوعام دەكرد، بەڵام لە دوعاكانی ئێستامدا لەوە تێگەشتووم كە لە ڕاستیشدا هەموو شتێک هەر لە دەستی ئەودایە، پێویستە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو بپاڕێمەوە.

شانۆ و ڕۆڵەكان هەر لەدەستی ئەودایە. دەكرێت ڕۆڵی سەرەكیت پێ بدات، دەكرێت ڕۆڵی پاككەرەوەی تەوالێت یان خاوێنكەرەوەی سەر تەختەی شانۆكەشت پێ بدات... ئیدی تێگەشتم لەوەی كە دەبێت

سوپاسگوزاری ئەو ببم، ڕازی ببم بەو شتانەی پێیبەخشیوم، بە ڕۆڵەکەی خۆم دەست هەڵبگرم... ئەگەرنا گووتنەوەی "اَلْحَمْدُ لله" لە دوای خواردن و خواردنەوە و بە سنگ دەرپەڕاندنەوە، وەک قسەیەکی سەرزارەکیی لێدێت و بە سوپاسگوزاری ئەژمار ناکرێت. دەبێت زمان، دڵ و جەستە پێکەوە سوپاسگوزاری ئەو ببن. لە ڕێگەی ئەوەی کەس نەخەیتە نێوان خودا و خۆتەوە... نە دونیا و نە ئاخیرەت... هیچ شتێک نەکەیتە ئامانجی خۆت. دەبوو جگە لە خۆشەویستی و ڕەزامەندیی ئەو هیچ شتێک نەکەمە ئامانجی خۆم...

لە دوای سالێک، بە پشتیوانیی خودا پاکتاوی کارەکانم کرد. لە ماوەی ئەم ساڵەدا هەوڵمدا لە واتای یەکەم وشەی یەکتاپەرستی تێبگەم کە "لَا إِلٰهَ إِلَّا الله" یە. بەڵام دیسان گومانی ئەوەم بە خۆم برد کە تێگەشتووم، ئەقڵ و تەگبیرەکانی خۆمم بەسەر ئەودا پێش خست و سەرلەنوێ تێکەڵی کارە دونیاییەکان بوومەوە.

گەر تواناکەی جارانم بەدەست بهێنایەتەوە، دیسان بەدەم کێشەی مرۆڤەکانەوە ڕامدەکردەوە. لە جاران زیاتر هەڵپەم دەکرد. بەردەوام کارم دەکرد. تەنیا بۆ ئەوەی ببمە خاوەنی هەندێک شت و بتوانم هەندێک شت بکەم. زانین، هەوڵدان و تەگبیر کردن بەس نەبوو. دیسان ئاتاجی پاڵپشتیی ئەو بووین. ئەو پاڵپشتییەی ئەوم نەدۆزییەوە و لە هیچ کارێکمدا سەرکەوتوو نەبووم. جەنابی حەق کەوا مۆڵەت بە مرۆڤەکان دەدات، کاتێکی دیاریکراوی بە من دابوو. پێم وەهابوو زیاتر وابەستەی خودا بووم. بەڵام وەها دیاربوو لە کارەکانمدا دیسان خۆمم خستبوویە شوێنی ئەو. دیسان ئەوی پەرستراوم لەبیر کرد، کە تەنیا خۆی فەرمانڕەوا و

خاوەن ماڵە. هێشتا خۆمم بەهێز دەبینی و ئەوەم لەیاد دەکرد کە بە یارمەتیی ئەو کارەکانم دەکەم.

دیسان لە ژێر باری هەندێک کاردا پلیشامەوە و لە کارە دونیاییەکانمدا سەرکەوتوو نەبووم. ئەمجارەیان هەر بە ڕاستی نە دەمتوانی بڕۆم، نە دەمتوانی دەستم بۆ هیچ کارێک درێژ بکەم. تەنیا چاو و مێشکم کاریان دەکرد.

دەمویست هەموو دونیا فەتح بکەم و بەدەم مرۆڤەکانەوە ڕابکەم و تێریان بکەم. دیسان خۆمم لەبیردەکردەوە کە من چیم. جاری پێشووش وەها گومانم دەبرد هەر بەڕاستی لەوە تێگەشتووم کە هەموو شتێک هەر لەلایەن خوداوە دەدرێت.

بەڵام ئەمجارەیان بەناچاری بەو ڕۆڵە ڕازی بووم کە لەلایەن ئەوەوە دیاری کرابوو. تێگەشتم لەوەی کە دەبێت بە چی ڕازی ببم و قەناعەت بەو ڕۆڵە بکەم کە بۆم دیاری دەکرێت. لەم دوو کارەساتەوە دوو وانەی حەقیقەت فێربووم. یەکەم: "هەموو کارێک هەر (اللّٰە) دەیکات، ئەوەی بەڕاستی ئیمانی بەمە هەبێت، لەوە تێدەگات ڕۆڵی خۆی هیچە و خۆیشی هیچە".

دووهەم: "لەو شوێنەدا بوەستە کە بۆت دیاریکراوە، ڕازی ببە بە بەشی خۆت". دواتر باوکم خانەنشین بوو. مووچەکەشی هێندە بوو کە بەشی بژێوی ژیانیی دەکرد. تەنانەت دوو جاریش پارەی بۆ ناردم. حاڵی برا بچوکەکەشم لە من باشتر بوو. (اللّٰە) هێندەی دوو براکەی تریشم

خۆیان بژیەنن ڕۆزی پێدابوون. حاڵی هەردووکیان لە من باشتر بوو. زۆرینەی کرێکارەکانیشم لە کاری جیاوازدا دەستیان بە کار کرد و ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبرد. تەنیا من لەو نێوەندەدا دەستەوسان مابوومەوە، ئەو خزمانەم کەوا خەمی ئەوەم بۆ دەخواردن ناتوانم یارمەتییان بدەم، ئێستا دەیانتوانی یارمەتیی من بدەن.

گەر باسی خێزانەکەشم بکەم، کچەکانم لە زانکۆ دەخوێنن. تەنانەت دەرماڵەی خوێندن وەردەگرن و لە ڕێگەی گووتنەوەی وانەشەوە پارەش پەیدا دەکەن. هەروەها هاوسەرەکەم لە من تووڕە بوو گووتی "ئیدی پێویستم بە پارەی تۆ نەماوە!"، لە ڕێگەی سەرپەرشتیی منداڵی براکەیەوە کرێی خانووەکەمان پەیدا دەکات. منیش لە ڕێگەی خانەنشینیی کرێکارییەوە بژێویی ژیانم دابین دەکەم. بەکورتی کەس پێویستی بە من نەماوە.

یەکێکی تر لەو حەقیقەتانەی لێی تێگەشتم: (اللّٰە) ڕۆزی هەر بەندەیەکی دەدات کە هێناویەتییە دونیاوە. منداڵەکان هی من نین، هەر ئەو بەدیهێناون و خۆیشی ڕۆزیدەریانە. لە کاتێکدا من خۆم بە بەرپرسی بژێویی هەموو کەسێک دەزانی، ئێستا کەس پێویستی بە من نەماوە. گەر کاریش بکەم و پارەی زۆریش خڕ بکەمەوە، تەنیا فریای کڕینی ئەو پێداویستییانەی ئەوان دەکەوم کە لە ژیانیاندا زەروری نین. هەر وەهاشە، مەگەر هەر خوا خۆی دەستەبەری ڕۆزی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان نییە؟ مەگەر هەر خۆی ئەو ڕۆزییە نادات کەوا لە گەروومان دەچێتە خوارەوە؟

من سزادراوم، هێشتا دەستەکانم و قاچەکانم گۆ ناکەن، تەنیا چاو و مێشکم کار دەکەن. گەر هەموو ئەندامەکانیشم کار بکەن، وەک جاران

ئاسوودە دانانیشم. تێگەشتم لەوەی ئێستا ڕۆڵی ئەوەم پێدراوە لە ڕێگەی جوڵەی چاوەکانم و مێشکمەوە ئەم نووسینە بنوسم. چاک دەزانم کە لە دەرەوەی ئاگاداریی خودا ناتوانم هیچ کارێک بکەم، لە ئێستادا دەخوێنمەوە و دەنوسم. پێم وایە لە ئێستادا ئەم ڕۆڵی منە. دەشێت ڕۆڵی نوێ و بەرگی نوێ بە بەرمدا بکات. دەشێت بەیانی سەرۆکوەزیران، ڕۆژی دواتریش خۆڵڕێژ بم. ئامادەی هەموو ڕۆڵێکم، کار دەکەم و چاوەڕێم. دەستم لەوە هەڵگرتووە ئیمبراتۆرییەتی ماددی بونیات بنێم. گەر توانام هەبێت خوازیاری بونیاتنانی ئیمبراتۆریەتی مەعنەویم. هەربۆیە هەوڵی ئەوە دەدەم لەو تێبگەم و لە دروستکراوە سەیرەکانی پەروەردگارم بڕوانم. باوەڕم بەوە هەیە، دونیای خۆم لە ڕێگەی ئەوەوە ڕۆشن دەکەمەوە: "لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه".

ئێستا لە ئەندامەکانی جەستەمدا تەنیا دەتوانم چاوەکانم و مێشکم بەکاربهێنم. لە ڕاستیشدا جگە ئەم دوو ئەندامەم، ئەندامەکانی ترم لە دەرەوەی ویستی من کاری خۆیان دەکەن. تەنانەت ئەو ئەندامانەی لە ئێستادا گومانی ئەوەیان پێ دەبەم کە دەتوانم بەکاریانبهێنم، بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی مندا نین.

ئێستا سوپاسگوزاری خودام کە ئەم نوسینەی منی بە ئێوە خوێندەوە. چونکە هەر ئەو باڵادەستە. ئێمە ژێردەستەی ئەوین. هەر ئەو خاوەنی موڵکە و لە نێو موڵکی ئەودا کارەکانمان دەکەین. ئایا دەگونجێت لەم موڵکەی ئەو بچینە دەرەوە؟

هەربۆیە پێویستە لە دڵەوە شوێنکەوتەی ئەو ببین. بێگومان خۆ گەر شوێنکەوتەی ئەویش نەبین، شتێکمان لەدەست نایەت. کەواتە پێویستە گوێڕایەڵی ئەو ببین و ببینە بەندەیەکی چاکی ئەو. چەند بەختەوەرن ئەوانەی هێزی خۆیان لە بێهێزییاندا دەبینن. بۆ ئەوەی لەم ڕاستییە تێبگەم، لایەنی کەم توشی ۳ کارەسات بووم. پشتیوان بە خودا ئێوە بێ ئەوەی توشی هیچ کارەساتێک ببن، لەم ڕاستییە تێدەگەن و لەگەڵ ناسینی پەروەردگارمان پێکەوە سوپاسگوزاری دەبین و ڕازی دەبین بەوەی لەلایەن ئەوەوە پێمان دراوە.

* * *

# پاداشت بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵن

ئەو کاتەی لە فەرمانگەیەکی میری دامەزرێنرام، شەو و ڕۆژ کارم دەکرد. لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی زگوردی بووم، زۆر هەستم بەوە نەدەکرد کە پێویستم بە پارەی زۆر بێت. بەڵام ئەو کاتەی هاوسەرگیریم کرد، پێویستم بە پارە هەبوو. گەر بە گوێرەی کارکردن پارەیان پێ بدامایە، ئەوا ئامادە بووم هەتا شەویش بمێنمەوە و کاری زیادە بکەم. هەر هێندە بتوانم بەئاسانیی ماڵەوە بەڕێوە ببەم بۆ من بەس بوو. بەڵام کاری زۆر و کەم جیاوازی نەبوو، سەری مانگ هەمان مووچەیان پێ دەدایـن. کاتێک دەچووینە بەردەم کارمەندی ژمێریاری، من و فەرمانبەرەکەی پەنام کەوا زۆر بایەخی بە کارەکانی نەدەدا، هەمان مووچەمان وەردەگرت. تەنانەت ئەوانەی کەم کاریان دەکرد، قەدریان زیاتر بوو. ڕۆژێکیان کاری هاوڵاتییەکم جێبەجێ دەکرد. بۆ ئەوەی کۆتا واژۆی لەسەر بکەم، خۆم کرد بە ژووری بەڕێوەبەرەکەدا. فەرمانبەرە ئیشنەکەرە لەخۆباییەکانی فەرمانگەکەی ئێمەش قاچیان لەسەر دانابوو و دانیشتبوون. هەموویان سەریان بە سەری یەکدا کردبوو و خەریکی پێکەنین و گاڵتەوگەپ بوون. نوکتە و چا خواردنێک بوو ئەوسەری دیار نەبێت. کاتێک من خۆم بە ژووردا کرد و داوای واژۆم کرد، کەمێک سەغڵەت بوون.

بەڕێوەبەرەکە بە شێوەیەکی بێبایەخانە سەیرێکی منی کرد و گووتی "دۆسیەکە دابنێ، دوای نیوەڕۆ واژۆی دەکەم". چەشنی ئەوەی بە واژۆیەک قۆڵەکانی ماندوو ببن و کاتێکی زۆری پێبچێت. چەشنی ئەوەی پێم بڵێت "لەبەرچی هێندە کار دەکەیت؟" سەیرێکی کردم. دوای ئەوەی بەم شێوەیە قسەی لەگەڵدا کردم، دەستی کردەوە بە قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی و لە گێڕانەوەی نوکتەکانی خۆیان بەردەوام بوون.

ـ بەڕێزم هاوڵاتییەکە چاوەڕێی ئێوەیە.

ـ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە.

زۆر توڕە بووم. یەخەییم گرت و ڕاموەشاند، پێم گووت "ئەرکی خۆتان جێبەجێ بکەن، ئەرکی خۆتان". کابرا گاڵتەی بە کارەکانی من دەهات. ئیدی بە توڕەییەوە لە ژوورەکەی چوومە دەرەوە. داوای دەستلەکارکێشانەوەکەم واژۆ کرد و خستمە بەردەمی. ئیدی جارێکی تر سەرم بەو فەرمانگە حکومییەدا نەکردەوە. بەڕێوەبەرەکە لای داواکاری گشتی سکاڵای لێ نەکردبووم، بە پێچەوانەوە وەک ئەوەی مووچەکەم وەرنەدەگرت، لە هەمان کاتدا زیندانیش دەکرام.

ئیدی دەستم لەو فەرمانگە میرییە هەڵگرت کە هەموو خەڵک واستەیان بۆ دەکرد. چونکە کارکردن و کارنەکردنم هەروەک یەک وەها بوون. نە کەسانی گوێڕایەڵ پاداشت دەکران، نە سزا بۆ کەسانی سەرپێچیکار هەبوو.

هەندێک لە هاوڕێکانم هەوڵی ئەوەیان دا من و بەڕێوەبەرەکە ئاشت

بکەنەوە و لە بڕیارەکەم پەشیمانم بکەنەوە. بەڵام بڕیاری کۆتاییم دابوو. تازە دەستم لە کار کێشابوویەوە. ئیدی بە دوای کارێکی تردا دەگەڕام. دەمویست لە کەرتی تایبەت کارێک بدۆزمەوە. حەزم لەوە بوو لەگەڵ کاری زۆردا پارەی زیاتریشم دەست بکەوێت. چونکە خێزانم دامەزراندبوو، دەبوو زیاتر کار بکەم. بە ڕای من شوێنی کار دەبێت بە شێوەیەک بێت، هەرکەسێک کاری خۆی کرد دەستخۆشی لێبکرێت و ئەوانەشی کار ناکەن سزا بدرێن. ئەم شتانەش لە فەرمانگەی میریدا نەبوو. هەربۆیە ئەوەشم پێ ناخۆش نەبوو کە وازم لە کاری حکومی هێناوە.

کاتێک دەستم لە فەرمانبەرێتی هەڵگرت، دایک و باوکم و تەنانەت هاوسەرەکەشم لێم توڕە بوون و دەیانگووت "ئەمە تێکچووە". ماوەی ٦ مانگ بێکار مامەوە، لە کاری ژمێریاریدا زۆر سەرکەوتوو بووم. هەربۆیە بە هەموو کارێک ڕازی نەدەبووم کە دەهاتە بەردەمم. دەبوو لە شوێنێکدا کار بکەم کەوا کەسی ڕەنجدەر و کارنەکەر لەیەکتری جیا بکرێنەوە. پەیوەندیم بە زۆر شوێنی جیاوازەوە کرد. هەندێکیان کاغەزێکیان پێ دەدام و سەبارەت بە بیرکردنەوەی من دەربارەی شوێنی کارەکە پرسیاریان لێ دەکردم. ڕەنگە هەندێکیان منیان بە کەسێکی لەخۆبایی لەقەڵەم دابێت و بەو هۆیەوە بانگیان نەکردبێتمەوە. لە کۆتاییدا لە یەکێک لە دەزگاکانەوە بانگهێشتنامەم بۆ هاتەوە. خاوەنی شوێنەکە خۆی بەتایبەت چاوپێکەوتنیی لەگەڵدا ئەنجامدام. پرسیاری ئەوەی لێکردم کە بۆچی وازم لە فەرمانبەرێتی حکومی هێناوە. منیش بەوپەڕی متمانەوە باسی ڕووداوەکەم بۆ کرد و گووتم "دەشتوانن پرسیار لە هاوڕێکانی فەرمانگەکەم بکەن". ئەویش سەرێکی ڕاوەشاند.

هەرکەسێک کار بکات پاداشت وەردەگرێت، کەسی کارنەکەریش سزا دەدرێت.

- ئەم شوێنی کارەی من، ڕێک وەک ئەوەیە کە ئێوە دەتانەوێت.

بەشێک لە مووچەکەم بە جێگیری دەدرا، بەشێکی تریشی بە گوێرەی کاراییم لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا دیاری دەکرا. گەر زۆر کارم بکردایە، هێندەی خاوەنی شوێنکەم دەست دەکەوت. هەموو شتێک پەیوەندیی بە چۆنیەتیی کارکردنی منەوە هەبوو.

خاوەن کارەکە هەموو سەرەمانگێک کارمەندەکانی کۆ دەکردەوە. هەموو جارێک پاداشتی زیاتری دەدایە ئەوانەی لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بوون. تەنانەت کوڕەکەی گەر نەهاتایەتەوە بۆ ئیش، سەری مانگ لە مووچەکەی دەبڕی. هەر کارمەندێکی باش کاری نەکردایە یەکسەر دەرینەدەکرد، بەڵام جگە لە مووچەکەی خۆی پاداشتی تری نەدەکرد. هەربۆیە کارکردن لەو شوێنە وەک پێشبڕکێی لێهاتبوو. هەر یەکەم مانگ، دوو مووچەم وەرگرت، خاوەنکارەکە:

- گەر بەم شێوەیە لە کارەکانت بەردەوام بیت، پلەکەت بەرز دەکەمەوە.

تەنانەت بەڵێنی ئەوەی پێدام کە بمکات بە بەڕێوەبەری گشتی. ئێستا ماڵەوەمان حەقم پێدەدەن کە وازم لە کارەکەی ترم هێناوە. هەم لەبەر ئەوەی لەو ئیشەدا کارم دەکرد کە خۆم حەزم لێیە، هەم لەبەر ئەوەی شوێنی کارەکەم خۆشدەویست، دڵخۆش بووم. هەر بە ڕاکردن بەرەو کارەکەم دەڕۆشتم. بەڵام ئەو کاتەی لە فەرمانگە بودم، دەتگووت بۆ پرسە دەچم. ڕەفتاری بێباکانەی فەرمانبەرەکانی ئەوێ منیان شێت کردبوو. لە کارە نوێکەمدا، بێ ئەوەی بپلیشێنرێمەوە و

ـەر بۆ کەس نەوی بکەم، حەقی خۆمم بەتەواوی وەردەگرت.

نزیکەی ۳ مانگ بوو لەم شوێنە نوێیە دەستم بە کار کردبوو، کردمیان بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی. هێندە شوێنی کارەکەمم خۆشدەویست، حەزم دەکرد هەر لەوێ بخەوم. داهاتووی کارمەندەکان ڕوون بوو. فێڵ و تەڵەکەبازی نەبوو. ڕێز لە ڕەنجی مرۆڤەکان دەگیرا. لە دوای ٦ مانگیش هەر بە ڕاستی بووم بە بەڕێوەبەری گشتی.

لە کۆمپانیاکەی ئێمەدا کەس ئیرەیی بە کەسی تر نەدەبرد. چونکە هەموو کەسێک ئەوەی دەزانی هەرکەسێک زۆر کار بکات زیاتر بەدەستدەهێنێت. تەنانەت کوڕی خاوەنکارەکە ئیرەیی بە من نەدەبرد. هەر خۆم بوومە تاکە بڕیاردەری کارەکان. نە پشووی کۆتایی هەفتە، نە خەوی شەویشم هەبوو. ٢٤ کاتژمێر هەر بیرم لە کارەکەم دەکردەوە.

ڕۆژێکیان خاوەنکارەکە من و خێزانەکەمی بانگهێشتی نانی ئێوارەی ماڵەکەی خۆی کرد. خێزانەکەم منیان چاک دەناسی. خاوەنکارەکە بە هاوسەرەکەمی گووت:

- کچم داوای لێبوردن لە ئێوە دەکەم، وابزانم کاری زۆرمان خستۆتە سەرشانی هاوسەرەکەت و کاتی بۆ ئێوە نەماوە.

- نەو کاتێک کار دەکات دڵی خۆش دەبێت، کێشەیەک نییە. لەو کاتەدا ئاوڕێکی لە من دایەوە و وتی:

- لە تۆدا کەموکوڕییەک هەیە کە ئاگاداری نیت.

منیش بە هەیەجانەوە گوێم لە قسەکانی گرت.

ـ کوڕم ئەو سیستەمەی لە شوێنی کارەکەماندا هەیە کە پاداشتی کەسی ئیشکەر و سزای کەسی ئیشنەکەر دەدەین، لە قورئانەوە فێریبووم. (اللە) پاداشتی ئەو کەسانە دەکات کە گوێڕایەڵیی دەکەن، سزای ئەو کەسانەش دەدات کەوا سەرپێچیی دەکەن. لە حاڵێکدا تۆ کەسێکی ئیشکەریت، بەڵام گوێڕایەڵیی پەروەردگارت ناکەیت. عیبادەتی ئەو ناکەیت و سوپاسگوزاری نیت. بەم قسانەی خاوەنکارەکە زۆر ڕاچڵەکیم.

خاوەنکارەکە:

ـ تۆ لە ڕێگەی کارکردنەوە ژیانی دونیات ڕزگار دەکەیت، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ئاخیرەتت چی دەکەیت؟

ئیدی بیرکردنەوە و قەلەقی دایانگرتم. هەر بەڕاستی قسەگەلێکی زۆر جددی دەکرد. ئەو ڕێسایانەی بۆ ژیانێکی کورتی دونیایی کارم پێیان دەکرد، بۆ ژیانی ئاخیرەتم بەکارمنەدەهێنان. هەربۆیە دەبوو لەمەودوا گرنگترین ئەرکم بریتی بێت لەوەی لە پێناو ژیانی ئاخیرەتیشم تێبکۆشم و پاداشتی ئەویش بەدەستبهێنم. چونکە لە سەڵتەنەتی پەروەردگارمدا هەم پاداشت، هەم سزاش بوونی هەبوو.

کاتێک لە ماڵی خاوەنکارەکە گەڕاینەوە، یەکەم کارم کردنی نوێژی خەوتنان بوو. دەبوو لەمەودوا لە پێناو بردنەوەی ژیانی ئاخیرەتیشمدا لە پێشبڕکێدا بم. سەرنجی ئەوەم دەدا ئەو ڕێسایانەی لە ژیانی کارمدا کارم پێدەکردن، لە ژیانی مەعنەویشمدا ڕەچاویان بکەم. چونکە لە سەڵتەنەتی (اللە)، پاداشت بۆ کەسی ئیشکەر و گوێڕایەڵ، سزاش بۆ کەسی ئیشنەکەر و سەرپێچیکەر هەبوو. ئایا دەوڵەتیش زیندانی بۆ کەسانی

تاوانکار ئامادە نەکردووە؟ ئیدی پەروەردگارمان کەوا خاوەنی سەڵتەنەتی بێکۆتایە، لەبەرچی بەهەشتێک و دۆزەخێکی نەبێت؟ ئایا سەڵتەنەتێک بێ بەهەشت و بێ دۆزەخ بوونی دەبێت؟ بەم جۆرە بیرکردنەوانەوە بە خەیاڵدا ڕۆچووبووم.

ڕۆژێکیان لە کار دەگەڕامەوە و کوڕە گەورەکەم دەگریا، لەبەرچی دەگریت:

ـ لە وانەی جوگرافیادا کەوتووم.

منیش لەو کاتەدا باسی ڕێساکانی ژیانی خۆمم بۆ کرد. هەروەها باسم لەوە کرد کە پەروەردگاریشمان بە هەمان شێوە پاداشتی کەسی ئیشکەر و سزای کەسی سەرپێچیکەر دەدات. باسم لەوە کرد کە مامۆستاکەشی کارێکی دروست دەکات کاتێک نمرەی باش بەو خوێندکارانە دەدات کەوا زیاتر تێدەکۆشن و نمرەی کەم دەدات بەوانەی زۆر تێناکۆشن. هەوڵمدا ئەوی تێبگەیەنم گەر باشتر تێبکۆشێت ئەوا دەتوانێت نمرەی چاکتر بەدەستبهێنێت.

بە شێوەیەکی ڕەها سیستەمی پاداشت و سزا بۆ ئادەمیزاد پێویستە. گەر ئەو مرۆڤانەی لە ژیانی دونیا تاوان ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی سزای خۆیان وەربگرن کۆچ بکەن و بڕۆن، ئەوا هەر دەبێت لە دادگای ئەبەدیدا بە سزای خۆیان بگەن. بۆ ئەوەی ئەم دادگەرییەش بێتە دی، بێ هیچ گومانێک پێویستە ژیانی ئاخیرەت و دادگای ئەبەدی هەبێت. دەی گەر لەم دونیایەدا هەندێک لە زاڵمان بە زوڵمی خۆیانەوە، هەندێک لە ستەملێکراوانیش بە ستەمدیدەیی خۆیانەوە سەربنێنەوە، ئەمە بەڵگەیە

لەسەر ئەوەی حەشر و ڕۆژی لێپرسینەوە هەیە. بابەتی ئەوەی هەموو مرۆڤێک لەسەر بیرۆکەکانی ناو دڵی و کردارەکانی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، بێگومان ئەوەمان پیشان دەدات کە دادپەروەریی پەروەردگارمان چەندە بەرفراوانە.

* * *

# هونەرمەندێکی شانازیکەر

هەر کێ لە چایخانەی گوندەکە کۆنترۆڵەکەی بە دەستییەوە بگرتایە، دەستی بە گۆڕینی کەناڵەکان دەکرد. ئیدی لەم کەناڵەدا کۆمەڵە هونەرمەندێک دەردەکەوتن کە هونەرەکەی خۆیان دەبرد بە ئاسماندا و هەندێکیشیان شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد، لەو کەناڵەی تریش کۆمەڵە هونەرمەندێکی بەناوبانگ لەگەڵ خواردنی نانی ئێوارە هەندێک وێنەی مێژووییان تۆمار دەکرد. ئەوانەشی لە چایخانەکە دانیشتووبون هەریەکەیان قسەیەکی جیاوازی لەسەر دەکردن. تەنانەت گەر کەسێک وەک ئەوان بیری نەکردایەتەو، زۆر بەجددی مشتومڕیان لەگەڵدا دەکرد.

ڕۆژێکیان ئەو ناوە شڵەقابوو. بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕیشسپییانی گوندەکە کەوا لەوێ بوون بارودۆخەکەیان هێور کردەوە. دوای ئەوەی هەریەک لە کەمال و هاوڕێکەی چایخانەکەیان جێهێشت، دیسان کەناڵەکە خرایەوە سەر بابەتە هونەرییەکان. تەواوی هونەرمەندەکان هونەری خۆیان نمایش دەکرد. ئیدی هەریەکە و دەستی دەخستە بن گوێی و گۆرانی و سرودی خۆی دەچڕی. لەم کاتەدا کەمال خزمەکانی کۆکردبوویەوە و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: ”منیان لە چایخانەکە دەرکرد“. دەنگێکی زۆر بەرز لە دەرەوە دەهاتە ژوورەوە. چواردەوری چایخانەکە گیرابوو.

خەریک بوو شەڕێکی سەرتاسەری لە گوندەکەدا هەڵدەگیرسا.
بارودۆخەکە شڕ بوو. خەریک بوو سەری کەسێک بشکێت و برینداریش
ببێت. ئەگەری ئەوەش لەئارادا بوو تەقەی تێبکەوێت. چایچییەکەش
خۆی گیف دەکردەوە و دەیگوت:

—هیچیان پێناکرێت، ئیشارەتی بۆ ئەو تفەنگە دەکرد کەوا لە پشتی
ئاگردانەوەکەوە هەڵواسرابوو، بەڵام ئەگەریش هەبوو تێهەڵدان بخوات.

وەک مامۆستای گوندەکە خۆم گەیاندە دەرەوە. دەبوو سەرەتا قەناعەت
بەوانەی دەرەوە بکەم کەوا شەڕ نەکەن. بەڵام بە شێوەیەکی وەها پێشیان
خواردبوویەوە، گوێگرتنیان بۆ من کاری نەکردە بوو. مەلای گوندەکە
کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەوانەوە هەبوو. لەبەر ئەوەی هەردەم چاکەی
بەسەر گوندنشینانەوە هەبوو، نەیاندەتوانی قسە لە قسەی ئەودا بکەن.
دەستبەجێ بەرەو ماڵی مەلا ڕامکرد و هەواڵی ڕووداوەکانم پێگەیاند.
مامۆستا بەو شەوە هەیەجان گرتی و گوتی:

— ئەمانە زۆر نەفامن، ئاخر ماقولە شەڕ لەسەر کەسێک بکەیت
کەوا گۆرانی دەڵێت.

بەڕاکردن بەرەو چایخانەکە هاتین. کەمال و خزمەکانی وەک ئەو
پشیلەیان لێهات کەوا شیری ڕشتووە. مەلا لە ئەگەری هەڵگیرسانی
شەڕ نەدەترسا. هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی چایخانەکە بوون بانگی کردنە
ژوورەوە. بەم شێوەیە هەموویان بێدەنگ بووبوون. دەستبەجێ تەلەڤیزیۆنەکەیان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کوژاندەوە. متەقیان لێبڕابوو. ئەمەش بە هۆی ئەو ڕێزەوە بوو کەوا لە مەلایان دەگرت. سەرەتا کەمال دەستی بە قسە کرد و گوتی: ''مامۆستا سوکایەتییان بەو ژنە هونەرمەندە کرد کەوا من دەنگیم بەلاوە خۆشە، دواتر کەناڵەکەیان گۆڕی و گوێیان لە هونەرمەندێکی تر گرت''. بەم شێوەیە سکاڵای لەلای مەلا کرد. ئەوانی تریش بە شێوەیەکی تر تاوانباریان کرد، مەلاش ئاوڕی لە من دایەوە:

–وا دیارە ئەمانە ڕاستیەکە ناڵێن، تۆ بۆمان ڕوون بکەوە مامۆستا.

منیش بە کورتی ڕوونمکردەوە:

لە ڕاستیدا شتێکی ئەوتۆ ڕووینەدا کەوا پێویست بە شەڕ بکات. تەنیا خۆشەویست و ڕکابەرییان لەسەر دەنگی هونەرمەندەکان وەهای لێکردن شەڕ بکەن.

ئیدی لەم باسانەدا بووین شەڕەکەیان لەبیرچوویەوە. هەریەک لای خۆیەوە هەوڵی ئەوەی دەدا بۆ مامۆستا بسەلمێنن کەوا هونەرمەندەکەیان خۆشترین دەنگی هەیە. ئیدی هەرچۆنێک بێت مەلای گوندەکە بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر هەموویان هەبوو. ڕەنگە ئەمەش هونەرێکی جیاواز بێت. مەلاش لەم کاتەدا گوتی:

– (اللّٰه) بە دەسەڵاتی خۆی هەموو شتێکی بەهونەرەوە بەدیهێناوە. هەروەها مۆرێکی وەهای لە هونەرەکەی داوە، کەس ناتوانێت لاسایی بکاتەوە.

''سەیری ئەم چاوە''، ئاماژەی بە چاوی یەکێک لە گەنجەکانی تەنیشتی خۆی کرد.

"سەیری ئەم سیمایە"، دەموچاوی گەنجێکی تری پیشاندایین. "هونەر هەر ئەمەیە" و لاسایکردنەوە قبوڵ ناکات. "عاشقی هونەری ڕاستەقینە ببن". دواتر گوڵێکی پیشاندایین کەوا لەسەر ڕۆژمێری سەر دیوارەکە بوو.

– هونەر ئا ئەمەیە، دەستی لە قوڕگی مام عەلی دا کەوا لەلایەوە دانیشتبوو.

– (اللّٰه) لە قوڕگی مرۆڤەکاندا دەنگەژێکانی ئافراندووە. کاتێک هەناسە هەڵدەمژین و لە سییەکانمانەوە دێنەوە دەرەوە، هەندێک دەنگ لە قوڕگی مرۆڤەوە دەردەکەن. بێگومان ئەوە زۆر گرنگە کەوا ئەم دەنگانە بە گوێرەی نۆتە میوزیکییەکان دەر بکەیت. تەنانەت دەشێت ئەمە بە هونەر ئەژمار بکرێت. بەڵام ئەمە چەشنی هونەری (اللّٰه) نییە کەوا لاسایی نەکرێتەوە. ئێوە لە جیاتی ئەو کەسەی خاوەنی ڕاستەقینەی دەنگەکەیە، عاشقی ئەو کەسە دەبەن کە چەشنی ئامێرێکی میوزیکی دەنگەکان دەردەکات، ئیدی دەستی خستە سەر گوێکانی. بە دەنگە خۆشەکەی حەیرانێکی ژیانی غوربەتی چڕی. بەڵام دەنگێکی وەها جەرگسووتێنی هەبوو، کەسێک نەمابوو نەیخاتە گریان. بە خۆشحاڵییەکەوە پێکەنی:

– منیش هونەرمەندم، دەی لەسەر منیش شەڕ بکەن، دەستی بە پێکەنین کرد. بۆ ئەوەی شەڕم لەسەر بکەن هەر دەبێت بچمە تەلەڤیزیۆنەوە؟ منیش پێم گوت:

– مامۆستا دەنگت لەو کەسانە زۆر خۆشترە کەوا خۆیان بە هونەرمەند ناو دەبەن.

- خۆی هیچ شتێک لە ئێمەدا بوونی نییە، تەواوی ئەو جوانیانەی لە ئێمەدا هەیە ڕەنگدانەوەی هونەرەکەی ئەوە.

دوای ئەوەی شەڕکەرەکانی ئاشتکردەوە، باسی شتێکی تری بۆ کردین.

- مرۆڤ عاشقی جوانیی خودایە. لەبەر ئەوەی ئەو جوانییەی بۆ نادۆزرێتەوە، هەردەم دەسوتێت. هەربۆیە گۆرانی و حەیرانەکان کەمێک لەم ئازارەی ئێمە دادەمرکێننەوە. لە یەکێک لە ڕاڤەکاندا دەڵێن مرۆڤەکان لە جیهانی ڕۆحەکاندا دەنگی جەنابی حەقیان بیستووە، هەربۆیە عاشقی دەنگی خۆشن. ئیدی دەشێت ئەمە دەنگی مرۆڤێک بێت، یان دەنگی بولبولێک. تەنانەت دەشێت دەنگی سازێکیش بێت. ئەوەی لە ڕاستیدا چێژی لێدەبەین دەنگ و جوانیی پەروەردگارمانە.

- نەفامی جەهالەتە، گەر لەمە تێبگەشتنایە شەڕتان نەدەکرد.

کاتێک لەگەڵ مەلا چووینەوە بۆماڵەوە، هەر بەڕاستی حەیرانی ئەو نیەتپاکی و خۆشەویستییەی بووم کەوا بۆ مرۆڤەکان هەیەتی. یەکسەر کێشەکەی چارەسەر کرد. هەربۆیە زۆر ستایشم کرد.

- ئەم خۆشەویستییەی تۆش لە خوداوەیە کاکی مامۆستا. بەم شێوەیە کارەکانی نەبردەوە سەر خۆیی و شانازیی بە خۆیەوە نەکرد.

بەهرەگەلێکن کەوا پێوەمانەوە
– ئەو بەهرانەی لە ئێمەدا هەن، بەهرەگەلێکن کەوا پێوەمانەوە
هەڵواسراون، هی ئێمە نین و وەک سپاردە پێمان بەخشراون...بە قسەکانی
مەلا زۆر کاریگەر بووم. کاتێک گەڕامەوە، لەبەر ئەوەی کەسی لێنەبوو
کاتی بیرکردنەوەم هەبوو. سەبارەت بە هونەری خودا و مرۆڤەکان دەستم
بە بیرکردنەوە کرد.

لەلایەک سروشت بەو هەموو جوانیەی خۆیەوە، لەلایەک وێنەکێشێک
هات بە خەیاڵمدا کەوا بە هۆی گواستنەوەی ئەم نیگارە بۆ سەر تابلۆیەک
هونەرەکەی خۆی بە ئاسماندا دەبات و شانازی دەکات. لەلایەک (اللە)
کەوا هەموو دەنگە خۆشەکانی ئافراندووە، لەلایەک مرۆڤگەلێک کەوا
بە هۆی بەکارهێنانی چەند دەنگە ژێیەکی لاوازەوە لەخۆیان بایی دەبوون.

(اللە) لە ڕێگەی هونەرە ناوازەکانی خۆیەوە دەیەوێت خۆی لای
بەندەکانی خۆشەویست بکات. بەڵام مرۆڤەکان لە جیاتی ئەوەی وەڵامی
ئەم خۆشەویستییەی ئەو بدەنەوە، ناوی هونەریان لە کارە سادەکانی خۆیان
ناوە و خەریکی ڕابواردنن. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو دەنگانەی بەکاریدەهێنن،
ئەو مێشکەی نۆتەکانی پێ دروست دەکەن، هەموویان شاکارەکانی
خودان. ئایا کاتێک دەڵێن "من کردم" ئەمە بە دزینی هونەرەکەی ئەو
نەژمار ناکرێت؟ کاتێک وێنەکێشێک بەجوانی ئەوانە دەگوازێتەوە بۆ
نێو چوارچێوەی تابلۆیەک کە دەیانبینێت، گەر خودای بیرنەکەوێتەوە،
بە بێسفەتی ئەژمار ناکرێت؟ لە ڕاستیدا مرۆڤە کۆڵەوارەکان کارێک
دەکەن کەوا هاوشانی خۆیانە. لە ڕاستیدا شانازی بەخۆوە کردن پیشەی

کەسە لاوازەکانە. ئەوەی لە ڕاستیدا دەبێت شانازی بە خۆیەوە بکات پەروەردگارمانە. چونکە هەر ئەو دەنگەژێکانی ناو قورگی مرۆڤی ئافراندووە. هەر خۆیشی دەنگەکانی ئافراندووە. ئەو پەنجانەی ساز دەژەنن و فلچەی بۆیە دەگرن، هەر هی خۆیەتی. شانازیکردن بەو شتانەی وەک سپاردە وەرتگرتوون، خۆکردنە خاوەنی هونەری پەروەردگار، کارێکە لە مرۆڤی بچوک دەوەشێتەوە. شوکرانەبژێریش لەسەر زانینی ئەوەی چی لە کوێوە هاتووە و لەخۆیبایی نەبوون، پێگەشتن و گەورەیی ئیمانی مرۆڤ پیشان دەدەن.

❊❊❊

# بازنەکان

وەرزی بەهار بوو. لە باڵکۆنی شوقەیەکی بەرزی ناوچەی چاملیجەدا بووم. لە دوای باران کەشوهەواکە هێور بوویەوە. دەستم کرد بە سەیری ئەو ئاسۆیەی لەبەردەممدا بوو. لای ڕاستی ئەو ئاسۆیەی لێم دەڕوانی، بە شێوەیەکی بازنەیی لەلایەن دامێنەکانی بەرزایی چاملیجەوە گیرابوو. چێوەی بازنەکە هەتا ناوچەی چاملیجەی بچوک درێژ دەبوویەوە. هەمان چێوە لەو شوێنەی چاوم دەیبینی لە درێژبوونەوە بەردەوامبوو. لاربوونەوەی چێوەکە هەتا دەریای مارمارا، ئەدەلار، ماڵتەپە و ناوچەی کارتاڵ بەردەوامبوو. لەلای چەپیشمەوە هێڵی ئاسۆ هەتا شاخی قایش درێژ دەبوویەوە. هێندەی چاوم بڕی دەکرد دووراییەکان بازنەیان بە چواردەورمدا کێشابوو. بیرم لە فڕیی دونیا کردەوە. منیش سواری گۆی زەوی بووبووم. لە دەریای فەلەکدا مەلەم دەکرد. هێزی ڕاکێشان منیان بە زەوییەوە بەستبوویەوە. کەمێک هەستم بە سڵەمینەوە و ترسان کرد. دواتر پەلکەزێڕینە بە تەواوی جوانیی خۆیەوە سەری دەکرد. لەمسەری ئاسۆی بەردەممەوە هەتا ئەوسەری بازنەی کێشابوو. سووری سوور، مۆری مۆر... لەوە تێگەشتم کەوا لە دەریای فەلەکدا بە بەرەڵاییەوە مەلە ناکەم. کەمێک متمانە هاتە ناخمەوە. لە کاتێکدا بە خەیاڵی زۆر قوڵدا ڕۆچووبووم، گوێم لە دەنگی منداڵەکان بوو. باڵەکۆنەکەیان پڕ کرد.

کوڕە بچوکەکەم پرسیاری ئەوەی لێکردم کە پەلکەزێڕینە چەند ڕەنگە، کچەکەشم کەوا لەو گەورەترە پرسی: "لەبەرچی پەلکەزێڕینە بازنەییە؟". کەمێک قسەمان کرد، کوڕە گەورەکەشم سەیری ئەو ئاسۆیەی دەکرد کەوا بازنەیەکی تەواوی دروست کردبوو. کوڕە گەورەکەم پرسیاری ئەوەی کرد کە کۆمەڵەی خۆر زیاتر شێوەی هێلکەییان هەیە، یان تەواوی کۆمەڵەکە بازنەی تەواو دەکێشن یاخود نا. منیش نەمتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کەوا نایانزانم. هەوڵمدا باس لە گەورەیی دەسەڵاتی ئەو بکەم. گەورەترەکەیان کۆمەڵە باسێکی سەبارەت بە سیاسەتی تورکیا و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کردەوە. گەورەترین منداڵیشم سەبارەت بە سیاسەتی زلهێزەکانی دونیا هەندێک پرسیاری لێکردم. ئەمە لە کاتێکدا بوو من دەمویست بە تەنیا لەگەڵ پەروەردگاری خۆمدا بمێنمەوە. هاوژینەکەم چای لێنابوو، هێنای بۆ باڵکۆنەکە.

ـ ئێستا بومەلەرزە ببێت حاڵمان چی لێدێت؟ ئێمە زۆر لە بەرزایی دانیشتووین.

زۆری پرسیارەکان وەهایان لێکردم قسە بکەم. دەستم کرد بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی لە منداڵیدا بەسەرمدا هاتبوون. پێم وابوو لە ڕێگەی گێڕانەوەکانمەوە دەتوانم وڵامی پرسیارەکانی ئەوان بدەمەوە.

کاتێک منداڵ بووم زۆر دڵم بەوە خۆش دەبوو بازنەی یەک لە دوای یەک بکێشم. ئیدی دەڕۆشتمە کەناری ئەو دەریاچەیەی لە پشتی ماڵەوەمان بوو. لە کەندەڵانێکی بەرزەوە بەردم فڕێ دەدایە ناو دەریاچەکەوە.

ئیدی بازنەی یەک لە دوای یەک لە نێو گۆمەکەدا دروست دەبوون، لەگەڵ فراوانبوونیشیاندا بەرەو نەمان دەچوون. چەندین جار بەردم فڕێدەدایە گۆمەکە، هەتا کاتی دیارنەمانی بازنەکان بەردەوام سەیرم دەکردن. ئەمە خۆشترین یاریی سەردەمی منداڵیی من بوو. جارێکیان کوڕەزای یەکێک لە دراوسێکانمان، لە ناوچەی باندرمەوە بە مەبەستی پشوو بۆ گوندەکەی ئێمە هاتبوون. کاتێک لەگەڵ ئەو یاریمان دەکرد، ڕێمان کەوتە ئەو شیوەی دەریاچەکەی پێدا تێدەپەڕێت. ئیدی دەستمان کرد بە پێشبڕکێی بەردەفڕکێ. باسی ئەوەم بۆ موزەفەر کرد کەوا فڕێدانی بەرد لە بەرزاییەوە بۆ ناو ئاوەکە بازنەی زۆر جوانی لێ دروست دەبێت. لەگەڵ ئەویشدا دەستمان کرد بە هەمان بەزم. هەر هێندەی بەردەکە دەکەوتە ناو دەریاچەکە، سەرەتا بازنەیەکی بچوک لە ناوەندا دروست دەبوو، دواتر بازنەی گەورەتر و گەورەتر بە دوای یەکدا دروست دەبوون.

ئیدی دەستمان کرد بە پێشبڕکێ لەسەر ئەوەی کاممان بازنەی زۆرتر دروست دەکات. هەتا ئەو بەردەی فڕێمان دەدا گەورەتر بووایە، بازنەکانی فراوانتر دەبوون. لە پڕێکدا موزەفەر باسی لەوە کرد کە جارێکیان لە هەمان بەرزاییەوە خۆی فڕێ داوەتە ناو دەریاوە و مەلەی کردووە. ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو، هاوڕێکەم دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی.

– دەتوانم لێرەش مەلە بکەم وەک ئەوەی خۆمفڕێ دایە ناو دەریاکە.

زۆر بەغیرەت دیار بوو.

– دەی تۆش خۆت ئامادە بکە، زۆر خۆشە لە بەرزاییەوە خۆت فڕێبدەیتە ناو ئاوەکە.

- با له بەرزاییەوە خۆمان فڕێ نەدەین، بچینە کەناری دەریاچەکە و
ەوێوە دەست بە مەلە بکەین.

بەڵام ئەو ویستی ئازاییەتیی خۆی پیشان بدات و شانازی بە خۆیەوە
بکات. من یەکسەر خۆم ئامادە کرد، لە بەرزایی سێ مەترەوە بە پێوە خۆم
فڕێ دایە ناو ئاوەکە، چەند بازنەیەکم دروست کرد. لە ناو دەریاچەکەوە
دەستم بۆ ڕاوەشاند، هاوڕێکەم:

- خۆفڕێدان بە پێوە ئاسانە، من بەسەردا خۆم فڕێ دەدەم.

ئیدی بەسەردا خۆی فڕێدا و چووە ژێر ئاوەکەوە، دیسان چەند
بازنەیەک دروست بوو، بەڵام موزەفەر نەهاتە دەرەوە. ئیدی منیش دەستم
کرد بە هاتوهاوار لە خەڵکی ئەو چواردەورە. بەڵام موزەفەر دیار نەمابوو.
بە گریانەوە بەلای ڕاست و چەپدا ڕامدەکرد. کەسیش لەو ناوە دیار
نەبوو. پاش کەمێک یەکێک لەو شوانانەی ناوچەکە بە هانامەوە ڕایکرد
کە مەڕەکانی دەلەوەڕاند. باسی ڕووداوەکەم بۆ کرد. یەکسەر خۆی
ڕووتکردەوە و خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکە. ئەو کاتەی موزەفەری لە
ئاوەکە دەرهێنا ڕەنگە ۱۰ خولەک تێپەڕیبێت. من بەردەوام دەگریام،
کاتێک لاشەی بێگیانی ئەو لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، شوانەکە وتی:

- سەری کێشاوێتی بە بەردێکدا و بووراوەتەوە، هەوڵیدا هەناسەی
دەستکردی بۆ بکات.

- زۆر گوناحە مردووە! ئیدی موزەفەری بە جلەکانی داپۆشی

بەڕاکردن هەواڵەکەم گەیاندە دراوسێکەمان. پاش کەمێک تەواوی

هەموو کەس لە گوندەکەمان هەواڵی مەرگی موزەفەریان پێگەشت. ئەو هەر کەناری دەریاچەکە کۆبوونەوە. هەموویان لە خەفەتاندا دەگریان. دواتر نوێژی مردووی بەڕاستی مردبوو. ڕووداوەکان لە خەونێک دەچوون. ئەو وەرزی لەسەر کرا و بە خاک سپێردرا. ئیدی لە خەفەتاندا بەدرێژایی ئەو هاوینە، زۆرینەی کاتەکان نەمدەتوانی بشرۆمە دەرەوە.

ئیدی لەو کاتەوە لە ئاو و لەو بازنانەی ئاویش دروستیان دەکرد دەترسام. کاتێک دەچوومە سەر جێگەی خەو و چاوم دەنوقاند، موزەفەر و بازنەکانی ناو ئاوەکە دەهاتنەوە بەرچاوم. زۆرینەی کات خەوم لێنەدەکەوت.

کاتێک خوێندنگە دەستی پێکرد، هێشتا لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا بووم. هەر لە یەکەم وانەماندا، مامۆستای فیزیا باسی لەوە کرد کە دەنگ لە ڕێگەی شەپۆلی بازنەییەوە بڵاو دەبێتەوە. هەروەها باسی لەوە کرد کە زەوی بە چواردەوەری خۆر، مانگیش بە چواردەوری زەویدا بە شێوەی بازنەیی دەخولێنەوە. پاشان باسی لە بچوکترین پارچەی مادده کرد کە گەردیلەیە، ئەلەکیترۆنەکانی ناو گەردیلەش بە شێوەی بازنەیی بە چواردەوری ناوکەکەیدا دەخولێنەوە. لە وانەی بیرکاریشدا مامۆستاکەمان شێوەی بازنەی کێشا، باسی لە چێوە و تیرەی بازنەکان کرد. ئیدی بە شێوەیەکی بەردەوام بازنەی یەک لەناو یەک دەهاتنەوە بەردەمم. منیش لە بینینی بازنەکان دەترسام. ڕۆژێکیان کاتێک لە خوێندنگە گەڕامەماڵەوە دڵم خۆش بوو. خاڵم لە ئەمەریکا گەڕابوویەوە و لە ژوورەوە دانیشتبوو. دەستیم ماچ کرد. بە سەرسامییەوە سەیرم کرد کاتێک لەسەر خوانەکەی دایکم دانیشتبوو و نانی دەخوارد. زۆر پرسیارم لێکرد. دایکیشم:

ـ کوڕم وازبێنە با خاڵت نانەکەی بخوات، پەلەی چیتە، دوایی پرسیارەکانتی لێبکە. بەڵام من خۆمم پێدەگیرا؟ تازە کەوتبوویە بەردەستم، دەبوو باسی تەواوی بازنەکانی بۆ بکەم کە دۆزیبوومنەوە. لە بازنەکانی ناو دەریاچەکەوە هەتا مەرگی موزەفەر، لە بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانی دەنگەوە هەتا خولانەوەی گۆی زەوی، باسی هەموو شتێکم بۆ کرد. تەنانەت باسم لەوەش کرد کە چەندە ڕقم لە بازنەکانە. پاشان سەبارەت بە گۆی زەوی یەک دونیا پرسیارم لێکردم. خاڵیشم کەوا کرابوویە دوێنراوی ئەم هەموو پرسیارە، بەبێدەنگی وەستابوو.

ـ تۆ سەیر خوشکەزاکەم فێری چی بووە، دەستێکی بەسەر سەرمدا هێنا.

باسم لەوەش کرد دواکەوتنمان لە وڵاتانی دونیا خەمباری کردووم، پرسیاری ئەوەشم لێکرد کە ئایا لە وڵاتی چین گەورەترین یاخود نا. خاڵم هێشتا قسەی نەدەکرد. لەو کاتەدا بانگی دا، خاڵم:

ـ با نوێژی عەسرمان لە مزگەوت بکەین، دواتر بەدووروودرێژی باسی ئەم بابەتانەت لەگەڵدا دەکەم.

لە دوای نوێژ، مەلا و تەواوی ئەهلی مزگەوت لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوە. هەموویان هەمان پرسیارەکانی منیان لێکردەوە. هەموویان حەزیان دەکرد لە حاڵی تورکیا و دونیا ئاگادار ببنەوە. لەبەر ئەوەی خاڵم لە ئەمەریکا دەیخوێند، حەزیان دەکرد سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤایەتی و موسوڵمانان پرسیاری لێبکەن و شتێکی لێوە فێر ببن. کاتێک خاڵم دەستی بە قسەکردن کرد، هەموویان بێدەنگ بوون. لە پاش گەڕانەوەی بۆ یەکەم جار دەستی بە باسکردنی بیرکردنەوەکانی خۆی کرد:

لە بابەتانە بزانێت.

ـ خوشکەزاکەشم چەشنی ئێوە دەیەوێت سەبارەت بەم بابەتانە بزانێت. بازنەی یەک وەک چۆن بەردێک فڕێ بدەیتە ناو ئاوەوە چەندین بازنەی چواردەورییەوە لەناو یەک دروست دەبێت، مرۆڤیش لە بچوکترین بازنەی چواردەورییەوە هەتا دوورترین بازنە، وابەستەی کۆمەڵە بابەتێکە. بچوکترین بازنە ئەو بابەتانەیە کە پەیوەندیی بە خودی مرۆڤەکەوە هەیە. دووهەمین بازنە ئەو بابەتانەن کەوا پەیوەندییان بە خێزانەکەیەوە هەیە. سێهەم بازنە گوند و گەڕەکەکەیەتی. دواتر بازنەی شار و وڵاتەکەمان بە گشتی. دەتوانن بازنەی موسوڵمانان و تەواوی مرۆڤایەتیش بخەنە سەر ئەم بازنانە. هەر تاکێک کەم تا زۆر پەیوەندیی لەگەڵ یەکێک لەم بازنانەدا هەیە. بەڵام نزیکترین ئەرک لە مرۆڤەوە، بریتیە لە بازنەی ناوەند کەوا پەیوەندیی بە خودی خۆیەوە هەیە. ئێمە دەبێت بایەخ بە بازنەکانی تریش بدەین، بەڵام زۆرینەی مرۆڤەکان ئەرکی بازنەکەی ناوەند فەرامۆش دەکەن، خۆیان بە دوورترینی بازنەکانەوە خەریک دەکەن. زۆرینەی کاتەکانیان بەو بازنە دوورانەوە بەفیڕۆ دەدەن. ئەمەش لە کاتێکدایە دەبوو زۆرینەی کاتەکانمان لە خۆمان و خێزانەکانماندا خەرج بکەین. بەڵام ئێمە زیاتر بایەخ بە بازنە بەرفراوانەکان دەدەین کەوا کەمتر ئەرکی ئێمەن، تەواوی کاتەکانمان تێیاندا بەفیڕۆ دەدەین.

ئەرکی بازنەی ناوەندیمان بریتیە لە هەوڵدان بۆ بردنەوەی ژیانی ئەبەدیمان و مانەوە لەسەر ڕێگاکەی. ئەو شتانەی کەوا خودا بەڵێنی پێداون لە ژیانی ئاخیرەتدا، زۆر گرنگترە لەوەی هێندەی هەموو دونیا ماڵ و موڵک بەدەست بهێنیت. ئێمە زۆرینەی کات ئەم ئامانجە فەرامۆش دەکەین و هەوڵی چاکسازی لە دونیادا دەدەین. پێش هەموو شتێک دەبێت

ەجوانی خودا بناسین و ببینە بەندەیەکی چاک. پاشان داخوازییەکانی
بوونە مرۆڤی کامڵ جێبەجێ بکەین، ئەرکەکانمان بەتەواوی جێبەجێ
بکەین، پاشان بیر لە وڵاتەکەمان و جیهانی ئیسلام و هەموو دونیا
بکەینەوە. ئەو مرۆڤەی بایەخ بە بازنەی ناوەند نادات، پاش ماوەیەک
ورەی دەڕوخێت و توشی نائومێدی دەبێت. دوای ئەوەی قسەکانی تەواو
کرد، کتێبێکی لە گیرفانی دەرهێنا.

- پێش هەموو شتێک دەبێت پەروەردگارمان بناسین.

سەیرێکی منی کرد و دەستی بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد:

- خوشکەزاکەم، تۆ پێش هەموو شتێک ئافرێنەرەکەت بناسە، دواتر ببە خوێندکارێکی چاک، دواتر کە گەورەتر بوویت بیر لە بابەتەکانی وڵاتەکەت و دونیا بکەرەوە.

لە نوکتەی "هو" دا باسی لەو ئەرکانە کرد کەوا گەردەکانی هەوا بە مۆڵەتی خودا ئەنجامی دەدەن. دوای ئەوەی خوێندنەوەکەی تەواو کرد، هەموو کەسێک سورەتی فاتیحای خوێندەوە، سوپاسی پەروەردگارمان کرد. خاڵم:

- گرنگترین نەخۆشی هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان، بریتیە لەوەی ئەرکی خۆیان ئەنجام نادەن و بیر لە ئیشوکاری کەسانی تر دەکەنەوە. وەک موسوڵمانیش گەورەترین هەڵەمان ئەوەیە هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی نەبەدیمان نادەین. لە ڕاستیدا ڕێگەی چاکسازی لە دونیا، لە چاکسازی خودی خۆمانەوە دەستپێدەکات. ئەو شتانەی باسی لێوە کردن زۆر کاریان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

لە ناو یەکانەی لێیان تێکردم. چونکە بۆ یەکەم جار، ئەو بازنە یەک لەناو یەکانەی لێیان دەترسام لە تێگەشتنی بابەتێکدا یاریدەدەرم بوون. ئیدی ئامانجی من، لە پاڵ ئەوەی دەبوو ببمە موسوڵمانێکی چاک، لە هەمان کاتدا دەبوو ببمە خوێندکارێکی چاکیش. ئەو بیرکردنەوەیەم کردە بنەمای خۆم کە دەڵێت فێربوونی جوانییەکانی ئیسلام لەلایەن مرۆڤەکانەوە، وابەستەی سەرکەوتنەکانی منە. بیرم لەوە کردەوە گەر لە ئێستاشەوە ببمە موسوڵمانێکی چاک، ڕەنگە وڵاتەکەم بکاتە یەکێک لە بەهێزترین وڵاتەکانی دونیا. هەموو شتێک هەر لە منەوە دەست پێدەکات. پێش هەموو شتێک دەبێت ژیانی ئاخیرەتی خۆم ڕزگار بکەم. چونکە لە بازنە ناوەندییەکاندا ئەمە گرنگترین ئەرکی منە.

گوتم ڕۆڵەکانم: "هەموو کاتێک نزای خێر بۆ موزەفەری هاوڕێم دەکەم. هیچ کاتێک بازنەکانی ناو ئاوەکە و بچوکترین بازنەی ناو ژیانم فەرامۆش ناکەم". چیرۆکەکەی سەردەمی منداڵیم تەواو بوو بوو، منداڵەکان:

- باوکە، بەڕاستی هیچ قسەیەکت بۆ ئێمە نەهێشتەوە.

ئیدی هەریەک لە منداڵەکانم بە مەبەستی تێکۆشان لە وانەکانیان هەندێکیان بۆ کتێب خوێندنەوە، هەندێکیشیان بۆ نوێژکردن ڕوویان لە ژوورەکانیان کرد. هاوسەرەکەشم

- جوزئێکم ماوە دەبێت بیخوێنم.

ئیدی هەموویان بەجێیانهێشتم. بەتەنیا مامەوە. منیش دەستم کرد بە

ئەنجامدانی ئەرکی ناو بازنە بچوکەکەم. منداڵەکانیشم ئەرکی ناو بازنە گەورەکانیان بۆ قۆناغەکانی دواتر جێهێشت. دەستیان کرد بەوەی بایەخ بە بەرپرسیارێتیی ناو بازنە بچوکەکەی ژیانیان بدەن. چونکە زۆرینەی ئەوانەی لە بازنە گەورەکاندا دەسوڕانەوە، ئەرکی ناو بچوکترین بازنەی ژیانیان لەبیر دەکرد. دەبوو هەمووومان ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین. ئیدی دوای ئەوە دەمانتوانی قسە لەسەر بازنە گەورەکانیش بکەین.

***

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# زیندانی تاکەکەسی

بە هۆی تاوانێکی قورسی وەک کوشتنی مرۆڤێک و پلیشاندنەوەی بە ئۆتۆمبیل کەوتمە زیندانەوە. یەکێک بووم لە سەرمایەدارە بەناوبانگەکانی ئەو شارە. هەر هێندەی یەکەم هەنگاوم نایە ناو قاوشەکەوە، زۆرینەی زیندانییەکان منیان ناسییەوە:

ـ مامۆستا بەخێربێیت، تۆ کەی هی ئەوەی بکەویتە ئەم ناوە. بەم شێوەیە سەرسوڕمانی خۆیان پیشاندا. لە ناویاندا هەندێکیش هەبوون کەوا کاتی خۆی لەگەڵ مندا کاریان کردبوو. زۆر بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردم. شوێنێکیان وەک جێخەو پیشاندام. پرسیاری ئەوەیان لێدەکردم کە حاڵی دەرەوەی زیندان چۆنە، لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا شۆکی سەراسیمەبوونەکەم بڕەوێننەوە. لەبەر ئەوی خەفەتم بە حاڵی خۆم دەخوارد، هیچ سەیرێکی حاڵی ئەوانم نەکرد.

قسەکردن وەک بارێکی زۆر سەخت بوو. دەمویست پاڵبکەوم و بە خەوێکی قوڵدا ڕۆبچم. تەنیا ئارەزوویەک هەمبوو بریتی بوو لەوەی هەموو شتێک لەبیر بکەم و تەواوی بارگرانییەکانی دونیا لە دوای خۆمەوە جێبهێڵم. لە جێخەوەکەمدا پاڵکەوتم. دەستیان بە پێکەنین کرد:

ـ مامۆستا با جارێ بخەوێت، دواتر دێتەوە سەر خۆیی و بە ئێرە ڕادێت.

بیرم لەوە کردەوە کە ئیدی لەمەودوا ئەم تاوانبارانە دەبنە هاوڕێکانم. چاوەکانم داخست بەڵام خەوم لێنەکەوت. ڕەنگە لە دوای ماوەیەکی زۆر دووروودرێژ ئەوە یەکەم جار بوو بە تەنیا لەگەڵ خۆمدا دەمامەوە. لە ناخمدا حەزی لەخۆپرسینەوە سەریهەڵدا. پشتم لە زیندانییەکانی ناو قاوشەکە کرد، ڕووم کردە دیوارەکە و دەستم بە بیرکردنەوە کرد. ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەی لە دەرەوە بەسەرم بردبوو، لەبەرچاوم زیندوو بوویەوە. هەندێک لەو شتانەم بەدەستهێنابوو کەوا لە گەنجیدا خەیاڵم پێوە بینیبوون. بەڵام ڕێک لەو کاتەدا کەوا خەریک بوو دەگەشتمە سەرئەنجام، ئەم ڕووداوەم بەسەرهات. وتم لایەنی کەم سزای ١٠ ساڵ زیندانی وەردەگرم. هێشتا سەرم سوڕماوە لەوەی چۆن ئەو پیاوە هاتە بەردەم ئۆتۆمبیلەکەم و پلیشاندمەوە.

لە ژیانی کارمدا هێندە ئالودەی کارەکەم بووم، بەیانیان تەنانەت بەرچاییم لە ماڵەوە نەدەخوارد. شەوانیش درەنگانێک کارەکانم تەواو دەکرد و دەگەڕامەوە ماڵەوە. کاتێک دەچوومەوە ماڵەوە، زۆرینەی منداڵەکانم دەخەوتن. زۆرینەی کات دەموچاوی هیچیانم نەدەبینی.

لە کارەکانمدا خەریک بوو بە تەواوی ئامانجەکانم دەگەشتم. هەربۆیە خەیاڵی ترم بۆ لەوەودواش هەبوو. دەبوو لە پێناو بەدەستهێنانی ئەوانیشدا خۆم خەریک بکەم. بەڵام قەدەر منی فڕێدایە دەرەوەی ئەو شتانەی بیرم لێدەکردنەوە. زۆر بیری خەوێکی بێ حسابی لەم شێوەیەی ئێرەم دەکرد... بەڵام ئێستا دەمتوانی تێر تێر بخەوم. بەڵام وەها دیار نەبوو شتەکانی

ناو مێشکم بهێڵن خەوم لێبکەوێت. لەلایەک حاڵی ئەو پیاوەم دەهاتەوە بەرچاو کەوا لە ژێر ئۆتۆمبیلەکەمدا پەلەقاژەی دەکرد، لەلایەک ئەو کارانەی کە لە نەبوونی مندا نەدەتوانرا جێبەجێ بکرێن. ئەم کارانە تەنیا لە ڕێگەی کارامەیی منەوە دەتوانرا ئەنجام بدرێن. هەموو شتێک ئاوەژوو بووبوویەوە. هەموو کاتێک ئامانجم ئەوە بوو لە پێش کاتەوە ڕابکەم. بەڵام ئێستا لێرەدا وەستاوم و پاڵکەوتووم. کاتیش لەم پێشبڕکێیەدا ئەوپەڕی خێرایی خۆی وەرگرتووە و بەردەوامە لە ڕۆشتن. گەر ماوەی ١٠ ساڵ لێرە بمێنمەوە، چۆن فریای کات بکەوم. خەیاڵم کردەوە لەوەی ببمە مرۆڤێکی نەبینراو. دیسان ملی ڕێگەم گرتووەتەوە و چوومەتەوە سەر کارەکانم و لەگەڵ کاتدا لە پێشبڕکێدام. ئامانجی لەوەودوام بریتی بوو لەوەی ببمە سەرۆکی شارەوانەی یان بوونە ئەندام پەرلەمان. بەڵام چیدی بەدیهاتنی ئەو خەیاڵانە کاری نەکردە بوو.

کەمێک خەوم لێکەوتبوو، کاتێک بە ئاگا هاتمەوە، ئەوانەی ناو قاوشەکە قسەیان دەکرد:

- با مامۆستا بۆ نانخواردن هەڵبستێنین، ڕەنگە حەپەساوییەکە بەریدابێت. ڕەنگە ئێستا باوەڕی بەوە هێنابێت کەوا لە زیندانە.

وەک ئەوە بوو گاڵتەم پێبکەن. ویستیان بە زۆر لە خەو هەڵمبستێنن. کاتێک بۆ شۆرینی دەستەکانم چوومە سەر دەستشۆرەکە، زۆر بە پیسم زانی. وتم مادام ١٠ ساڵ لێرە دەمێنمەوە، دەبێت بێرە ڕابێم. لەگەڵ ئەوانەی ناو قاوشەکە بۆ نانخواردن دانیشتم. بێزم لە قاپ و کەوچکەکان دەهاتەوە. تیکەیەکی نانەکەم بە شلەکەدا دەژەنی و هەوڵم دەدا بەو شێوەیە سکم تێر بکەم.

ـ مامۆستا هەتا بەیانی برسی دەمێنیتەوە، نانی ئێوارەت بخۆ.

لە کاتی نانخواردندا چاوم بەسەر یەکە بە یەکەیاندا گێڕا. لە چاوی هەریەکەیاندا دونیاگەلێکی جیاواز هەبوو. لە قسەکانیانەوە ئەوە دەردەکەوت کە هەریەکەیان لە مێشکیاندا خەیاڵگەلێکی جیاوازیان دروست کردووە. هەندێک جار گوێم لە قسەکانیان نەدەبوو. لە یەکە بە یەکەیان ورد دەبوومەوە. هەندێکیان بەم نزیکانە لێرە دەردەچوون و خەیاڵی لای ئەوە بوو تۆڵە لە دوژمنەکانی بستێنێتەوە. کە قسەیان دەکرد سەریان ڕادەوەشاند و گوزارشتیان لەو کینە قوڵە دەکرد کە هەیانە. هەندێکیش خوازیاری شادبوونەوە بە کەسە نزیکەکانیان بوون. هەندێکیشیان دەستیان لە ژیان شۆردبوو، ئێرەیان وەک شێوە ژیانی خۆیان هەڵبژاردبوو. هەندێکیشیان چەشنی من هێشتا بەم شوێنە ڕانەهاتبوون.

لە دوای نانی ئێوارە، وەک هەمیشە دەستکرا بە ژماردنی زیندانییەکان. هەموو کەس بە پێوە بوو، پاسەوانەکە هەموومانی بژارد، لە کاتی ڕۆشتنندا سەیرێکی کردم. لەبەر ئەوەی دەیناسیم گوتی:

ـ کەفارەتت بێت مامۆستا، ئەمەش تەواو دەبێت، پێویستە ئارامگر بین.

هەندێکیان دەیانوت مامۆستا قسەمان بۆ بکە، ئیدی حەزیان بەوە دەکرد چیرۆکی نوێ لە قاوشەکەدا ببیستن. ئەوان پێویستیان بە چیرۆکی تازە بوو هەتا خەیاڵ بکەنەوە و کاتەکانیان تێبپەڕێنن. بەڵام من دەمویست لە ناخمەوە گوێ لە چیرۆکەکەی خۆم بگرم. دەبوو بڕگە پچڕ پچڕەکانی ژیانم پێکەوە گرێ بدەمەوە. دیسان چوومەوە سەر قەرەوێڵەکەم و پاڵکەوتمەوە.

ڕەنگە ئەوەم زانیبێت کە کارێکی بەسوود بۆ ڕێگەکەی ئەو بکەم. بەڵام دەبێت ڕاستیتان پێ هەندێک کار بە ڕاست و دروستی ئەنجام بدەم. بڵێم، بناغەی هەموو ژیانم لەسەر ئەوە دانابوو کە پێم بڵێن کەسێکی "چاکە". دەمویست هەموو کەس باس لە "چاکیم" بکەن: دایبابم: "تاکە ڕۆڵەکەمان"؛ هاوسەرەکەم: "مێردەکەم بێوێنەیە"؛ خزمەکانم: "خۆی هەر دیار بوو پیاوێکی گەورەی لێ دەردەچێت"؛ چینی پەروەردەکارانیش: "مامۆستایەکی سەرکەوتوو کەوا دەستی بە ژیانی کار کردووە". حەزم دەکرد هەموو کەسێک ستایشی سەرکەوتنەکانم بکەن، شارەکە هەمووی باسی چاکەکانی من بکەن. هەربۆیە کاتێک کارێکی خێریشم دەکرد، بە کارێک هەڵدەستام کەوا هەموو کەسێک باسی لێوە بکات. ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە هەموو کەسێکی چواردەورم بە چاوی قارەمانەوە تەماشای من بکەن. تەواوی ئەمانەش بریتی بوون لەوەی نەفسی کۆڵەوارم بکەمە فیرعەون. دەمویست وەک کەسێکی بەهێز و بێکەموکورتی دەربکەوم. لە کاتێکدا منیش کەسێک بووم، گەر زۆرم بخواردایە سکم دەئاوسا، ئاتاجی تەوالێت دەبووم، کە شوێنێکم دەئێشا دەتلامەوە، تەنیا لە کاتی تەنگانەدا بەجددی بیرم لە (الله) دەکردەوە و داوای یارمەتیم لێدەکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو هەمووان منیان بە کەسێکی ویندار دەزانی. بەڵام لە ڕووی دەرەوە بەو شێوەیە بووم، لە ناخەوە کەسێکی دوور لە خودا بووم، هەوڵی ئەوەم دەدا نەفسی خۆم گەورە بکەم. تەنانەت لە ئێستاشدا نەفسم ڕێگەم نادات ئەم شتانە بنوسم، لەلایەکەوە هانم دەدا لایەنە پاکەکانیشی باس بکەم.

گەر هەر بە ڕاستی بیرم لەو کەسە بکردایەتەوە کەوا منی بەدیهێناوە

ەر بە ڕاستی باوەڕم بەو هەبووایە، ئەوا کارەکانم لە پێناو گەورەکردنی ەفسمدا ئەنجام نەدەدا، لە پێناو ڕەزامەندیی ئەو ئەنجامم دەدان. لە ڕووی فیکرییەوە ئەوەم دەزانی کە ئەو شتانەی پێم بەخشراون سپاردەن. بەڵام لە ڕووی ژیانمەوە، ئەو هێزەی پێم بەخشرابوو لە پێناو بەرژەوەندیی نەفسی خۆمدا بەکارمهێنابوو.

شانازیم بەوەوە دەکرد کەوا ئیش و کارم بۆ کەسانی هەژار دۆزیوەتەوە یاخود پارەی زۆرم پێداون. تەنانەت ئەم جۆرە کارانەشم لە پێناو گەورەکردنی نەفسم و شۆرەتی ناو خەڵکی ئەنجام دەدا. بابەتی ئەوەی نیەتی ناخم لە خۆم بشارمەوە کاری نەکردە بوو. ڕەنگە بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤەکانی تری ناو کۆمەڵگا وەک ئەوە بوویێتم کەوا بە حەوت ئاو شۆردرابێتەوە، بەڵام وەک مرۆڤێک کەوا خودای دەناسی، دەبوو جیاواز بم لەو مرۆڤانەی ئەم جۆرە کارانەیان دەکرد.

لەپاڵ ئەو جینایەتەی بە ئۆتۆمبیلەکەم ئەنجامم دابوو، ئەمانەش جینایەتەکانی ترم بوون. لە جیاتی ئەوەی ئەو وجود و ئەقڵ و سەروەتەی پێمبەخشرابوو لە پێناو (اللّٰه) بەکاربهێنم، لە پێناو گەورەکردنی نەفسی خۆم بەکارمهێنابوون. لە ئێستاشدا خودا ئەو شتانەی لێسەندبوومەوە کەوا پێشتر پێیبەخشیبووم.

دەبوو لێرە سەرلەنوێ پەروەردگارم بناسمەوە، چاکەکانم هەر لە پێناو ئەودا ئەنجام بدەمەوە، بەم بیرکردنەوانەوە لە جێخەوەکەم ڕاپەڕیم. هەموو کەس لە قاوشەکە خەوتبوو.

کاتێک چوومە تەوالێتەکەوە، یەکەم ئەرکم پاککردنەوەی ئەو شوێنە

ـ مامۆستا کەیفی نییە، جارێ بە ئێرە ڕانەهاتووە. هەندێکیشیان:

ـ واز لە کابرا بهێنن، جارێ با بێتەوە سەر خۆی. هەندێکیشیان:

ـ مامۆستا کاتی زۆرت دەبێت بۆ خەوتن، لێرە کات زۆر بە ئەستەم تێدەپەڕێت.

نەمدەویست گوێم لە هیچ کەسێک بێت. کاتێک لە جێخەوەکەمدا پاڵکەوتم، دیسان بیرم لە ژیانی دەرەوەم کردەوە. هیچ کاتێک بەکەیفی خۆم نەژیابووم. هەردەم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانم لە چنگەکرکێدا بووم. لەبەرچی هێندە چنگەکرکێم دەکرد؟ لەبەرچی وازم لە مامۆستایەتی هێنابوو؟ لە پێناو پارە و دەوڵەمەند بووندا. بەڵام زۆرێک لەو هاوڕێیانەم کەوا مامۆستا بوون، لایەنی کەم بەیانیان بەرچاییان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەخوارد. هەموو کۆتایی هەفتەیەک دەچوونە سەیران، ژیانێکی خۆشیان لەگەڵ خێزانەکانیان دەگوزەراند. بەڵام من، هاوینێکی دوور و درێژ دەهات و دەڕۆشت تەنیا یەک جار دەمتوانی بچمە سەیران. زۆرینەی کات وەهام لێ دەهات ئیرەییشیان پێببەم. ڕەنگە ئەوانیش ئیرەییان بە من بردبێت کەوا پارەی زۆرم هەیە.

بەڵام ئێرە شوێنێک بوو پارەش نەیدەخوارد. لایەنی کەم دەبوو ماوەی ١٠ ساڵ بە دەست و قاچ بەستراوی بمێنمەوە. هەتا زیاتر لێرە بمێنمەوە، ئەگەری مایەپوچبوونی کارەکانم ڕوویان لە زیاد بوون دەکرد. بەکورتی دەگەڕامەوە بۆ خاڵی دەستپێکم. ئیدی بیست ساڵی کارکردنم سفر دەبوویەوە.

کاتێک ئاوڕم لە ژیانم دایەوە، تێگەشتم لەوەی کە ژیانی کارم منی دیل کردووە. هەر بەڕاستی بووبوومە دیلی ئایدیاڵ و خەیاڵەکانم. من دیلێک بووم، دیلی هەوەسەکانی نەفسم کە هەوڵی خۆگەورەکردن و گەورەبوونی دەدا. ویستی بەناوبانگ بوون، بوونە پیاوێکی گەورە کەوا دەنگت ببیسترێت، منی دیل کردبوو. ئیدی ژیانم وەک زیدانی لێهاتبوو. ڕەنگە ئیدی لێرە بتوانم هەناسەیەک بدەم.

لە پڕێکدا ئەم شوێنە لەبەرچاوم جوانبوو. تێگەشتم لەوەی لە کێبڕکێ، بەرەنگاربوونەوە و ململانێی مرۆڤەکان وەڕز بووم. ڕزگاربووم لەوەی خۆم لای مرۆڤە دووڕووەکان پەسەند بکەم. دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەوەی کە دەبێت لەمەودوا ئاگام لە خودی خۆم بێت.

یەکێکی تر لە ئایدیاڵەکانی ژیانم بریتی بوو لەوەی زۆر حەزم لە خوێندنەوە بوو. دەبوو لێرە دەست بە خوێندنەوەیەکی زۆر بکەم. کاتێک یەکێک لە کەموکورتییەکانی ترم بە یاد هاتەوە، جەرگم سوتا، دەبوو لێرە ئەو کەموکورتییەش تەواو بکەم. کەموکورتییەکەشم ئەوە بوو: من لە ژیانمدا هیچ ئەرکێکم بەرانبەر بەدیهێنەرەکەی خۆم ئەنجام نەدابوو. پرسیارگەلێکی وەک داواکارییەکانی ئەو چین؟ ئامانجی ئەو لە ئافراندنی من چییە و داوای چی لە من دەکات؟ هزری منیان مەشغوڵ کردبوو. لە ژیانی دەرەوەمدا وەک پێویست گرنگیم بە عیبادەتەکانم نەدابوو. ڕەنگە ئەنجامدانی هەندێک لە عیبادەتەکانیش لەبەر خاتری ئەوە بووبێت کەوا مرۆڤەکان وەک کەسێکی دیندار بمبینن.

هیچ کاتی ئەوەم نەبوو بیر لە داواکارییەکانی ئەو بکەمەوە و



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دوای ئەوەی بریسکەم لە تەوالێتەکە هەڵهێنا، ئەمجارەیان دەستم بە بوو، دوای ئەوەی بریسکەم لە تەوالێتەکە هەڵهێنا، ئەمجارەیان دەستم بە پاککردنەوەی دەستشۆرەکە کرد. کاتێک دەستنوێژم گرت، بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت ژیانی دەرەوەم و ئەوەی من لەوێ کێ بووم لەیاد بکەم. وەها هەستم کرد لە حزوری خودادام. بەڵام ئەو کاتەی لە دەرەوە بووم، یەکسەر بە پەلەپرووزێ نوێژەکانم دەکرد. تەنانەت ئاگام لەو نزایانەش نەبوو کەوا لە نوێژەکەمدا دەمکردن. کەواتە جاران هەر نوێژم نەکردووە. بەڵام لە ئێستادا لە ناخمەوە هەستم بەو نزایانە دەکرد کەوا دەمخوێندن. نەفس شتێکی وەهایە، هەتا لێینەقەومێت و تەنگی پێهەڵنەچنرێت لە پەروەردگاری نزیک نابێتەوە. یەکسەر پرۆگرامێکم بۆ خۆم ڕێکخست. کاتەکانم بەشی ئەو کارانەی نەدەکرد کەوا نیازی کردنیانم هەبوو. هەتا ماندووبووم عیبادەتم کرد و دواتر بەڵێنم بە پەروەردگارم دا: "ئیدی لەمەودوا هەرگیز تۆ لەیاد ناکەم ئەی پەروەردگارم". دەبوو بۆ ناسینی ئەو زیاتر بخوێنمەوە. دەبوو ئەو شتانەی سەبارەت بەو دەمزانین بە مرۆڤەکانیشی بناسێنم. هەتا نوێژی بەیانی هەر بیرم لەم شتانە کردەوە. نوێژم کرد و دیسان خەوتمەوە. بە دەنگی "قاوشەکە هەستن، کاتی سەرژمێرییە" بێدار بوومەوە. قاوشەکەیان دەبژارد، منیش هەستام و قنج ڕاوەستام. دواتر بەرچاییان هێنا. ئیدی لەگەڵ قاوشەکەدا تێکەڵ بووبووم. ئەوانەی دەچوونە تەوالێتەکەوە:

- ئەوە کێ ئێرەی پاک کردۆتەوە. زیندانییەکیش:

- مامۆستا پاکی کردەوە، چاوم لێی بوو. هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد.

ـ مامۆستا خێرا ڕاهاتی.

چەند ڕۆژنامەیەکیان هێنایە ژوورەوە.

ـ من کاری خۆم لەگەڵ دونیای دەرەوە تەواو کردووە.

ئیدی هیچ کام لەو ڕۆژنامانەم نەخوێندەوە کە بۆیان هێنام. هەموو کەس بە ورپاییەوە سەرنجیان لە من دەدا. دواتر کتێبی یەکێک لە زیندانییەکانم گرت بە دەستمەوە کەوا باسی مێژووی پێغەمبەرانی دەکرد و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. هەتا ئێستا چەند جارێک ئەو کتێبەم خوێندبوویەوە. بەڵام ئێستا کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر دروست کردبووم. دوای ئەوەی نوێژی نیوەڕۆم کرد، هەموو زیندانییەکانم کۆکردەوە. باسی ژیانی حەزرەتی یوسفم بۆ کردن، ئەوەم تێگەیاندن کە ژیانی زیندان شوێنێکی زۆر نایابە بۆ ناسینی خودا و ئەنجامدانی عیبادەتی ئەو.

ـ چیدی بیر لە ژیانی دەرەوە مەکەنەوە، من لە هەمووتان زیاتر کارم هەیە، بەڵام منیش چیدی بیری لێناکەمەوە. دەبێت ئێرە ببێتە خوێندنگەیەکی یوسفی کەوا فێری ژیانمان بکات.

زیندانییەکان سەریان لەو سوڕما کەوا بە خۆشحاڵییەوە ئێرەم قبوڵ کردووە. ڕۆژی دواتر، باسم لە ژیانی ئەو زانایانە کرد کەوا چەشنی ئێمە زیندانی بوون.

ـ تەنیا هێندە هەیە لە نیوان ئێمە و ئەواندا جیاوازییەک هەیە، ئەوان لە پێناو گەیاندنی ناوی (اللّٰه) کەوتنە ناو زیندانەوە. بەڵام ئێمە بە هۆی کارە دونیاییەکانمانەوە کەوتینە زیندانەوە. بەڵام لێرە دەتوانین هاوشێوەی ئەوان ژیان بەسەر ببەین.

ئیدی باسی ژیانی مامۆستا سەعیدی نورسیم بۆ کردن کەوا لە پێناو گەیاندنی دینی خودا چەندین ساڵ ژیانی لە زیندان بردە سەر. باسم لەوە کرد کە بۆچی بەدیعوزەمان زیندانی بە خوێندنگەی یوسفی ناودەبرد.

ـ دەبێت ئێمەش ئێرە بگۆڕین بۆ خوێندنگەیەکی یوسفی

هەموو زیندانییەکانی قاوشەکە ئەوەیان قبوڵ کرد کە ئیتر دەست بە فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان بکەن. چالاکییەکانمان چڕ بوونەوە. ئیدی ڕێکوپێکییەک هاتە ناو قاوشەکەمانەوە. دەبوو هەموومان کتێب بخوێنینەوە و بە یەکەوە نوێژی جەماعەت بکەین. کاتەکانمان بەشی کارەکانمانی نەدەکرد؛ هەموو ڕۆژێک لە دوای نوێژی نیوەڕۆ و خەوتنان، لایەنی کەم دوو کاتژمێرمان بۆ خوێندنەوەی کتێبە دینییەکان تەرخان کرد. پێکەوە گفتوگۆشمان دەکرد. بە تێپەڕینی کات، قاوشەکەمان وەک خوێندنگەیەکی لێهات. لەبەر ئەوەی هیچ کێشەیەک لەم قاوشەی ئێمەدا ڕووی نەدەدا، بەڕێوەبەری زیندانەکە سەردانی کردین، پیرۆزبایی لێکردین. تەنانەت ئەویشمان بانگهێشتی گفتوگۆکەی دوای نوێژی خەوتنان کرد. ئەویش زۆر بەدڵی بوو. قاوشەکەمان وەک خوێندنگەی لێهات. ئیدی هەموومان بە خواناسییەوە قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. دەردەکانمان بیرچوویەوە. ئیدی وازم لەوە هێنا شۆرەت پەیدا بکەم و خۆم وەک کەسێکی چاک پیشانی مرۆڤەکان بدەم. هەمووومان لەم ژیانە کورتەدا خۆمان بۆ ژیانی ئاخیرەت ئامادە دەکرد. چونکە زۆر بە بەلاش کاتەکانی خۆمان بەفیڕۆ دابوو. کاتی تەواومان لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی ژیانی ئاخیرەتمان ببەینەوە.

لە یەکەم دانیشتنی دادگا کەوا دوای مانگێک ئەنجام درا، بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کرام هەتا کاتی کۆتا بڕیاری دادگا. چونکە ئەو کەسەی کردبووم بە ژێر ئۆتۆمبیلەکەمەوە، لە ڕووی ئەقڵییەوە تەواو نەبوو. شایەتەکانی ئەو بابەتە باسیان لەوە کرد کە ئەو کەسە هەر خۆی، خۆی فڕێداوەتە ژێر ئۆتۆمبیلەکەم. بە مەبەستی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم سەردانی زیندانم کردەوە. حەزم بە جێهێشتنی ئەو شوێنەش نەدەکرد. هەموومان دەستمان بە گریان کرد.

جێهێشتنی خوێندنگەی یوسفی بەلامەوە کارێکی زۆر سەخت بوو. چونکە هەستی دوورکەوتنەوەم لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەم و مرۆڤەکان لەلا دروست بووبوو. کاتێک چوومە دەرەوە، خێزان و منداڵەکانم لە خۆشییاندا دەستیان بە گریان کرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو ئەوەیان نەدەزانی کە ئیدی دونیای دەرەوەشم دەکەمە زیندان. لەمەودوا نەدەبوو کارە دونیاییەکان ژیانی ئاخیرەتم لەبیر ببەنەوە. لە کاتێکدا هەوڵی پەیداکردنی بژێوی ماڵ و منداڵەکانم دەدا، دەبوو سەرمایەیەک بۆ ژیانی ئاخیرەتیشیان دەستبخەم، لە ڕێگەی ئەو ئەزموونە یەک مانگییەی لە زیندان فێری بووم، دەبوو ژیانم لە نێو هاوسەنگیی ژیانی دونیا-ئاخیرەت بەسەر ببەم.

***



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ

١٢ ی نیسان، شەممە

چەندە شیرینن ئەو منداڵانەی تازە فێری قسە و ڕۆشتن دەبن. یەکێک لەو منداڵانەش کوڕەکەی خەزورمە. تازە پێ دەنێتە سێ ساڵانەوە. کاتێک لەگەڵ براگەورەکەیدا یاریمان لەگەڵدا دەکرد: "کاکەتت زیاتر خۆشدەوێت یان من؟". بە پەنجە بچوکەکانی ئاماژەی بۆ براکەی کرد و گوتی "ئەو". زۆر بەئاسایی وەرمگرت، دەی ئەو براگەورەی و من زاوایان بووم. ئەو زیاتر نزیک و منیش دوور بووم. هەڵبژاردەی منداڵەکە شتێکی زۆر ئاسایی بوو.

منیش شاورێکی منداڵانەم لە گیرفانم دەرهێنا و پێمدا. بە خۆشحاڵییەوە گرتی بە دەستییەوە و چەند جارێک فووی پێدا کرد. زۆر دڵی خۆشبوو، دەموچاوی پێدەکەنی. پەنجەکانی بۆ من درێژ کرد و بە زمانە قسەکەیەوە وتی "تۆ". هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین. ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە لێم دەپرسی:

– زاواکەتانت خۆشدەوێت؟ ئەویش هەر بە ئەرێنی وەڵامی دەدامەوە. تەنیا بایەخ و لێک نزیکبوونەوەیەکی لەو شێوەیە، چۆن گۆڕانکارییەکی بەسەردا هێنا.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یەکێک لە خووەکانم بریتی بوو لەوەی ئێواران بیرم لەو شتانە دەکردەوە کەوا بەڕۆژ بەسەرم هاتبوون. گەر هەڵەم لە کارەکانمدا بدیایە، بڕیاری نوێم دەدا. هەوڵی ئەوەم دەدا هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە. ئەم ئێوارەیەش بە هەمان شێوەم کرد. کتێبێکم گرت بە دەستمەوە و چوومە گۆشەیەکی بێدەنگی ماڵەکەمانەوە. هەڵسەنگاندنێکم بۆ ئەو ڕەفتارانە کرد کەوا منداڵەکە کردی. شتێکی زۆر ئاسایی بوو مرۆڤ سەرەتا خۆی خۆشبوێت، ئینجا هەریەک لە خزمەکانی بە گوێرەی نزیکی و دوورییان. سەرم لەوە سوڕما کەوا بۆچی بە هۆی بەرژەوەندییەوە ئەم پەیوەندیەیان تێکدەچێت. بینینی بایەخ و بەرژەوەندی گۆڕانکاری خێرا بەسەر مرۆڤدا دەهێنن.

هەردەم بە دوای خۆشەویستییەکدا گەڕاوم کەوا بێگەرد بێت و چاوەڕوانیی هیچ شتێکی تێدا نەبێت. دەمویست لە کتێبەکاندا ئەوە بینمەوە کە ئەمە دەبێت چۆن هەستێک بێت. کتێبەکەمم کردەوە و دەستم بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کرد، بە دوای دەرمانی دەردەکەمدا دەستم بە گەڕان کرد. ئەو دێڕانەی خوێندمەوە پێناسەی دونیایان بۆ دەکردم:

- دونیا هەم کێڵگەیە؛ بچێنە و بەرهەمی خۆتی لێوەربگرە، پارێزگاریشی لێبکە، باقوبریقەکەی فرێدە و گرنگی پێمەدە. هەم دوکانێکی بازرگانی گەڕۆکە. کەواتە سەودا و مامەڵەی خۆتی تێدا بکە، بێهودە بە دوای هیچ کاروانێکدا ڕامەکە کەوا ئاوڕت لێنادەنەوە و بایەخت پێنادەن، خۆت ماندوو مەکە!».

بیرم لەوە کردەوە کە نابێت سواڵی خۆشەویستی لە مرۆڤەکان و دونیا بکەم، چونکە خۆشەویستییەکەیان ڕێژەییە، بە گوێرەی

بەرژەوەندییەکانیشیان گۆڕانکاریی خێرای بەسەردا دێت. ئەم چەند دێڕە پێی دەوتم دونیا وەک کێڵگەیەک بۆ بەدەستهێنانی ژیانی ئاخیرەت بەکاربهێنە، تەواوی شتەکانی تر لەیاد بکە و فڕێیان بدە تەنەکەی خۆڵەوە. بەڵام دڵم بە کارێکی لەم شێوەیە ڕازی نەدەبوو. بەردەوام بووم لەوەی لە مرۆڤەکاندا ئەو خۆشەویستی و بایەخە بدۆزمەوە. هەستم کرد خەوم دێت. لەسەر جێخەوەکەم درێژ بووم. هەوڵمدا ڕەفتارەکانی سبەینێم ڕێک بخەم. منداڵەکە سەرەداوێکی پێدابووم. دەبوو سەرنج لەوە بدەم کە چۆنی گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتار و شێوازی مامەڵەی مرۆڤەکاندا دێت.

٧ ی ئایار، دووشەممە

لە خوێندنگەیەک مامۆستا بووم. زۆرێک لە مامۆستایانی هاوڕێم، بە هۆی جیاوازیی بیروڕا ئایدۆلۆژیاکانیانەوە بەساردی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم. ساڵانی حەفتاکان، بە گوێرەی بیروڕا جیاوازەکان، جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرا. بڕیاری ئەوەم دابوو کە پەیوەندیی خۆم لەگەڵ ئەم مرۆڤانەدا ڕێک بخەمەوە و خۆمیان لەلا خۆشەویست بکەم.

بەیانی کاتێک چوومە ژوورەوە، یەکەم کەس چاوم پێیکەوت کاکی بەڕێوەبەر بوو. بە پێچەوانەی هەموو کاتەکانەوە، بەڕێزەوە سڵاوم لێکرد. لە چاوەکانییەوە ئەوەم خوێندەوە کە زۆر خۆشحاڵ بووە. دواتر بەسەر پێوە کەمێک قسەمان کرد. باسم لەوە کرد کە زۆر بەجوانی کارەکان دەبات بەڕێوە، پەسنی زانیاری و سەرکەوتنەکانیم کرد لە یاریی باڵە بە شانوباڵی چەند سیفاتێکی تریشیمدا هەڵدا. بە قسەکانم وەهای لێهات

سنگی دەرپەڕاند. بە هۆی شانازیکردن بە خۆیەوە کونەکانی لوتی دەکرانەوە و دادەخران. بە خۆشحاڵییەوە سەیری منی دەکرد و بە ڕوومەوە پێدەکەنی. ئەمە لە کاتێکدا زۆر حەزی لە چارەشم نەبوو.

دیسان هەمان ڕۆژ، زۆر پەسنی شیکپۆشیی جلەکانی مامۆستا ئەحمەدم کرد، کەسێکی پاکوتەمیز و جددی بوو. باسم لەوە کرد کە حەیرانی جلپۆشینی ئەوم. هەر بە ڕاستیش زۆر بەیاخی بە جلوبەرگی خۆی دەدا. کاتێک منیش پەسنم کرد، ئیدی لە خۆشییاندا خەریک بوو دەفڕی. کاتێک ناوی دەبردم، وشەکانی "کاک" و "بەڕێزم" زۆر بە جوانی لە دەمی دەهاتنە دەرەوە. بەکورتی، پیاهەڵدانم بە کارامەیی مرۆڤەکانی بەرانبەرم و پێکەنینم بە ڕوویانەوە، کاریگەری دروست کردبوو. ئیدی بڕیارمدا لەم جۆرە هەڵسوکەوتانەم بەردەوام بم.

لە دوای وانەی یەکەم، لە ژووری مامۆستایان چاوم بە مامۆستا جەمیلی وانەی میوزیک کەوت. ئەو ڕۆژە بڕیارم دابوو، دەبوو پەسنی کارامەیی هەریەک لە مرۆڤەکان بکەم. مرۆڤەکان لە بەردەممدا وەک تاقیگەیەکیان لێهاتبوو. تۆ بڵێی چۆنی وەڵامی پەسن و ستایشە لەرادەبەدەرەکانم بدەنەوە؟ بە کاک جەمیلم گوت:

– خوێندکارەکان ئێوەیان زۆر خۆشدەوێت. جگە لەوە، لە ئاهەنگەکەی شیرین و ئەواندا زۆر سەرسامی ئەو پەیوەندییەتان بووم کەوا لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەتانە.

زۆر دڵی بەم پیاهەڵدانەم خۆشبوو. بە دەموچاوی پڕ زەردەخەنەوە گوتی: "چایەکتان بۆ نەهێنم مامۆستا، زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم". سەرم لەم جۆرە

ڕانەی مرۆڤەکان سوڕما. چۆن یەکسەر ئاوا گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات.
ڕتم کەواتە مرۆڤ لە ڕووی پێکهاتەی نەفسییەوە، سەرەتا خۆی
ندەوێت. تێگەشتم لەوەی کەوا ئێمەی مرۆڤ چەندە لاوازین.

دوای ئەوەی وانەکان تەواو بوون، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستم
ڕوینە کافتریا هەتا تۆزێک یاریی تێنس بکەین. کەسێکی بەڕێز و
اوەن کەسایەتی بوو. کەسێک بوو هەنگاوێک بە ڕوویەوە بچیت، ئەو
ڕو هەنگاو دەهات بەدەمتەوە. دوای ئەوەی پاش یارییەکی جوان لێمبردەوە،
ە کەمێک گاڵتەوە وتم:

- تۆ ئەم یارییە نازانی.

وەها دیاربوو قسەکەی لەدڵ گرتبێت و لە دوای یارییەکە لێم سارد
بووبێتەوە. کەمێک جددیتر بوو. دەموچاوی گرژ کرد. تێگەشتم لەوەی
بۆ وەهای لێهات. ڕۆژی دواتر بە زۆر بردمەوە بۆ کافتریا، یاریمان
کرد. ئەمجارەیان بە ئەنقەست خۆمم پێدۆڕاند. ئیدی بەرانبەرم نەرمی
نواند.

- دوێنێ بە یارییەک چاک لە خۆت بایی بوویت، وانەی خۆتت
وەرگرت؟

بۆ ئەوەی هاوڕێکەم زویر نەکەم، جارێکی تر یاریم لەگەڵ نەکردەوە.
تێگەشتم لەوەی بەرگەی دۆڕان ناگرێت. جێمانی لە هاوڕێکەی ئەوی
خەمبار دەکرد. لە دوای ئەم ڕووداوە، لە هەموو بابەتێکی گرنگدا ئامادەم

بەوە دەکرد کە ئەو لە من چاکترە . چونکە ئەوەی بە دوای دۆستی یێکەموکوڕیدا بگەڕێت، لە کۆتاییدا بێدۆست دەمێنێتەوە.

هاوڕێیەتییەکەمان لەگەڵ ئەودا ساڵانێکی دوور و درێژ بەردەوام بوو. لەم سۆنگەیەشەوە، هەستم بەوە کرد کە چەندە سەختە بە دەمامکەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان بکەیت، نەفسی مرۆڤیش چەندە بەرژەوەندیپەرستە.

ئێوارەیەک گۆشەیەکی چۆڵیماڵەکەمانم گرت. کتێبەکەم کردەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەکەوە هەوڵی هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەم دا کەوا بە ڕۆژ بینیبووم:

”... چونکە ئەمە دەست بەسەری خودپەرستیی مرۆڤەکاندا دەهێنێت و ناڕاستەی لەخۆباییبوونیان دەکات. لە کاتێکدا دەرگاوانە خۆی لێ دەکاتە پاشا. هەم زوڵم لە نەفسی خۆی دەکات، هەم ڕەنگە ڕێگاش بۆ شیرکی شاراوەش بکاتەوە“.

ڕەنگە پیاهەڵدانی ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دڵیان خۆش بکات. خۆشەویستییان بەرانبەر تۆ زیاد بکات، بە شێوەیەکی کاتی وەها دەربکەون کەوا خۆشیان دەوێیت، بەڵام ئەمە وەک فریودانی ئەوان بوو. تێگەشتم لەوەی کە ئەم کارەم زۆر ناهاوسەنگانەیە. سەردارمان کاتێک یەکێک دەبینێت بە شانوباڵی یەکێک لە هاوەڵانیدا هەڵدەدات، لە وەڵامدا دەفەرموێت: ”تۆ ملی براکەی خۆتت شکاند!“. کەواتە پیاهەڵدان بە مرۆڤەکان لە پێناو ئەوەی خۆشەویستییان بەدەستبهێنیت، دەبوویە هۆی ئەوەی جۆرێک لە خوایەتی بدەنە پاڵ نەفسی خۆیان. ئەمەش بە واتای شیرکی شاراوە دەهات. هەروەها بێئاگاکردنی ئەو کەسەش بوو. دووڕوویی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

و مامەڵە دەمامکدارانەش منیان ماندوو کردبوو. ڕەنگە ئەوانە ماندوو نەکات کەوا لەسەری ڕاهاتوون. بەڵام ئەم شێوازە لە ڕەفتارم بەدڵ نەبوو. گەشتمە ئەو قەناعەتەی ڕاستتر وەهایە مامەڵەی ڕاستگۆیانە لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکەم بەو شێوەیەی کەوا لە ناخمەوە هەستیان پێدەکەم. بێگومان مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان بە زەردەخەنەوە پاداشتی خۆی هەیە. بەڵام پیشاندانیان بە شێوەیەکی گەورەتر لەوەی خۆیان هەن، بێگومان زیانی پێدەگەیاندن. وتم ڕەنگە هەر دەنگی چەپڵەڕێزان بێت کەوا لە سیاسییەکانیش دەکات هەڵەکانی خۆیان نەبینن.

٢٠ ی حوزەیران، شەممە

کە چوومە بازاڕ سەرێکم لە هاوڕێ کاسپکارەکانیشم دا. دوای ئەوەی هەندێک شتم لێکڕین، لەگەڵ چا خواردنەوە دەستمان بە قسە کرد. لە ڕواڵەتدا یەکێکیان زیاتر لەوانی تر منی خۆشدەویست. باسم لەوە کرد کە منداڵەکانی زۆر بەهرەمەندن وخۆیشی بەهەمان شێوە کەسێکی زۆر زیرەکە. بە کەمێک سوعبەتەوە باسم لەوە کرد خوێندکارانی ناو زانکۆکانیش ناتوانن بە تۆزی پێیەکانیشی بگەنەوە. بە مەبەستی فووتێکردنی ئەم قسانەم بۆ کرد. هەر بە ڕاستیش کەسێکی چاو کراوە بوو. چا لەسەر چای بۆ بانگ دەکردم. بیلبیلەی چاوەکانیشی پێدەکەنین. تێگەشتم لەوەی کەسێکی زۆر سادەیە و حەزی لەوەیە بە شانوباڵیدا هەڵبدەیت. باسی لەوە کرد کە منی زۆر خۆشدەوێت و داوای ئەوەی لێکردم کە زوو زوو سەردانی دوکانەکەی بکەم.

ڕۆژێکی تر لەگەڵ هاوڕێیەکمدا سەردانی دوکانەکەیمان کردەوە. هاوڕێکەم هیچ کام لە قاتەکانی دوکانەکەی ئەوی بەدڵ نەبوو. هەربۆیە چووینە دوکانەکەی بەرانبەری کەوا کەمتر دەماننناسی و قاتێکمان لێ کڕی. بەڵام دۆستەکەم لە دوای ئەو ڕۆژەوە لێم سارد بوویەوە و خۆی لێم دوورخستەوە. ئیدی بەراوردێکم لەگەڵ کاسپکارەکانی سەردەمی جاران کرد کەوا دەیانگوت: "من ئەمڕۆ شتی خۆمم فرۆشتووە، بڕۆن لە دراوسێکەم بکڕن".

ئێوارە دیسان کتێبم دەخوێندەوە و بیریشم دەکردەوە:

"ڕۆزییەکی ڕاستەقینەمان هەیە، ئەو ڕۆزییەیان لە ژێر بەڵێنی پەروەردگاردایە. جۆری دووهەمیان ڕۆزییەکی مەجازییە، ئەویش بریتیە لەو ڕۆزییەی پێداویستیی زەروری نییە و بە شێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنرێت، دواتر دەچنە ڕیزی پێداویستییە سەرەکیەکانەوە و لە ڕێگەی بەڵای دابونەریتەوە مرۆڤ ئالوودەی دەبێت و بۆی تەرک ناکرێت. ئەم ڕۆزییەش لەبەر ئەوەی لە ژێر بەڵێنی پەروەردگاردا نییە، بەدەستهێنانی بە تایبەت لەم سەردەمەدا زۆر گرانبەهایە. سەرەتا پێویستە سەربەرزیت بکەیتە قوربانی و سەرشۆڕی قبوڵ بکەیت، هەندێک جار ناچاری ئەوەش دەبیت پێیەکانی کۆمەڵە مرۆڤێکی سووک ماچ بکەیت و لە ڕووی مەعنەوییەوە بکەویتە حاڵی سواڵکەرێکەوە؛ هەندێک جاریش لە ڕێگەی قوربانیکردنی پیرۆزە دینییەکانەوە کەوا نوری ژیانی ئاخیرەتن ئەو ماڵە بێفەڕە شوومە دەست دەکەوێت".

کە کتێبەکەم داخست لەوە تێگەشتم مرۆڤەکان بێهوودە هەڵپە بۆ ڕۆزی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دونیا دەکەن، حەسوودی بردنیان نیشانەی ئەوەیە کە متمانەیان بە خودا نییە.

ئێوارە کاتێک قسەم لەگەڵ خاڵم کرد، باسم لەوە کرد کە ماوەی ٣ مانگە سەرنج لە ڕەفتاری مرۆڤەکان دەدەم و، ئەوەم تێدا بەدی کردوون کە لە پێناو بەرژەوەندی یەکتری دەپلیشێننەوە، کاسپکارەکانیش چۆن لە پێناو بەرژەوەندییەکی بچوک کونجکۆلان بە دوای یەکترەوەن، چۆنی سەنیارەکانیان فریو دەدەن، تەنانەت لە نێو یەک خێزانیشدا تاکەکان چۆنی لە پێناو شتی بچوک هەنگاوی جیاواز هەڵدەگرن، باسم لەوەش کرد کەوا لە کاتی سەرنجدانم لەم شتانە چەندە ناسۆرم چەشتووە و ناخی خۆمم بۆ خاڵم هەڵڕشت.

خاڵم بە پێکەنینەوە: "چاک شیکاریت کردووە خوشکەزاکەم!". بە ئاماژەی دەستەکانی کتێبێکی سووری ناو کتێبخانەکەی پیشاندام و داوای کرد بۆی بهێنم. لە نێو جێخەوەکەیدا دانیشت و کتێبەکەی بە دەستییەوە گرت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

بابەتەکەش بریتی بوو لە بەراوردکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسێک کەوا باوەڕی بە فەلسەفەی بێدینی هەیە لەگەڵ کەسێکی ئیماندار، لەسەر جیاوازییەکانی نێوانیان هەڵوەستەی دەکرد.

باسی لەوە دەکرد ئەو تاک و کۆمەڵگایانەی کەوا بە گوێرەی بنەماکانی فەلسەفەی ماددەگەرایی پەروەردە بوون، هێز وەک بنەمای سەرەکی ژیان قبوڵ دەکەن، لە کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیەشدا کەسی بەهێز هەردەم لەسەر حەق دەبێت.

ئیدی ئامانجی مرۆڤەکان تەنیا بەرژەوەندییەکانیان دەبێت، یەکێتیی نێو ئەو مرۆڤانەش کەوا بەرەنگاربوونەوەیان وەک فەلسەفەی ژیانیان قبوڵکردووە، تەنیا بریتی دەبێت لە ڕەگەزپەرستیی نەتەوەکەی. میوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بریتی دەبێت لەوەی مرۆڤەکان جگە لە دابینکردنی پێداویستییە ماددیەکانی خۆیان بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەنەوە، لە پێناو بەهێزبوونیشدا هەست بە پێویستیی ئەوە بکەن کە دەستدرێژی بکەنە سەر مافی کەسانی تر.

ئەم جۆرە لە مرۆڤ، باوەڕیان بەوە هەیە لە پێناو بەدەستهێنانی هەریەک لە بەرژەوەندییەکانیان پێویستیان بە ململانێ هەیە، داخوازی ئەم ململانێیەش بریتییە لەوەی پێکدادان ڕووبدات؛ داخوازی ڕەگەزپەرستیش بریتییە لەوەی کەسانی تر لە پێناو بەخێوکردنی خۆتدا قوت بدەیت، هەر بەم هۆیەشەوەیە ئاسوودەیی و کامەرانی مرۆڤایەتیان جێهێشتووە.

بە پێچەوانەی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکەوە کەوا قورئان پەروەردەی کردووە، لە جیاتی هێز، حەق وەک بنەمای سەرەکی وەردەگرێت، لە جیاتی ئەوەی بەهێز لەسەر حەق بێت، کەسی خاوەن حەق بەهێز دەبێت.

باسی لەوە دەکرد کە کەسانی موسوڵمان، لە جیاتی بەرژەوەندی، نەزیلەت و ڕەزامەندیی خودا بە بنەما وەردەگرن، دەستوری ژیانیشی لە جیاتی ململانێ، بریتی دەبێت لە هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری. لە جیاتی ڕەگەزپەرستی نەتەوەییانە، نەتەوەی ئیسلام بە بنەما وەردەگرن، ئامانجی ژیانیشی بریتی دەبێت لەوەی سنورێک بۆ ئارەزووە خراپەکانی

نەفسی دابنێت، خۆی بەرەو پێگەشتنی ڕۆحی ئاڕاستە بکات. خاڵیشم:
هەر ئەم دەستورانەیە کەوا مرۆڤایەتی بەرەو بەختەوەری دەبەن.
کتێبەکەی داخست و باسی لەوە کرد کە حەسوودیی کاسپکارەکان لە
لاوازیی ئیمانیان بە ڕۆزیبەخشیی خوداوە سەرچاوەی گرتووە.

زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی باسی لە سەرچاوەی نەخۆشییەکانی
چواردەورەکەم و کۆمەڵگا کرد و هەروەها ئاماژەی بە چارەسەرەکانیشیان
کرد. دواتر باسی لە جۆراوجۆریی هەریەک لەو کۆمەڵگایانە کرد کەوا
بە گوێرەی دەستورەکانی قورئان و فەلسەفەی بێدینی پەروەردە بوون.
کتێبەکەی بۆ درێژ کردم. دوای ئەوەی منیش کەمێک لاپەڕەکانی
کتێبەکەم هەڵدایەوە: "دەبێت منیش بیخوێنمەوە" و خستمەوە ناو
کتێبخانەکە.

– زۆر ماندوو بوون خاڵە گیان، کەمێک پشوو بدەن، دەتوانن بخەون.
ئیدی دەستەکانیم گرت و لەسەر جێخەوەکەی ڕامکشاند. دوای ئەوەی
کەمێک بێدەنگ بوو، خاڵم بینی کە خەو بردبوویەوە. بەهێواشی لە
ژوورەکە چوومە دەرەوە.

ئیدی تێگەشتم لەوەی هەڵسوکەوتە نەرێنییەکانی ژیانمان لەوەوە
سەرچاوەیان گرتووە کە بەجوانی نەبووینەتە خوێندکاری قورئان.

*** *** ***

# یەک دونیا خەڵوز

لە ڕێگا پەکمان کەوتبوو. لەپە لەپە بەفر دەباری و بەم هۆیەوە
دەرکردنی ئۆتۆمبیلەکەمان کاری نەکردە بوو. لەگەڵ شۆفێرەکە، سێ
اوڕێ بووین کەوا پێکەوە لە کارەکەمان دەگەڕاینەوە. ئەو بەفرە خێرایەی
دەباری، لە پڕێکدا ڕێگاکەی لێ داخستین. ئۆتۆمبیلەکەمان بەردەوام
فەرتەناشی دەکرد. ئیدی شوێنەواری ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە پێشمانەوە
ڕۆشتن ونبوو بوون. هیچ ئۆتۆمبیلێکیش لە پشتمانەوە نەدەهات. هەر
سێکمان لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین و دەستمان کرد بە پاڵپێوەنان. تەنیا
چەند مەترێک بردمانە پێشەوە. ئۆتۆمبیلەکە بەردەوام بوو لەوەی لە
شوێنی خۆیدا فەرتەناش بکات. هێندە وزەمان سەرف کردبوو بڕستمان لێ
بڕابوو، تارەقمان دەردابوو. ناچار بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەین لە نێو
ئۆتۆمبیلەکە دانیشتین و گەرمییەکەیمان هەڵکرد.

جگە چاوەڕوانیی فریاگوزاریی ڕێگا وشکانییەکان، چارەیەکی ترمان
لەبەردەمدا نەبوو. کاتێک لە نێو ئۆتۆمبیلەکە دانیشتین نیو کاتژمێرێک
تێپەڕی. تێگەشتبووین لەوەی کە ناتوانین لە ڕێگەی پاڵپێوەنانەوە
ئۆتۆمبیلەکەمان بگەیەنینە بەرزاییەکەی بەردەممان. بەرزی بەفرەکە
نزیکی نیومەترێک دەبوو. هەروەها نەماندەتوانی بە پێ بگەڕێینەوە

ماڵەکانمان. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیەلکەش لە ئەستۆی هەر سێکمان بوو، نەماندەتوانی لەوێدا جێیبهێڵین. لە هەمووماندا هەستی برسێتی سەریهەڵدا. ئەو نانە وشکەی لە نانی نیوەڕۆ مابوویەوە، لە نێو خۆماندا بەشمان کرد و خواردمان. گەر جاری جاران بووایە لەبەر ئەوەی نانە وشکە بوو، فڕێمان دەدایە ناو تەنەکەی خۆڵەوە. بەڵام کاتێک هیچ نیعمەتێکت لەبەردەستدا نییە، وردە نانیش نرخی خۆی هەیە. بەو شێوەیە لە ناوەڕاستی ڕێگەکە گیرمان خواردبوو. ئیدی ئەگەری ئەوەش نەمابوو ئۆتۆمبیلێک بێتە سەر ڕێگەکەمان و بمانبینێت. چۆڵەوانییەک بوو جنۆکەش ڕێگەی تێ نەدەکەوت. وابزانم لەو ڕێگەیە تەنیا ئێمە مابووینەوە. ناوەوەی ئۆتۆمبیلەکەمان هێشتا گەرم بوو. بەڵام شۆفێرەکە گوتی گەر بەم شێوەیە کار بە ئۆتۆمبیلەکە بکەین بەنزینەکەی تەواو دەبێت. دەبێت هێندەی ئەوەی بگەینەوە ناو شار بەنزینی تێدا بهێڵینەوە. ماوەیەکی تر لە نێو ئۆتۆمبیلەکە ماینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەستابوو، ناوەوەی سارد بوویەوە. ئەو بەفرەی دەباری جامەکانی ئۆتۆمبیلەکەی داپۆشیبوو.

لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین. لە دارستانی کەنار ڕێگەکە دارمان کۆکردەوە بۆ ئەوەی ئاگر بکەینەوە. دەبوو بەم شێوەیە خۆمان گەرم بکەینەوە و چاوەڕێی ئەوە ببین ڕزگارمان بکەن. هەوڵماندا دار کۆ بکەینەوە، بەڵام لەبەر سەرماکە دەستیشمان خەریک بوو دەیبەست. دەستمان بۆ هەر دارێک دەبرد بە پێستەکەماندا دەنوسا. ڕەشەبا و کرێوە لە هەموو لایەکەوە لوورەیان دەهات. چەشنی ئەوەی هەریەک لە دارەکان فیکە لێبدەن. تاریکی ئەو ناوە لە ڕێگەی سپێتیی بەفرەکەوە ڕۆشن بوو بوویەوە. دارە کۆکراوەکانمان لەسەر یەک هەڵچنی. چەرخی شۆفێرەکەمان کەوا جگەرەی دەخوارد، بۆ یەکەم

جار بە کەڵکی شتێک هات. تەنانەت ئاگر کردنەوەش کارێکی سەخت بوو، خەریک بوو غازی چەرخەکەش تەواو دەبوو. بەڵام پارچە خورییەکی چەوری ناو ئۆتۆمبیلەکەمان سوتاند و سەرکەوتین لەوەی گڕ بەربدەینە دارەکانیش. سەرکەوتین لەوەی ئاگرێکی گەورە بکەینەوە. بەڵام سەرمایەکی وەها هەبوو، کاتێک پێشەوەمان گەرم دەکردەوە، پشتمان سەرمای دەبوو. کاتێک پشتیشمان گەرم دەکردەوە پێشەوەمان سەرمای دەبوو. بە شێوەیەکی بەردەوام دارمان دەخستە ناو ئاگرەکەوە و ڕێگەمان نەدەدا ئاگرەکە بکوژێتەوە. ئەمجارەیان پێیەکانمان سەرمای بووبوو. خەریک بوو پوتەکانی پێمان دەسوتا هێندە قاچمان لە ئاگرەکە نزیک کردبوویەوە. دەبوو بەردەوام ئاگرەکە بە گەشاوەیی بهێڵینەوە. ئەو دارانەی کۆمان کردبوونەوە بەشی نەدەکرد. ئیدی بەردەوام خۆمان بە نێو بەفرەکەدا دەکرد و دارمان هەڵدەگرتەوە. دۆزینەوەی دار کارێکی زۆر سەخت بوو. کاتێک هەوڵی ئەوشمان دەدا لقی دارێک بشکێنین، لە سەرماندا دەستمان بەو شوێنەوە دەنوسا. کاتێک خەریک بوو ڕەق دەبووینەوە، یەکسەر ڕاماندەکردەوە لای ئاگرەکە و خۆمان گەرم دەکردەوە. لەم نێوەندەدا هەوڵدانمان بۆ کۆکردنەوەی دار، بەتەواوی برسیی کردین. گەر کەمێک خواردنمان پێ بووایە، ڕەنگە مانەوە لەو ڕێگەیە جەوێکی خۆشیشی پێ بداینایە. بەڵام لەم سەرمایەدا، زۆر بیری ماڵە گەرمەکانی خۆمان دەکرد. یەکێک لە هاوڕێکانمان گوتی:

– وای چەند خۆش بوو ئێستا لە ماڵێکی گەرم لەسەر گازی پشت لێی پاڵبکەوتمایە. بەم شێوەیە خەیاڵی کرد. هاوڕێیەکی ترمان:

– چەند خۆش بوو لە ماڵێکی گەرمدا چا و کێکم بخواردایە. ئەوی تریشیان:

شۆربایەکی گەرم لە ماڵێکی گەرمدا، بایی هەموو شتێکە.

شۆ فێرەکەشمان:

- بەتەمابووم ئەم ئێوارەیە ماسی لەسەر خەڵوز ببرژێنم، بەنسیب نەبوو، چەند خۆش دەبوو لەگەڵ چا و زەڵاتە بمخواردایە. منیش:

- پشتیوان بە خودا گەر نەمرین و ڕزگارمان ببێت، سبەینێ لە ماڵە گەرمەکەماندا هەموو شتێک دەکەین، قەدری ماڵەکانمان دەزانین. دواتر سەرپەرشتیارەکەمان باسی لەو شتانە کرد کەوا لە وەرزی هاویندا ئەنجامیدابوون:

- ئۆتۆمبیلکەم لە گەرماندا حەماوەی بەرز بووبوویەوە. لە ڕێگا گیرمخواردبوو، چەندین کاتژمێر چاوەڕێی ئەوەم کرد سارد ببێتەوە. تۆ سەیری کاری خودا ناکەیت، وەرزی هاوین ئەوە حاڵمانە و ئێستاش لەم وەرزی زستانە لە چی حاڵێکداین.

هاوڕێیەکی تریشمان باسی لەوە کرد کە لە گەرمای وەرزی هاویندا نەیوێراوە پێیەکانی بخاتە سەر لمی کەنار دەریاکە. یەکێکی تریش لە هاوڕێکانمان بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی کرد:

- سوتانی گەرما و ڕەقبوونەوەی ناو سەرما کتومت لەیەکتری دەچن. گەرمای زۆر دەتسوتێنێت و سەرمای زۆریش ڕەقت دەکاتەوە. (اللّٰه) ئەم دوو هێزەی بە مرۆڤەکان بەخشیوە هەتا سوودی لێ ببینن. حەزرەتی ئیبراهیم کاتێک فڕێدرایە ناو ئاگرەکەوە خودا بە ئاگرەکەی فەرموو "ئەی ئاگر بە شێوەیەک سارد ببەوە کەوا ئیبراهیم سەلامەت بێت!"، بەم

ێیوەیە فەرمانی بە ئاگرەکە کردووە. گەر خودا فەرمانی "سارد ببەوە"ی
ە ئاگرەکە بکردایە، ئەمجارەیان لە سەرماندا ڕەق دەبوویەوە. کاتێک
ەرمانی سەلامەتی بە ئاگرەکە دەکات، بۆ ئەوەیە ساردبوونەوەکەشی
ڕەقی نەکاتەوە.

هاوڕێیەکی تریشمان باسی لەوە کرد کە خۆر هەموو ڕۆژێک دونیا
گەرم دەکاتەوە، بەڵام مرۆڤەکان ئەم نیعمەتەی پەروەردگاریان فەرامۆش
کردووە. نمونەیەکی هێنایەوە:

ـ تەنیا بۆ ئەوەی ئەو گەرمییە بدەین بە زەوی کەوا خۆر لە یەک
ڕۆژدا دەیبەخشێت؛ پێویست بەوە دەکات هێندەی هەموو دەریاکانی زەوی
غاز، هێندەی هەموو شاخەکانی خەڵوز، هێندەی هەموو دونیا دارمان
لەبەردەستدا بووایە هەتا لە ڕێگەیانەوە وزەی یەک ڕۆژی خۆرمان
دەستبکەوێت و گەرمی بکەینەوە.

هەر بەڕاستی ئەوەمان فەرامۆش کردبوو کە خۆر نیعمەتە. گەر خۆر
دونیاکەی ئێمەی گەرم نەکردایەتەوە ژیانمان نەدەبوو. هەموو بەیانییەک
کاتێک خۆر هەڵدێت، ئێمە وەها بیر دەکەینەوە کەوا ناچارە بەوەی
هەڵبێت. هێندە بوونەوەرێکی بێسفەتین سوکایەتی بە فەرمانبەرێتیی ئەو
خۆرەش دەکەین. وەک مرۆڤ لە نێو بێباکی و بایەخپێنەدانی خۆماندا
لاوازیی خۆیشمان لەبیر دەکەین. هەربۆیە لە کاتی نەبوونی نیعمەتێکی
وەک خۆر کەوا چەشنی سۆبای دونیاکەمانە، باشتر لە نرخەکەی
تێدەگەشتین.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دەمەو بەرەبەیان سایەقەیەکی زۆر سارد بوو، بەڵام دوای ئەوەی بەیانی بوویەوە، وێڕای ئەوەی خۆر دەرنەکەوتبوو، بەڵام سەرماکە کەمبوویەوە. مادام بەیانی بووەتەوە کەواتە خۆر هەڵهاتووە. بەڵام ئێمە نەماندەبینی. کەشوهەواکە نەکرابوویەوە، شۆفێرەکەمان گوتی:

ـ گەر خۆر زەوی گەرمتەکردایەتەوە هەرگیز خواردنمان دەستنەدەکەوت، هەر بەڕاستی بە بەلاش دەژین. تەنیا لە پێناو ئەوەی کەمێک خۆمان گەرم بکەینەوە، چوار کەس هەتا بەیانی خەریکی دارکێشان بووین و ماندوو بووین. بەڵام دیسان گەرممان نەبوویەوە، لە دڵی خۆماندا گوتمان گەر دەسەڵاتی خودا نەبووایە ئێمە چیمان بکردایە.

نزیکی کاتژمێر نۆ بوو لە دوورەوە غەڵبەغەڵب دەستی پێکرد. لە کۆتاییدا کۆمەڵە گرێدەرێک دەرکەوتن. یەکسەر ئیشمان بە ئۆتۆمبیلەکە کرد و بەرەو ماڵەکانمان کەوتینە ڕێ. بەڵام بێخەوی و ماندوویەتی وێرانی کردبووین. سەرمای ئەو شەوە دەموچاو و گوێکانمانی تەزاندبوو. بە هۆی سوتاندنی دارەکانەوە هەموو گیانمان ڕەشهەڵگەڕابوو و بۆنیشمان لێدەهات. کاتێک گەشتینە ماڵەوە نزیکی نیوەڕۆ بوو. کاتێک خۆر بە دەموچاوە شیرینەکەیەوە خۆی پیشاندا، هەموو لایەک گەرمی بوویەوە. نە دووکەڵی هەبوو نە ڕەشی. ئێمە بۆ بەردەوامیدان بە ئاگرێکی بچکۆلەش ماندوو بووبووین. بەڵام لەوەتەی خۆر هەڵهاتووە، هەموو لایەک گەرمی بووەتەوە. هەم بێ ئەوەی هیچ کام لە ئێمە خۆمان ماندوو بکەین. هەربۆیە چەندە شوکرانەبژێری ئافرێنەری خۆر ببین کەوا

چەشنی سۆبای دونیایەکەمانە، هێشتا هەر کەمە. ئێستا ئەوەی دوێنێ شەو بەسەرمان هات وک خەیاڵی لێهاتووە. کاتێک گەشتمە ماڵەوە سپلیتەکە ئیشی دەکرد. لە پێناو ئەوەی سپلیتەکەمان بەدرێژایی زستان کار بکات، یەک دونیا پارەمان دەدا. ئەمە لە کاتێکدایە گەرمای خۆر بەبەلاشە. دوای ئەوەی شۆربایەکی گەرمم خواردەوە و هاتمەوە سەرخۆم، کەمێک زیندوو بوومەوە. ئەو چایە گەرمەی کردم بەسەریشیدا بایی هەر هەمووی بوو. بابەتی ئەو گەرمایەی لە خۆرەوە دەهات بۆ ژیانی مرۆڤ و گەشتنی گەرمییەکەی بە ڕووی زەوی، نەخشەسازییەکی زۆر گرنگ بوو. گەر دووریی خۆر لە ڕووی زەوییەوە کەمێک نزیکتر بووایە، هەموو زیندەوەرەکان دەسووتان. خۆ گەر کەمێکیش دوورتر بووایە، ئەمجارەیان هەموویان ڕەق دەبوونەوە. هەربۆیە دەبێت شوکرانەبژێری ئەو پەروەردگارە بین کەوا خۆری لە دوورییەکی ڕێکوپێکی وەها داناوە بۆ ژیانمان گونجاوە. ئافراندنی خۆر نیعمەتێکە، ڕێکخستنی دووریی نێوان خۆر و زەویش نیعمەتێکی جیاوازتر.

دوای ئەوەی نوێژی نیوەڕۆم کرد، بە مەبەستی ئەوەی کەمێک بخەوم پاڵکەوتم، سوپاسی ئەو پەروەردگارەشم کرد کەوا هەموو شتێکی بە گوێرەی پێداویستی ئێمە ئافراندووە. ئەوە زۆر جوانە مرۆڤ ئەوە بزانێت کە خاوەنێکی هەیە. ئەو خاوەنە، پێش ئەوەی مرۆڤ بێتە دونیاوە هەموو شتێکی بۆ دابین کردووە. چەند خۆشە پەروەردگارێکمان هەیە کەوا هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکات.

***

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# بەزەیی

لە دەرگای ژووری نەشتەرگەری چاوەڕێم دەکرد، دەمویست لەو شتانە تێبگەم کە ڕوویان دا. جارێکی تر لەوە تێگەشتمەوە کە هەستی بەزەیی چەندە بەهێزە. لە سایەی هەستێکی لەم شێوەیەوەیە مرۆڤ دەتوانێت لە چاوتروکانێکدا دەستبەرداری ژیانی خۆیشی ببێت. بەتایبەت هەستی "بەزەیی دایکان"، لەوەتەی هەم حەیرانی هێز و ئەفسونی ئەم هەستەی دایکانم. هەرکاتێک دایکێک و بێچووەکەی بەیەکەوە دەبینم، هەست بەوە دەکەم کە هەموو دونیا پڕە لە بەزەیی.

وەک کەسێک کەوا درکی بە هێزی ئەم هەستە بردووە، هەردەم بە حەیرانییەوە لە ڕەهەندی خۆشەویستیی نێوان هاوسەر و کوڕەکەم دەڕوانی. بیرمە ئەو کاتەی تازە کوڕەکەم لە دایک بووبوو، هەر هێندەی دایکی لە ئامێزی گرت، یەکسەر ژیر بوویەوە!

هاوسەرەکەم هەتا کوڕەکەی هێنایە تەمەنی چوار ساڵان، فیداکارییەکی زۆری کرد. گەر شەو بگریایە یەکسەر لە جێگەکەی دەردەپەڕی، بە ڕاکردن دەچووە مەتبەخ و شیری بۆ دەگرتەوە و بۆی دەهێنا. بەڵام من توڕە دەبووم بەوەی خەوەکەم لێتێکچووە. بەڵام دایکی گوێی بە بێخەوی و ناڕەحەتییەکانی تریش نەدەدا. ئەو کاتەی کوڕەکەشمان نەخۆش دەکەوت،

زۆر جار شایەتی ئەوە بووم کە چەندین ڕۆژ خەوی لێنەکەوتووە. کاتێک سەیری هاوسەرەکەم دەکرد، هەردەم ئەوەم بەدی دەکرد کە بەزەیی چەندە هەستێکی ناوازەیە. بەڵێ، ئێستا بێچارە لەبەردەم دەرگای ژووری نەشتەرگەری چاوەڕێ دەکەم، بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەم هەستەی منی پەلکێشی ئێرە کردووە چۆن ئاراستەی بە تەواوی ژیانم داوە.

تازە خەریک بوو دەچووینە مانگەکانی بەهارەوە. مەڕە گوێکەڕیلانەکەمان کەوا ئەو زۆری خۆشدەویست نزیک بوو لەوەی بەرخێکی ببێت. باسی حاڵی مەڕەکەم بۆ شوانەکە کرد و گوتم وریابە ئەم مەڕە لە شاخ جێنەمێنێت! ئەم مەڕە بۆ من زۆر گرنگە. لە کاتێکدا زۆرێک لە مەڕەکانم فرۆشتبوو، بەڵام هەرگیز بیرم لە فرۆشتنی ئەو نەکردبوویەوە. بەرخی بەهێزی لێ دەزا، بەرخەکانیشی خرتەڵە دەکرد، شیرێکی زۆریشیان هەبوو. بیرمە لایەنی کەم پانزە بەرخم لێوە دەستکەوتبوو. ئاژەڵێکی زۆر دەگمەن بوو. هەندێک لە بێچووەکانی ئەوم وەک کەڵ بەکاردەهێنا.

ئێوارە کاتێک چوومە لای شوانەکە هەتا مەڕەکانمی لێ وەربگرمەوە ئەوەی لێی دەترسام ڕووی دابوو. چاوم هەر بە دوای ئەودا دەگەڕا. گوێکەڕیلە دیار نەبوو! لە دڵی خۆمدا گوتم گەر لە شاخ بەرخەکەی بووبێت ناتوانێت بەجێیبهێڵێت. گومانم نەبوو لەوەی لە شاخ جێماوە. بەو شەوەش نەمدەتوانی بچم و بە دوایدا بگەڕێم. بە هەزار حاڵ ڕۆژم لێبوویەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆر، شوانەکەشم لەگەڵ خۆم برد و دەستمان کرد بە گەڕان بە دوای گوێکەڕیلەدا.

دەکردین. دیمەنێکی تۆقێنەر چاوەڕێی دەکردین.

کاتێک ئەومان دۆزییەوە، تازە هەستابوویە سەرپێ. لەو ناوەدا باعە بەرخەکەی لەدایک بوو بوو، بەڵام دایکەکەی گورگ خواردبووی! لە ڕێگەی ئەو هەستە باعەی بوو، بەهێزەی بەزەیی کەوا خودا پێیبەخشیبوو دڵی نەهاتبوو بێچووەکەی بەجێبهێڵێت و بەو هۆیەوە لە ڕانەکە جیابببویەوە و چاودێری کردبوو. بەڵام لە کۆتاییدا گورگ خواردبووی. لەبەر خاتری ئەو، بەرخەکەییم لە باوەشی خۆمدا بەخێوکرد و گەورەم کرد.

لە ماڵەکەی گوندەکەماندا سەگێکی جوانمان هەبوو. ڕێک چوار توتکەی لێ کەوتبوویەوە. خاڵە شوکری دراوسێمان ڕۆژێکیان گوتی "من حەزم لەم سەگەیە، گەر توتکەی تری بوو، دەبێت دانەیەکیان بدەی بە من"، منیش هەستی بەزەیی سەگەکەم نادیدە گرت و گوتم: "باشە".

هەر بەڕاستیش کاتێک توتکەی تری لێبوو، دانەیەکم لێدا بە خاڵە شوکری. بەڵام سەگەکە هەتا بەیانی دەکڕوزایەوە. منیش لەگەڵ سەگەکە خەمم خوارد و هەتا بەیانی نەمتوانی بخەوم. هەر هێندەی خۆر هەڵات، یەکەم ئیشم ئەوە بوو چووم توتکەکەم لە ماڵی خاڵە شوکری هێنایەوە بۆ سەگەکەمان. بەڵێنی ئەوەشم پێدا کە گەورە بوو پێیبدەم و بەم شێوەیە دڵی ئەویشم دایەوە. کاتێک توتکەم هێنایەوە، سەگەکە هێندە دڵی خۆشبوو هەر مەپرسە. خەریک بوو قاچەکانی دەلێسامەوە. جارێکی تر لەوە تێگەشتمەوە کە ئەو هەستی بەزەییەی خودا بە دایکانی بەخشیوە، بێ جیاوازی ئەوەی سەر بە چ ڕەگەزێکن، هەستێکی زۆر بەهێزە. سەیرکردنی مریشک و جوجکەکانی چەندین کاتژمێری لێدەبردم. مریشکەکەمان بە وتنەوەی "گد، گد" جوجکەکانی بانگ دەکردە لای خۆیی و خواردنی

پێدەدان. گەر منداڵێکیش لە جوجکەکانی نزیک ببوایەتەوە، باڵەکانی فش دەکردەوە و وەهای پیشان دەدا پەلاماری دەدا و هەوڵی ترساندنی دەدا. تەنانەت هێرشی دەکردە سەر ئاژەڵگەلێک کەوا لە خۆیشی گەورەتر بوون. گەر بە ئاژەڵەکەشی نەوێرایە، ئەوا دەستی بە گارەگار و هاتوهاوار دەکرد و ئەو ناوەی دەهێنایە سەر خۆی.

ڕۆژێکیان دیسان گارەی دەهات و ئەو ناوەی هێنابوویە سەر خۆی. چوومە دەرەوە و سەیرێکی حەوشەکەم کرد، بە هەڵفڕینەوە هێرشی دەبردە سەر سەگی دراوسێکەمان. لە ڕێگەی باڵ و چنگ و دەنوکییەوە هەوڵی دەدا سەگەکە دوور بخاتەوە و نەهێڵێت جوجکەکانی ببات. سەگەکەش سەری سوڕما لەوەی توشی چی بووە و فسی دادا. دوای ئەوەی مریشکەکە هێرشێکی تری کردە سەر، سەگەکە گازێکی لە قوڕگی گرت. مریشکەکە بێگیان کەوتە زەوی. جوجکەکانی ڕزگار کردبوو، بەڵام خۆی گیانی دەدا. ڕامکرد بەڵام ڕزگارکردنی کاری نەکردە بوو. تەنیا پەلەقاژەی دەکرد. بەم شێوەیە جارێکی تر شایەتی ئەوە بوومەوە کە چۆن دایکێک گیانی خۆی دەخاتە پێناو پارێزگاریی بێچووەکانی، لەگەڵ هێزی ئەو هەستی بەزەییەی خودا بە دایکانی بەخشیوە.

کاتێک لە گوند بووم، هەموو کاتێک سەیری ئاژەڵانم دەکرد لە کاتی زایینیاندا. دوای ئەوەی بێچووەکەیان دەبوو، بەبەزەییەکی دایکانەوە دەستیان بە لێسانەوەی بێچووەکەیان دەکرد و وشکیان دەکردەوە. دواتر کاتێک بێچووەکە دەیویست هەستێتە سەر پێ، بە لوتیان پاڵێکیان پێوە دەنا و یارمەتییان دەدان لەوەی بکەونە سەرپێی خۆیان. مانگاکان بەگشتی، تەنانەت گەر بەسترابێتیشنەوە بەردەوام چاودێریی گوێرەکەکانیان دەکرد و

دەیانبۆڕاند. تەنانەت گەر ببرانایە بۆ لەوەڕاندنیش، لە کاتی گەڕانەوە بە ڕاکردن دەهاتنەوە لای بێچووەکانیان. کاتێک دەهاتنەوە ناو ئاخورەکە، دەیانبۆڕاند و بێچووەکانیان بانگ دەکرد. ئەو دیمەنەشیان منی مەست دەکرد کەوا گوێرەکەکانیشیان لە بانیژەکەوە بە دەنگێکی ناسکتر لە بۆرەکەی دایکیان، وەڵامیان دەدایەوە.

یەکێکی تر لەو دیمەنانەی کەوا زۆر کاریگەر بووم پێی بریتی بوو لە بەرەڵاکردنی بەرخەکان بۆ نێو ڕانی مەڕەکان. بەرخەکان ڕایاندەکرد و لە نێو پێنجسەد سەر مەڕدا دایکی خۆیان دەدۆزییەوە. مەڕەکانیش هەندێک جار ڕێگەیان بەو بەرخانە نەدەدا کەوا بەهەڵە گوانی دایکێکی تریان دەگرت. بەرخەکەش لە کۆتاییدا دایکەکەی خۆی دەدۆزییەوە. کاتێک بەرخەکان بەر دەدرانە ناو ڕانی مەڕەکانەوە، لە ماوەی ٥ خولەکدا تەپوتۆزێک هەڵدەستا چاو چاوی نەدەبینی، بەڵام بەرخەکان دیسان دایکی خۆیان دەدۆزییەوە. سەیرکردنی ئەم کاتی بەیەکشادبوونەوەیە بەلامەوە خۆشترین کاتی دونیا بوو.

جارێکیان ئەسپێکم بینی دەگریا بەسەر بێچووەکەی کەوا بە مردارەوەبوویی لەدایک بووبوو. ڕۆژێکیان منداڵانی گوندەکەمان یارییان بە بێچووی قەلەڕەشێک دەکرد کە هێشتا فێری فرین نەبوو و منیش ڕێگریم لێ کردن. دایکەکەی بە چواردەورماندا هەڵدەفڕی و وەهای پیشان دەدا کە هێرشمان بۆ دەهێنێت. دواتر بێچوەکەیمان خستەوە ناو هێلانەکەی. دایکەکەش بە دەنگی "گاک، گاک" خۆشحاڵی خۆی بە هاتنەوەی بێچووەکەی دەردەبڕی.

لە کاتێکدا من بیرم لەمانە دەکردەوە، دەرگای ژووری نەشتەرگەرییەکە کرایەوە. یەکسەر ڕامکردە لای پزیشکەکە و وتم "جەنابی دکتۆر هاوسەرەکەم حاڵی چۆنە؟ چاک دەبێتەوە؟".

پزیشکەکە باسی لەوە کرد کە پەراسووەکانی هاوسەرەکەم شکاوە و بە سییەکانیدا چەقیوە و باسی لە چەند شکاوییەکی تریش کرد. وتی دوعای خێری بۆ بکەین بۆ ئەوەی لە چاودێریی ورد دەربچێت. لەوێدا ڕووخام، جگە لە سەبر و دوعاکردن چارەیەکی ترم نەمابوو.

بیری ئەو ڕووداوەم کەوتەوە کەوا ئێمەی پەلکێشی ئەم نەخۆشخانەیە کرد، سەرلەنوێ بە تەواوی ئەندامەکانی جەستەم هەستم بە هەمان ئازاری ئەو کاتە کردەوە:

لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەم پێکەوە بە سواری تراکتۆرەکەمان ڕۆشتبووین بۆ کێڵگەکەمان. هەم سەیرێکی دەغڵەکەمان دەکرد، هەم پێکەوە لەوێ نانێکمان دەخوارد. کاتێک هاوسەرەکەم بۆ هێنانی ئاو هەستا، لە پڕێکدا کوڕە چوار ساڵانەکەم لە چاو دیار نەما. کاتێک سەیری ئەملاولام کرد، لە پڕێکدا چاوم کەوتە سەر تراکتۆرەکە. کوڕەکەم لەسەر تراکتۆرەکە دانیشتبوو! فریای ئەوە نەکەوتم بڵێم کوڕم گێرەکە نەخەیتە بۆش و خلۆری بکەیتەوە، تراکتۆرەکە دەستی بە جوڵە کرد. من کەمێک لە دوورەوە بووم، بەو ترسەوە دەستم بە ڕاکردن کرد.

لە پڕێکدا هاوسەرەکەمم بینی کە وتی "وای کوڕەکەم!" و خۆی فڕێدایە بەردەم تراکتۆرەکە! لە پێشەوە شانی دابوویە بەر تراکتۆرەکە و دەیویست بیوەستێنێت. مەحاڵ بوو بەو لاوازییەی خۆیەوە ئەو تراکتۆرە زەبەلاحە بوەستێنێت. دواتر وازی نەهێنا و هەڵنەهات، خۆی خستە بەردەم تایەکان. هەم تایەی پێشەوە، هەم تایەی دواوە بەسەریدا ڕۆشتن. تراکتۆرەکە بەم هۆیەوە خاو بوویەوە. کاتێک بەردێک هاتە بەردەمی و گیرسایەوە، منیش گەشتمە سەریان. یەکسەر لە بۆش لامدا و گێڕە دەستییەکەم ڕاکێشا و کوڕەکەم داگرتە خوارەوە. کاتێک گەشتمە سەر هاوسەرەکەم زۆر بەخراپی بریندار بووبوو. زۆر ناڕەحەت هەناسەی بۆ دەدرا. وێڕای ئەمەش، بەدەم ناڵینەوە "ڕۆڵەکەم موستەفا" هاواری دەکرد. یەکسەر بە پاسێکی بچکۆلە گەیاندمانە نەخۆشخانە. تەنانەت کە لە ڕێگاش دەڕۆشتین لێم دەپاڕایەوە: "گەر منیش مردم ئاگات لە موستەفا بێت!". ئیدی خۆمم پێنەگیرا و لە هەنسکی گریانم دا. هاوسەرەکەم تەنانەت لە کاتی گیانەڵاشدا هەر بیری لە کوڕەکەی دەکردەوە.

خەسوشم هەواڵەکەی پێگەشتبوویەوە. لە ترسی لەدەستدانی ڕۆڵەکەی هەڵدەلەرزی و بە ناچاری لەبەردەم ژووری چاودێریی چڕدا چاوەڕێی دەکرد. بەمەبەستی ئەوەی کەمێک لە ناسۆرەکەی کەم بکەمەوە چوومە تەنیشتییەوە. گوێم لە دڵی بوو کە بە پەلە لێی دەدا، بەسەرمدا کەوت و گوتی "کچەکەم لە کوێیە؟". خەریک بوو پارچە پارچەی دەکردم. چەشنی ئەوە بوو بڵێت "نەوتوانی ڕۆڵەکەم بپارێزیت". کاتێک گوتم "دایکە هیچ نەبووە، مەترسە، بە پشتیوانیی خودا چاک دەبێتەوە!" کەمێک هێور بوویەوە. "زاواکەم، کوڕەکەم، کچەکەم چیی لێهاتووە؟"

دەیویست ئەوە بزانێت کە چیی لێهاتووە. کاتێک لەسەر کورسییەک دانیشتین، ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە. بەگریانەوە قسەیەکی کرد کەوا لە ناخمەوە بریندار کردم: "من بۆ ڕۆڵەکەم دەسوتێم، ئەویش بۆ ڕۆڵەکەی خۆی دەسوتێت!".

کاتێک لەبەردەم ژووری چاودێریی چڕ دانیشتبووین، جموجوڵەکانی ژوورەوە زیاتر بوون. کاتێک پزیشکەکە هاتە دەرەوە، زۆر شڵەژاو و خەمبار دیار بوو. گوتی "خۆتان خۆش، نەمانتوانی خوێنبەربوونەکەی بوەستێنین!". خەسوشم هەر لە شوێنی خۆیدا تلیسایەوە.

هاواری لێهەستا "وای ڕۆڵە جوانەکەم، مردیت پێش ئەوەی تێر لە گەنجێتیت بخۆیت!". منیش نەمدەزانی چی بکەم.

کاتێک هاتمەوە سەر خۆم، خۆم ڕادەستی خودا کرد و هەوڵمدا بەتەوەکولەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکە ببمەوە. خۆم کۆکردەوە، ڕێکارەکانی جەنازەم ئەنجامدا، تەرمی هاوسەرەکەمم بردەوە گوندەکەمان.

لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمەکەیدا هەر دەگریام. ئەم دایکە قارەمانە کەوا بەرگەی هەزار فیداکاریی گرت هەتا کوڕەکەمان هێنایە تەمەنی ٤ ساڵی، سڵی نەکردەوە لەوەی ژیانی خۆیشی فیدا بکات.

دەی ئەو خودایەی ئەم هەستە بەهێزەی دروست کردووە، هەر خۆی دەزانێت کە چەندە بەبەزەیی و خاوەن مەرحەمەتە. بێگومان پەروەردگارمان

کەوا ڕەحمان و ڕەحیم و خاوەن بەزەییە، بە هۆی ئەم بەزەیی و ڕەحمەتەیەوە، بەندەکانی هەروا بە ڕزیوی لە نێو خاکدا جێناهێڵێت. کاتێک بیرم لەمانە کردەوە کەمێک ئاسوودە بووم.

خەسوم هێندە خەمبار بوو، کاتێک چوومە سەردانی وەک ئەوە بوو دڵی لە منیش شکابێت. هیچ قسەی لەگەڵ نەکردم. وەک ئەوەی بڵێت "کچەکەمت نەپاراست" سەیری دەکردم، زوو زوو بە چاوی پڕ فرمێسکەوە باوەشی بە کوڕەکەمدا دەکرد و ماچی دەکرد، لە ڕێگەی خۆشەویستیی نەوەکەیەوە دەیویست حەسرەتی ڕۆڵەکەی خۆی لەبیر بکات.

دوای ٣ مانگ ئەو ژنە داماوە چیدی بەرگەی ئەو ئازارەی نەگرت و مرد. بێگومان ئەمەش بە تەقدیری پەروەردگارمان بوو. ئێستا هەموو ڕۆژێک دوعا بۆ ئەو دوو دایکە دەکەم کەوا نموونەی بەزەیی بوون، لە پەروەردگار داواکارم لە ئاخیرەتدا پێگەیەکی باڵایان پێبدات.

بە تێپەڕینی کات، بیرم لەوە کردەوە کە پەروەردگارم زۆر زیاتر لەوان خاوەن بەزەیی و مەرحەمەتە و بەم هۆیەوە سوکنایی بە دڵمدا هات. تەنیا هیوام ئەوەیە پەروەردگارم بە هانامەوە بێت کەوا ببمە باوک و دایکی ئەو ڕۆڵەیەمان کەوا لە سۆز و بەزەیی دایکی بێبەش بووە. واتە ئەو ڕۆڵەیەی کەوا دوو دایک لەپێناویدا ژیانی خۆیان فیدا کردووە، بەو شێوەیە پەروەردە بکەم کە دایکی دەیویست...

***

# ڕازی خەوەکە

لە ئەرکێکی نوێ دامەزرێنرابووم، ناسنامەیەکیش بە یەخەکەمدا هەڵواسرابوو. لە کارتەکە نوسرابوو پشکنەری گشتی. ئەرکی پشکنینی تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەت بە من سپێردرابوو. هەربۆیە ڕووم لە هەر دەزگایەک بکردایە، دەرگاکانیان بۆ ئاوەڵا دەکردم. تەنانەت زۆر بەئاسانی دەمتوانی پشکنین بۆ نهێنیترین دۆسیەکانیش بکەم. وەک ئەوەی هەموو پێداویستییەکانم بۆ دابین کرابوو، دەمتوانی بە ئارەزووی خۆم پلانسازیش بکەم. کە قسەیەکم دەکرد دووبارەم نەدەکردەوە. چەشنی پاشاکان بووم، وەک ئەوە بوو تەواوی دەسەڵاتەکانی ئەوانم پێدرابێت. بە ناوی دەوڵەتەوە لە هەر دەرگایەکم بدایە بۆم دەکرایەوە. تەواوی فەرمانبەرەکانیش داوکارییەکانیان جێبەجێ دەکردم.

تەنانەت دەسەڵاتی پشکنینی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانیشم پێدرابوو. تەواوی سەربازەکان سڵاوی سەربازییان لێدەکردم. پشکنینم بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت دەکرد و وتارم بۆ دەدان. چارەسەرم پێشکەش دەکردن و هەوڵی ئەوەم دەدا بەسەر کێشەکاندا زاڵ ببم. وێڕای تەواوی ئەو دەسەڵاتەی هەمبوو، خۆیشم دەبوو کتومت فەرمانبەرداریی یاساکان بکەم. هیچ ئیمکانی ئەوەم نەبوو بە شێوەیەکی نایاسایی مامەڵە بکەم.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کەسێکی زۆر ناودارم لێدەرچووبوو. بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی کارەکان بەدەست من بوو. دەسەڵاتێکی لەو شێوەیە کێ بەختەوەر ناکات؟... منیش خۆشحاڵ بووم بەو حاڵەم... سنگم دەردەپەڕاند و هەندێک جاریش خۆم گیف دەکردەوە و هەوڵی ئەوەم دەدا هێزی خۆم پیشان بدەم. کاتێک بە ویقارەوە سەیری ڕاست و چەپی خۆمم دەکرد، هەندێک لە فەرمانبەرەکان دەترسان و دەستیان دەکرد بە هەڵلەرزین. چونکە لە ڕێگەی هەستی ئەو هێزەی هەمبوو، فشارم دەخستە سەر فەرمانبەرەکان. چەشنی ئەوەی هەر خۆم خاوەنی هەموو دەسەڵات و فەرمانبەرەکانیش بم. ئەمەش لە کاتێکدا بوو نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی دەوڵەتم دەکرد، ئەوەم لەبیر دەکرد کەوا لە کۆتاییدا منیش مرۆڤێکی کۆڵەوارم گەر ئەم دەسەڵاتانەیان پێنەدامایە.

کۆتایی هەفتە کاتێک کارتەکەی یەخەم دادەکەند، دەبوومەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. وەک ئەوەی کەس ڕێزی لێنەدەگرتم، کارەکانیشم بەئاسانی بۆ نەدەبرا بەڕێوە. تەواوی هونەرەکەم لەو کارتەدا بوو کەوا پشکنەری لێ نوسرابوو. هەربۆیە زۆر بەجوانی پارێزگاریم لەم کارتە دەکرد کەوا ئەم هەموو هێزەی پێدابووم. کاتێک ئەو کارتەم هەڵدەواسی دەبوومە پشکنەرێکی گشتی کەوا نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی دەکرد. لە ڕێگەی ئەو هێزەی لە دەوڵەتەوە وەرمگرتبوو، بەسەر هەموو کێشەیەکدا زاڵ دەبووم. بەڵام ئاخ لە دەست ڕۆژەکانی پشوو! لەو کاتەدا تەواوی دەسەڵاتەکانم لێدەسەنرایەوە. لە ماڵەوە تەنانەت هاوسەرەکەی خۆیشم سەرکۆنەی دەکردم. لەو کاتەدا لەوە تێدەگەشتم کە منیش بوونەوەرێکی هاکەزاییم!

***

کەمێک ڕوناکی خۆی کردبوو بە ژوورەکەمدا. چاوەکانم هەڵوڵی و
لەسەر جێخەوەکەم ڕاست بوومەوە. هەوڵمدا لەو شتانە تێبگەم کە ڕوویاندا.
خەریک بوو خەواڵووییەکە بەریدەدام.

وای خودا! ئەوە هەمووی خەو بوو؟

خەریک بوو نوێژی بەیانیم دەچوو. هەوڵمدا ئەو شتانەم بیر بکەوێتەوە
کەوا بینیبووم. هێشتا لە ژێر کاریگەریی خەوەکەمدا بووم کە پشکنەری
گشتی بووم. خەریک بوو هاوار بکەم و بڵێم: "خزمەتکارەکان! دەی
نەعلەکانم بۆ بهێنن با دەستنوێژێک بگرم". بۆ ئەوەی ئەفسوونی
خەوەکەم لێ نەشێوێت، لەگەڵ کەسدا قسەم نەکرد. هەستام و بە نیمچە
بێدارییەکەوە دەستنوێژم گرت. دوای ئەوەی بەخێرایی نوێژی بەیانم کرد،
بۆ ئەوەی هەمان خەو ببینمەوە دیسان خەوتمەوە. بەتوندی چاوەکانم
داخست، بەڵام بێهوودە بوو، تازە خەوەکە تەواو بووبوو. زۆر زۆرم لە خۆم
کرد هەتا خەوم لێبکەوێتەوە. بە نیمچە بێدارییەکەوە کۆنترۆڵێکی خۆمم
کردەوە: تۆ بڵێی خەوتبم، خەوەکە دەستی پێکردبێتەوە؟ دواتر ئاگام لە
خۆم نەمابوو.

نازانم چەندە خەوتم. بە دەنگی منداڵەکان دیسان بێدار بوومەوە. چاوەکانم
نوقاوە و گوێ لە خۆم دەگرم. ئەوەم بە بیردا هات کەوا هەمان خەوم
نەدیوەتەوە. وای چەندە ناوازە بوون ئەو شتانەی لە خەوەکەمدا بینیبووم.
تەواوی فەرمانبەرەکانی بەرانبەرم ملکەچی فەرمانەکانم بوون. ئەگەرچی
لە خەوەکەشمدا دەسەڵاتەکانی ماڵەوەم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم بەش
کردبوو، بەڵام بەتەواوی دەسەڵاتەکانەوە پشکنەری گشتیی دەوڵەت بووم.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کەسێک نەبوو لەسەروو منەوە دەسەڵاتی زیاتری هەبێت.

هاوسەرەکەم دەیویست هەڵمبستێنێت هەتا بەرچایی بخۆم. بەڵام من هێشتا وەهام هەست دەکرد کە پشکنەری گشتیم. هێشتا نەهاتبوومەوە سەر خۆم. لەسەر جێخەوەکەم دانیشتمەوە و دیسان بیرم لەو شتانە کردەوە کە بینیبوومن. کەمێک توڕەش بووم. حەزم دکرد هاوسەرەکەم بخەمە زیندانەوە کەوا بەڕاوەشاندنەوە بێداری کردبوومەوە. وتم پشکنەری گشتی چۆن دەبێت بەو شێوەیە لە خەو بێدار بکرێتەوە؟ بە ئەدای فەرماندەیەکی سوپاوە گوتم: کەمێکی تر لە خەو هەڵدەستم لاچۆ لەسەر سەرم!".

ـ ئەرێ تۆ چیتە؟ ئەم ماوەیە زۆر ئەمرمان بەسەردا دەکەیت. خۆ من خزمەتکارت نیم.

چاوەڕێی ڕێزی لێ دەکردم، لەوەش زیاتر گوتی "خۆ من خزمەتکاری تۆ نیم!". دوای ئەوەی فلْچەیەکی تری لێدام و گوتی "ئێمە بۆ بەرچایی بانگی دەکەین، کەچی ئەو خۆی بە پاشا دەزانێت"، ئیدی پێیەکانم کەوتنەوە سەر زەوی. لەگەڵ سەرکۆنەی هاوسەرەکەمدا لەوە تێگەشتم کە لە کوێم. دوای ئەوەی یەک دوو جار لە نێو جێگەکەمدا سوڕامەوە، ئەمجارەیان چوومە گەرماوەکەمان و دەستنوێژێکم گرت. کەمێک خەریک بوو دەهاتمەوە سەرخۆم. هەستم بە پەشیمانی کرد کەوا بەو ڕەقییە وەڵامی هاوسەرەکەمم دایەوە. دیسان بە ئەدای فەرماندەیەکەوە کەوا هەزاران سەربازی لە ژێردەستدایە خۆم کرد بە مەتبەخەکەدا.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

هەمـوو ئەندامانـی خێزانەکـەم بـە مەبەستی خواردنـی بەرچایـی لـەوێ بوون. خانم هێشتا بۆڵەی دەهات. دایکم چەشنی ئەوەی بڵێی چی بووە، سەیرێکی ئەوی کرد، سەیری چاوەکانی منیشی کرد: شەڕتان بووە؟

هاوسەرەکەم: "قابیلە چی بێت! ئێمە ئەفەنی بۆ بەرچایی ئامادەکراو بانگ دەکەین، کەچی ئەو وەک فەرمانـدە ئەمرمـان بەسەردا دەکات. من نەخەوتم بۆ ئەوەی نانێکی خۆش ئامادە بکەم، کەچی ئەو بەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵدا بکات. چەشنی ئەوەی خزمەتکاری ئەو بم. کاک زیکری زۆر لێتان تورەم" بەم شێوەیە سەرزەنشتی کردم. کاتێک پەرداخەکانی ئامادە دەکرد، بە تورەییەوە هەر بۆڵەی دەهات. منیش بە پەشیمانییەوە:

"خانم تکایە، من لە ژێر کاریگەریی ئەو خەوەدا بووم کە بینیم. تۆ نازانی لەو کاتەدا لە چی حاڵەتێکی ڕۆحیدا بووم". هاوسەرەکەم کەمێک هێور بوویەوە. لە چاوەکانیانەوە ئەوە دەخوێنرایەوە کە مەراقی خەوەکەم لێی داون. کوڕەکەم بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بەو گرژییەی لە نێوان من و دایکیدایە گوتی: "باوکە دەی بۆمان بگێڕەوە، بزانین لە خەوەکەتدا چیت بینیوە؟".

ئیدی تێگەشتم لەوەی هەتا خەوەکەم نەگێڕمەوە کەس دەست ناکات بە نان خواردن. هەربۆیە دەستم کرد بە گێڕانەوەی خەوەکەم. باسم لەوە کرد کەوا لە خەوەکەمدا کرابووم بە پشکنەری گشتی، تەواوی دەرگاکانی دەولەتم بۆ خرابوونە سەر پشت، باسم لەوە کرد کە دەسەڵاتێکی بەهێزی

لەو شێوەیە چەندە بەچێژە. هەروەها باسم لەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەش کرد کەوا ئەم دەسەڵاتە گەورەیە خستبوویە سەرشانم. باسم لەوە کرد کەوا چەشنی پاشایەک ژیاوم، تەواوی خەڵک لە خزمەتمدا بوون، ملیان بۆ کەچ کردووم. باسم لەوە کرد کە ئەرکی ناو خەوەکەم لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە چەندە گرنگ بوو. کچەکەم: "وای باوکەگیان، ئەمە چ خەوێکە، دەسەڵاتی زۆر زۆرت هەبووە". منیش بەزەردەخەنەوە سەیری دەموچاویم کرد. چاوەکانیان لەسەرم بوو و منیش گوتم: "شتێک بوو وەک پاشایەتی و خەلیفایەتی، تەنانەت دەسەڵاتەکانم هێندە زۆر بوون، ئێستا هەندێکیانم بیرچووەتەوە. کاتێک دایکت بۆ بەرچایی بێداری کردمەوە، هێشتا لە کەشوهەوای ناو خەوەکە ڕزگارم نەبووبوو. خۆم وەک سەرۆکی هەموو خەڵکی دەبینی".

ئیدی هەرکەس لای خۆیەوە دەستی کرد بە شیکاری خەوەکەم. هاوسەرەکەم لچێکی لار کردەوە:

"بەگم وا دیارە دەبیت بە سەرۆکوەزیران". منیش بەپێکەنینەوە: "دەی خۆ لای ئێوەش قسەم ناخوات، ئیدی چۆن ببمە سەرۆکوەزیران و لای خەڵک قسەکانم بخوات". کچەکەم: "وا دیارە دەبیتە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەت".

من دەمزانی ئەگەرێکی وەهاش لە ئارادا نییە. لە دڵی خۆمەوە گوتم: "لایەنی کەم پێنج کەسم لە پێشەوەیە بۆ ئەوەی ببنە بەڕێوەبەر". دایکم لێکدانەوەیەکی تری کرد. لە ڕاستیدا گرنگترین شت بە لای منەوە ئەوە بوو کە دەسەڵاتەکانی ناو خەوەکەم لەدەستداوە. وەها هەستم دەکرد کە

شتێکی زۆر گرنگم لەدەستداوە. هێشتا سەرخۆشی ئەو هەموو دەسەڵاتە بووم کەوا لە خەوەکەدا پێمدرابوو. بەخشینی دەسەڵاتی پاشایەک بە فەرمانبەرێکی داماوی وەک من زۆر کاریگەری لەسەرم دانابوو. باوکم کە هەتا ئەو کاتە بێدەنگیی هەڵبژاردبوو لەبەر خاتری ئەوەی خۆی نەخاتە نێو بابەتێکی نێوان ژن و مێردەوە گوتی: "تۆ ئاگات لە خۆت نییە، لە ڕاستیدا تۆ ئەو دەسەڵاتانەت هەیە".

کاتێک ئەو دەستی بە قسەکردن دەکرد، هەموومان بەبێدەنگی گوێمان لێدەگرت. باوکم بەم شێوەیە بابەتەکەی ڕوون کردەوە:

"مرۆڤ لە گەردووندا وەک خەلیفە ئافرێنراوە. ئەو کارتی پشکنەری گشتییەی لە خەوەکەشدا پێتدراوە "بِسْمِ اللّٰهِ" یە. کەسێک کەوا "بِسْمِ اللّٰهِ" دەکات، ئیدی بە هێزی خودا دەست بە کارەکانی دەکات. تەواوی تەنەکان گەر بە ناوی (اللّٰه) داوایان لێبکرێت، فەرمانبەرداریی خواستەکانی مرۆڤ دەکەن.

هەرکەسێک "بِسْمِ اللّٰهِ" بکات ئیدی پشتی بە هێزی (اللّٰه) بەستووە و بەو شێوەیە جوڵە دەکات.

هەرکارێکیش کەوا لە دەستپێکیدا ناوهێنانی خودای تێدا فەرامۆش کرابێت، هیچ بوونەوەرێک یارمەتی نادات.

هەرکەسێک "بِسْمِ اللّٰه" بکات، لەبەر ئەوەی پشتی بە هێزی (اللّٰهِ) بەستووە، دەتوانێت بەسەر هەموو کارێکدا سەربکەوێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

گژوگیا و ئاژەڵەکانیش کتومت لە مرۆڤ دەچن.

تۆوێک کەوا دەیەوێت لە ژێر خاکەوە سەوز ببێت، "بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ" دەکات و پەنا دەباتە بەر ئەو پەروەردگاری ڕەحمان و ڕەحیمە. بەو هێزە کەمەی خۆیەوە، چەندین تەن خاکی سەرو خۆی کون دەکات و دێتە سەر ڕووی زەوی. گەر پشتی بە هێزی (اللّٰه) نەبەستایە، نەیدەتوانی ئەم کارە بکات. خاک و تاشەبەردی ڕەقوتەق ئاسانکارییان بۆ نەدەکرد. ڕەگێکی ناسکی وەکو لۆکە، لە ڕێگەی وتنی "بِسْمِ اللّٰهِ" ترشێکی ئەسیدی دەردەدات و لەم ڕێگەیەوە بەرد کون دەکات.

کەواتە کون کردنی بەردێکی ڕەق لەلایەن گیایەکی ناسکەوە لە ڕێگەی "بِسْمِ اللّٰهِ" ئەنجام دەدرێت.

گەردەکانی هەوا، لە ڕێگەی پشتبەستن بە هێزی خوداوە، لە یەک کاتدا ٥٥ جۆر ئەرکی جیاواز ڕادەپەڕێنن. هەوا گەرمی و ڕوناکی و هەر حەوت ڕەنگەکە بڵاو دەکەنەوە، ئەم ئەرکانەش ڕێگر نین لەوەی دەنگیش بگوازنەوە. بابەتی ئەوەی گەردەکانی هەوا لەیەک کاتدا چەندین ئەرک ڕادەپەڕێنن، لە زیرەکی و زانستی خۆیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو لەبەر ئەوەی پشتیان بە هێزی پەروەردگاری خاوەنی گەردوون بەستووە، دەتوانن ئەم ئەرکە سەختانە جێبەجێ بکەن.

هەریەک لە تۆخمەکان لە ڕێگەی وتنەوەی "بِسْمِ اللّٰهِ" لە کارگەلێکدا سەرکەوتوو دەبن کەوا لە ڕێگەی هێزی خۆیانەوە ناتوانن ئەنجامی بدەن.

هەربۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتییە لە پشتبەستن بە (اللّٰهِ).

هەموو گەردیلەیەک فەرمانبەرداری لە فەرمانی "ببە دەبێت"ی پەروەردگاری دەکات، بەناوی ئەوەوە جوڵە دەکات و کاری خۆی دەکات.

هەموو درەختێک وێڕای ئەوەی هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە گەدەی مرۆڤ پێ نییە، لە ڕێگەی "بِسْمِ اللّٰهِ" میوەیەکی گونجاو لەگەڵ سیستەمی هەرسی ئەو بەرهەم دەهێنێت.

گەر لە ڕێگەی "بِسْمِ اللّٰهِ" پەنا بۆ پەروەردگاری گەردون ببەن کەوا ڕەحمان و ڕەحیمە و لە دەرگای هۆکارەکان بدەن، ئەوا لە کارەکانتاندا سەرکەوتوو دەبن. چونکە لەو کاتەدا تەواوی هۆکارەکان دەبنە یاریدەری ئێوە.

"بەکورتی، کوڕەکەم! إنْ شَاءَاللّٰه خودا بەمەبەستی بێدارکردنەوەت بۆ نوێژی بەیانی ئاگاداریی پێداویت.

باوکم جوانترین ڕاڤەی بۆ خەوەکە کرد. کەواتە هەر منی مرۆڤ لەسەر جوانترین شێواز (أَحْسَنُ تَقْوِيمْ) ئافرێنراوم. ئەرکی جێنشینیم لەسەر ڕووی زەوی ئێستاش هەر بەردەوامە. بیرم لەوە کردەوە کە من هێزی خۆم لە پەروەردگارمەوە وەردەگرم.

تێگەشتم لەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لە خەوەکەمدا پێمدرابوون هێشتا هەر ماون. بەڵێ، من جێنشینم، لە هەمان کاتدا پشکنەرێشم. نزیکی ٤٠٠ هەزار گژوگیا و ئاژەڵ خزمەتی منیان دەکرد. دەسەڵاتەکانم زۆر بوون، بەڵام ئەرکەکانیشم سەخت بوون، لێپرسینەوەی ئەو هەموو نیعمەتە زۆر چەتوون دەبێت.

کاتێک من بیرم لەمانە دەکردەوە، ئەندامانی خێزانەکەشم بە قوڵایی بیرکردنەوەدا ڕۆچووبوون. هاوسەرەکەم وەها دیار بوو لە کەموکوڕییەکەی من خۆش بووە. ئەگەری زۆر بوو ئەویش لەو کاتەدا بیر لە لێپرسینەوەی خۆی بکاتەوە. دایکم وەها دیار بوو بیری لەوە دەکردەوە کە ئیدی ئەرکی ئەو تەواوبوو. منداڵەکانیش هێشتا ئاگاداری ئەرکی جێنشینی نەبووبوونەوە. باوکم لە نێو ئاگایی ئەم بەرپرسیارێتییەدا بوو، سەری ڕادەوەشاند و شتانێکی لەبەر خۆیەوە دەگوتەوە، کاتێک لە مێزی نانخواردنەکەش هەستا لەبەر خۆیەوە "بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ"ی دەگوتەوە.

***

# غرور

لە کۆمپانیاکەی ئێمەدا بەشی سەرچاوە مرۆییەکان گرگییەکی زۆری هەیە. چونکە زۆربوونی فرۆشتنەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە لایەنی دەروونی، جەستەیی، ئابوری و ڕەفتاری کارمەندەکانەوە هەیە. ئەرکی منیش بریتی بوو لەوەی بە دوای ئەو کۆسپە نەرێنیانەدا بگەڕێم کەوا دەبنە ڕێگری بەرهەمهێنان، لایەنە نەرێنییەکان دیاری بکەم و چارەسەریان بۆ بدۆزمەوە، هەم دڵی سەنیارەکان و هەم دڵی کارمەندەکانی خۆیشمان خۆش بکەم. ژوورێک و مێزێکی تایبەت بە خۆمم نەبوو. ڕێکخەری گشتی بووم، لە هەر شوێنێک کێشە هەبووایە من لەوێ بووم. لە هەمان کاتدا بەشدارییم لە تەواوی ئەو کۆبوونەوانەدا دەکرد کەوا لەسەر ئاستی لوتکە ئەنجام دەدران. بێ ئەوەی دەنگم لێوە بێت، چاودێریی ئەو بڕیارانەم دەکرد کەوا لە کۆبوونەوەکان دەردەچوون. خۆ گەر کەموکورتییەکم لە جێبەجێکردنیاندا ببینیایە، یەکسەر دەچوومە ناوەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیم دەدا. تەنانەت خاوەنی کۆمپانیاکەش بایەخی بە نکرەکانی من دەدا. خاوەنی کۆمپانیا خودی خۆی لە کۆبوونەوەی بەیانیاندا بەشداری دەکرد، بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری بەشەکان سەبارەت بە کاروبارەکانی خۆیان زانیارییان پێ دەدا. من بێ ئەوەی لە قسەکاندا هەڵبدەمێ تەنیا گوێم دەگرت. دواتر بە تەنیا لەگەڵ خاوەنی

کۆمپانیا دادەنیشتم و هەڵسەنگاندنمان دەکرد. سەرپەرشتیارەکان ئەوەیان نەدەزانی کە خاوەنی کۆمپانیا ڕاوێژ بە من دەکات و لەگەڵ مندا کۆتا بڕیارەکانی دەردەکات. هەربۆیە بە ئاسوودەییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ مندا دەکرد.

بەڕێوەبەرەکانمان ئازاد کردبوو لە کارەکانیاندا. بەم شێوەیە وەهایان لێ دەکەین کۆمپانیاکە بە شوێنی کاری تایبەتی خۆیان بزانن. تەنانەت منیش خۆم وەک خاوەنی کۆمپانیاکە دەبینی. خاوەنی کۆمپانیاکە لەم بابەتەدا زۆر سەرکەوتوو بوو. هەموو شتێکی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی باس دەکرد کەوا بەڕاستگۆی دەزانین. لە چایچییەکەمانەوە بیگرە هەتا بەڕێوەبەرەکان هەموویان خۆیان بە بەردی بناغەی کۆمپانیاکە دەزانن، بەم شێوەیە هەموو کەس خۆی بە خاوەنی کۆمپانیاکە دەزانێت. ڕەنگە لە کۆمپانیاکەی ئێمەدا کەسێکمان نەبێت کەوا بیر لە موچەکەی بکاتەوە. کاک شاکر بەڕێوەبەری فرۆشتن، نزیکی ٣ مانگە لەم کەشوهەوا خۆشەدا لەگەڵ ئێمە دەستی بە کارکردن کردووە. لە کۆبوونەوەکانماندا بەدیقەتەوە سەرنج لە کاک شاکر دەدەم. هەتا دوا ڕادە بە ڕێز و حورمەتەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک دەکات. بەڕێوەبەری گشتی هەر شتێک بڵێت پشتڕاستی دەکاتەوە. هەموو کاتێک باس لەوە دەکات کە بەڕێوەبەری گشتی کەسێکی دەگمەنە و ستایشی سەرکەوتنەکانی دەکات. وەک ئەوەیە لە چاو ئەودا خۆی بە بچوک ببینێت. بە هۆی ئەم ڕەفتار و مامەڵانەشییەوە، سەرنجم لەوەش داوە کاک سەفوەت وەک بەڕێوەبەری گشتی بە چاوێکی کەم تەماشای دەکات. لە ڕاستیدا وەها هەست دەکەم کاک سەفوەت دڵی بە پیاهەڵدانەکانی کاک شاکیر خۆشبێت.

ەنگە وەهاشی لێبکات لە خۆی بایی ببێت و خۆی بە کەسێکی گەورەش بزانێت. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بە چاوێکی کەمترەوە تەماشای کاک شاکیر دەکات. ئەوەشم بەدی کرد، تەواوی ەو پیاهەڵدانانەی بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێناو خۆبردنە پێشەوە ئەنجامی دەدات، لە جیاتی سوود زیانی پێدەگەیەنێت.

کاک شاکیر لە کاتێکدا بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی دەکرد، بە شێوەیەکی پێچەوانە ڕەفتاری لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی هاوتای خۆی دەکرد. خۆی لەوان گەورەتر پیشان دەدا. لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا دەکەوتە حاڵەتی ئامادەباشی و دەرگای ژوورەکەی دەکردەوە و فەرمووی لە خاوەنی کۆمپانیاکە دەکرد. گەر یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان پێشنیارێکی بخستایەتە ڕوو، یەکسەر لەولاوە هەڵیدەدایە و هەوڵی ئەوەی دەدا فکرە "درەوشاوەکانی" خۆی پێشبخات. لەبەر ئەوەی ڕەفتارەکانی زیانی بۆ کۆمپانیاکەمان نەبووە، نادیدەم دەگرتن. پێم وایە لەم کارانەیدا نیەتێکی خراپی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ کەسانی پلە بالا زۆر ماستاوچیانە ڕەفتار دەکات. قەناعەتم وەهایە لە کەسایەتییدا کەمێک کێشە هەبێت. لە کاتێکدا زۆر گوێڕایەڵانە مامەڵە لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیا و بەڕێوەبەری گشتی دەکات کەوا لەسەرو خۆیەوەن، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرانەی لە ئاستی خۆیدان، کارمەند و سەرپەرشتیارەکانی خوار خۆیان و تەنانەت منیش بە پیاو نازانێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەو هێزەی هەیەتی بیانپلیشێنێتەوە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڕۆژێکیان بە بەهانەی چا خواردنەوەوە سەردانی ژوورەکەی کاک شاکرم کرد. زەردەخەنەیەکی ناچارانەی لە خۆی هێنا و ڕەنگە بە هۆی ئەمەنەکەمەوە بێت کەوا ڕێزی لێگرتم. هێشتا دانەنیشتبووم، یەکێک لە کارمەندەکانی بەشەکەی بە هەیەجانەوە خۆی کرد بە ژووردا. وابزانم دەیویست باسی سەرکەوتنەکانی خۆی بکات و دڵی بەڕێوەبەرەکەشی خۆش بکات. بەڵام کاک شاکیر لە پێناو پیشاندانی دەسەڵاتی خۆی، بە دەموچاوێکی گرژەوە گوتی: "یەکەم جار لە دەرگا بدە، ئینجا وەرە ژوورەوە"، بەم شێوەیە فلچەی لێدا. کابراش کەوا ڕووبەڕووی ئەم مامەڵە توندە لەناکاوە بوویەوە، مەزاجی بە تەواوی ژێراوژووربوو. چەشنی ئەوەی خۆی بە دیوارێکدا ماڵیبێت، لە حەیبەتاندا نەیدەزانی چی بکات. دوای ئەوەی بەڕێوەبەری فرۆشتن لوتفی ئەوەی لەگەڵدا کرد کە گوێی لێبگرێت، کارمەندەکە دەستی بە گێڕانەوەی کارەکانی کرد. وەک ئەوە بوو چاوەڕێی ستایشی بەڕێوەبەرەکەی بکات. بەڵام کاک شاکیر وەک ئەوەی ستایشی کارەکەشی نەکرد، لە هەمان کاتدا گوزارشتی لەوە کرد کەوا کارەکەشی بەدڵ نییە. باسی لەوە کرد کە خۆی لە کاتی کارمەندێتیدا کاری لەوە چاکتری کردووە. سەرکەوتنی کارمەندەکەی وەک شتێکی بچوک پیشاندا. هەروەها یەک دونیا پێشنیاری بۆ کرد هەتا چۆنی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

لەم کاتەدا چایەکانمان هات. ڕەنگە چایچییەکەشمان ئەم مامەڵە ڕەقانەی کاک شاکیر کاریان تێکردبێت، هەربۆیە کاتێک چایەکەی لەسەر مێزەکەی دانا دەستەکانی دەلەرزین. کاک شاکیر وەک بۆمبێک بوو کەوا ئامادەی تەقینەوە بێت. چەند دڵۆپێک لە چایەکە ڕژایە سەر

چایچییەکەش زۆر شەرمەزار بوو، هەوڵیدا بە پەڕۆکەی دەستی مێزەکەی سەرمێزەکە بسڕێتەوە. بەڵام بەڕێوەبەر سڕینەوەی سەرمێزەکەشی بەدڵ نەبوو. ئیدی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی پەڕۆکەوە دەستی پێکرد، پاشان بە دەستەوسانی چایچییەکەدا هاتە خوارەوە و یەک دونیا سوکایەتیی پێکرد. "تەنانەت کارێکی سادەی لەم شێوەیەشت پێناکرێت" و بەم شێوەیە سوکایەتیی پێکرد. چایچییەکەش بە شەرمەزارییەوە گوتی "گەورەم ئێمە کۆمەڵە کەسێکی نەزانین، بێگومان ناتوانین وەکو تۆ بین". قسەکانی چایچییەکە ئەوی پیشان دەدا کەوا کەسایەتیی بەڕێوەبەرەکەی خوێندبوویەوە. لەوە تێگەشتبوو کە چەشنی زۆرینەی کاتەکان، ئەم جارەش لە خۆڕا وڕکی لێگرتووە. کاتێک گوتی "ئێمە ناتوانین وەکو تۆ بین!" لە ڕاستیدا پێی ڕادەبوارد. بەڵام کاک شاکیر وەها هەستی دەکرد کە کارامەیی و لێوەشاوەیتیی خۆی پیشانداوە. تەنانەت ئاگاداری ئەوە نەبوو بەم جۆرە ڕەفتارانەی خۆی بچوک دەکاتەوە. گەر ستایشی کارمەندەکەی بکردایە کەوا هاتە ژوورەکەتیی، خۆی بە گەورەتر پیشان نەدایە لەو، لە چاوی کارمەندەکەدا زیاتر گەورە دەبوو. هەروەها دەیتوانی ڕژانی چەند دڵۆپە چایەک بەسەر مێزەکەیدا نادیدە بگرێت. ئیدی بەم شێوەیە دڵی چایچییەکەشی نەدەشکاند، ئەویش جارێکی تر کە چای بۆ دەهێنایەوە، زیاتر بە دیقەتەوە هەنگاوی هەڵدەگرت بۆ ئەوەی هەمان هەڵە نەکاتەوە. دەیتوانی هیچ قسەیەک بە چایچییەکە نەڵێت کە هەر خۆی بە ڕشتنی چایەکە شەرمەزار بووبوو. ئەمەش لە کاتێکدایە هەر هەڵەیەک لە شوێنی کار کەوا بەئەنقەست ئەنجام نەدرێت بە کەموکورتی ئەژمار ناکرێت، گەر دووبارە بوویەوە، ئینجا دەشێت بە کەموکورتی ئەژمار بکرێت.

لە بەشی فرۆشی کۆمپانیاکەماندا هێشتا ئاستی فرۆشتنمان دانەبەزیبوو

سەرەڕای ئەمە، من بنکەی خۆمم لە بەشی فرۆشتن جێگیر کرد. بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەم کرد کەوا کاک شاکیر لەگەڵ کارمەندەکانی ئەنجامیدا. چونکە کارمەندەکانی ئەو بەشە هەتا دوا ڕادە خاوەن ئەزموون و سەرکەوتوو بوون. زۆر سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو کەوا شایەنی دەسخۆشی بوون. هەر بەڕاستی کارەکان بە چاکی دەبران بەڕێوە. ئاتاجی هاریکاری و ورەپێدان بوون. سەرەڕای ئەمانەش، کاک شاکیر کەسی بەدڵ نەبوو، هەردەم باسی لە سەرکەوتنەکانی خۆی دەکرد. ڕەنگە ئامانجی لەم کارەش ئەوە بووبێت کەوا جوڵەی زیاتریان تێبخات و زیاتر سەرکەوتن بەدەستبهێنن...

کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد و سەرنجم لەوە دا کە کاک شاکیر بایەخ بە کەس نادات. لە کاتێکدا سەرکەوتنەکانی خۆی دەبرد بە ئاسماندا، بەڵام کۆششی کارمەندەکانی نادیدە دەگرت. هەوڵی دەدا خۆی زۆر گەورە پیشان بدات. بەم شێوەیە سوکنایی بە ئێگۆی خۆی دەدا. بێگومان ئەم ڕەفتارانەی ئەو هۆیەکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی بەپێزیی کارەکان ڕوو لە دابەزین بکەن. لە کۆتاییدا کۆبوونەوەکە تەواو بوو، منیش کەمێک زیاتر لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەر مامەوە. ویستم هەندێک شتی بۆ باس بکەم، کەچی هەر شتێکم دەگوت، دوو هێندەی ئەوەی من وەڵامی دەدامەوە. بەرگریی لە خۆی دەکرد. ئیدی تێگەشتم لەوەی تێگەیاندنی بەم حاڵەیەوە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کاری نەکردەیە. هەتا زیاتر لەلای بمامایەتەوە، زێدەتر وەهام لێدەهات دەست بە بچوکیی خۆم بکەم. کارمەندەکانیشی بەناچاری بەرگەی ئەم حاڵەیان دەگرت. چونکە لە کۆتاییدا ناچاری ئەوە بوون بژێوی بۆ ماڵەکانیان پەیدا بکەن. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەبوو ڕۆژێک بگاتە سەر ئێسقانیان و ڕووبەڕووی بەڕێوەبەر ببنەوە. ئیدی بیرم لە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاژاوەیەکی لەو شێوەیە کردەوە. خاوەنی کۆمپانیاکەشمان زیاتر لە پارە، بایەخی بە مرۆڤەکان دەدا. کارمەندەکانی وەک هاوڕێ یان هاوبەشی خۆی دەزانی. ئەحواڵی هەموو کەسێکی دەپرسی و چارەسەری کێشەکانی دەکردن. هەربۆیە زۆر تووڕە بوو کاتێک باسی ڕەفتارەکانی کاک شاکیرم بۆ کرد، چونکە خۆی خاوەنی ئەو هەموو بنەمایە بوو. گوتی "ئەم کابرایە خۆی بە چی دەزانێت!". ئامانجی منیش ئەوە نەبوو لە پشتەوە پاشقولی لێبگرم، بەڵکو ڕێگری بوو لە ئەگەری ڕوودانی شتانێکی نەرێنی. هەربۆیە کاک شاکیری بانگ کرد. ئەویش لە دەرگاکەی دا و هاتە ژوورەوە. قۆپچەی چاکەتەکەی داخستبوو، لە حاڵەتی ئامادەباشیدا وەستابوو هەتا فەرمووی "دابنیشن" ی لێبکرێت. خەریک بوو بە دەستەکانی خاوەن کۆمپانیاکەدا دەنوسا و قاچەکانی ماچدەکرد! ئەویش کتێبێکی لە کتێبخانەکە دەرهێنا. کتێبەکەی کردەوە و دایە دەستی کاک شاکیر و گوتی: "لە کارەکانتدا سەرکەوتوویت، بەڵام هەندێک هەڵەشت هەیە. وتەکانی ناو ئەم کتێبە بخوێنەوە، گەر وتەکانت پێ هەزم نەکرا، ئەوا ڕێگەکەمان جیا دەبێتەوە".

کاک شاکیر بە ناچاری دەستی بە خوێندنەوەی ئەو بەشەی کتێبەکە کرد کەوا پیشانی درابوو: "ئەی ئادەمیزاد! لە دەستورەکانی قورئانە کەوا

جگە لە جەنابی حەق هیچ شتێک هێندە لە خۆمان بە گەورەتر نەزانین کەوا پەرستشی بۆ بکەین. هەروەها خۆیشت بە گەورەتر لە هیچ شتێک نەبینیت. چونکە بوونەوەران وەک لەو ڕوانگەیەوە یەکسانن کەوا نابێت بپەرسترێن، لەو ڕوانگەیەشەوە یەکسانن کەوا هەموویان ئافرێنراون".

لە بەرانبەر ئەو شتانەی خوێندییەوە واقی وڕما. سەری داخست. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا بەباشی لە بابەتەکە تێنەگەشتبوو. خاوەنی کۆمپانیاکەمان کتێبی سەر مێزەکەی بۆ درێژکرد کەوا باسی ژیانی سەردارمانی (ﷺ) دەکرد:

"ماوەی مانگێک مۆڵەتت دەدەم. تەواوی مافەکانی ئێرەت وەک خۆیان بەردەوام دەبن. ئەم دوو کتێبەشت وەک دیاری پێشکەش دەکەم. بەجوانی بیانخوێنەوە. یەکێکیان تەفسیری قورئانە، یەکێکی تریان باسی ژیانی سەردارمان (ﷺ) و پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ مرۆڤەکان. جگە لەمانە، هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی یەک کاتژمێر وانەی "گرنگیی ڕەهەندی مرۆڤ لە بەپێزبوونی کارەکان"دا لەلای دەروونناسی کۆمپانیاکەمان وەردەگریت. لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا سیمینارێک ئامادە دەکەیت، کەوا باس لە کرۆکی ئەو چەند دێڕە بکات کە پێش کەمێک خوێندتەوە. تەواوی کارمەندەکانیشمان ئامادەی گوێگرتنی ئەو سیمینارەی ئێوە دەبن. ئامانجم لەدەستدانی بەڕێوەبەرێکی ئیشکەری وەک ئێوە نییە، بەڵکو یارمەتیدانتە لە تێپەڕاندنی ئەو کۆسپانەی لە کەسایەتیدا هەن. کاتێک ماوەی مۆڵەتەکەت تەواو بوو، چاومان بەیەک دەکەوێتەوە. دەمەوێت تۆ زیاتر سەرکەوتوو بیت. دەتوانیت ژمارەی تەلەفۆنی دەروونناسەکە لە سکرتێرەکە وەربگریت. ئێستا خوات لەگەڵ".

کاک شاکیر بە پشتی چەماوەوە لە ژوورەکە چوویە دەرەوە. پاش مانگێک، کاک شاکیریش بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد کەوا لە نێوان بەڕێوەبەرەکاندا بوو. زۆر لەسەرخۆ دیار بوو. تەنانەت وازی لەو خوویەی هێنابوو کەوا بە شانوباڵی بەڕێوەبەری گشتییدا هەڵدەدا. کۆبوونەوەکە زۆر بەجوانی بەڕێوەچوو. چەند بڕیارێکی نوێمان سەبارەت بە داهاتوو دەرکرد. لە دوای کۆبوونەوەکە دوای ئەوەی هەموویان چوونە دەرەوە، کاک شاکیر بە ئاماژەی خاوەن کۆمپانیا لە ژوورەوە مایەوە. تێگەشتم لەوەی کە دەبێت قسەی بۆ بکات. بە "بەڕێزم" دەستی بە قسەکانی کرد، دوو کتێبەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا کەوا پێش مانگێک پێی درابوو، دەستی کرد بە باسی سەرگوزەشتەی ئەو مانگەی بەسەری بردووە.

"با ئەم کتێبانە لای من بمێننەوە، پێویستە چەند جارێکی تر بیانخوێنمەوە هەتا خۆم بناسم. هەتا ئێستا توانیومە یەک جار بیانخوێنمەوە. جگە لەمەش، یارمەتیم لە دەروونناسەکەش وەرگرت. سیمینارێکم لەو شتانە ئامادە کردووە کەوا فێریانبووم. هەرکاتێک ئێوە ویستان، دەتوانم ئەم شتانە پێشکەشی کارمەندەکان بکەم. ئەو پەرەگرافەی ئەو ڕۆژە پیشانتاندام، شەوەکەی هەتا بەیانی بیرم لێکردەوە. ئەم دەرئەنجامەم لێوە دەرهێنا: لەلای خودا هەموو کەسێک یەکسانە. نابێت لە بەرانبەر کەسانی گەورەتر لە خۆم، خۆم بە بچوک، لە بەرانبەر کەسانی بچوکتریش، خۆم بە گەورە بزانم. ئێستا تێگەشتووم لەو کەموکورتییەی هەمە. زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم، وانەیەکی گرنگتان فێری من کرد. حەزرەتی محمد (ﷺ) وێڕای ئەوەی پێغەمبەر بوو، جیاوازیی لە نێوان کۆیلە، هەژار، دەوڵەمەند و



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خانەدانەکان نەکردووە، بەیەکسانی مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤەکان کردووە. کەسێکی وەک ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە فەرماندەی عەرەبە خانەدانەکانی ئەو کاتە. لە هەمان کاتدا پارێزگاریی لە پێگەکەی خۆیشی کردووە و سازشیشی نەکردووە. فەرموویەتی: "گەر فاتمەی کچیشم دزی بکات، دەستەکانی دەبڕم!" هەربۆیە چاکسازیی لە ملیۆنان کەسدا کردووە و پێشەوایەتی کردوون. لە ژیانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەوە تێگەشتم، مرۆڤەکان لە ڕێگەی توندوتیژی و خۆبەزلزانییەوە ناتوانن نرخ پەیدا بکەن. ئەو کتێبانەی پێتاندام، وەهایان لێکردم سەرلەنوێ چاوێک بە ژیانمدا بخشێنمەوە. ئیدی دەمەوێت لە چوارچێوەی ئەم دەستورانەدا لاپەڕەیەکی نوێ بکەمەوە و سەردارمان (ﷺ) بە نمونە وەربگرم و ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم. ئێستا دەمەوێت نەک وەک خاوەنی کۆمپانیاکە، وەک کەسێکی گەورەی خۆم دەستەکانتان ماچ بکەم؟"

کاک شاکیر کاتێک لە ژوورەکە ڕۆشتە دەرەوە لە خۆی دڵنیا بوو. بە مەبەستی پلانسازی بۆ کارێک سەردانی ژوورەکەیمان کرد. بە خزمەتگوزارەکەی گوت: "تکایە دەتوانن چایەکم بۆ بهێنن؟" و لە شوێنەکەی دانیشت. پێکەوە نەخشەڕێگای ئامانجە سەرەکییەکانمان دیاری کرد. ئەویش کارمەندەکانی کۆکردەوە، منیش بەشداری کۆبوونەوەکەیانم کرد. سەرنجم لەوە دا کەوا بایەخ بە هەموو کەسێک دەدات و بە هاوتای خۆی سەیریان دەکات. کارمەندەکانیش سەریان سوڕمابوو. وابزانم بەڕێوەبەرەکەیان ١٨٠ پلە بە پێچەوانەی جارانەوە دەبینی. دڵنیام لەوەی کاک شاکیر بەم شێوەیە نرخی لای ئەوان زیاتر دەبێت. چونکە ئیتر کاکی مودیر لە جیاتی ئیگۆی خۆی، کار و بەهای مرۆڤەکان دەهێنێتە

کاک شاکیر بەم شێوەیە وانەیەکی وەهای وەرگرت، گۆڕانکاریی پێشەوە، لە کەسایەتیدا کرد و گۆشەنیگای بۆ ژیانیش گۆڕی. لە شوێنی کارەکەشمان کێشەیەک پێش ئەوەی گەورە ببێت چارەسەر کرا.

دوای کۆبوونەوەکە بە تەنیا لەگەڵ کاک شاکیر ماینەوە. پیرۆزباییم لێ کرد کەوا زۆر بەخێرایی پەندی لە خوێندنەوەکانی وەرگرتووە. باسم لەوە کرد کەوا کەسێکی زیرەکە و هەر بەم هۆیەشەوەیە بەخێرایی لە بابەتەکان تێدەگات و دەیانگەیەنێتە سەرئەنجام. لە کۆتایی هەفتەشدا گرێمان لە سیمینارەکەی بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن گرت کەوا لە ژێر ناوی "گرنگی ڕەهەندی مرۆڤ لە بەپێزبوونی کارەکان" بوو. خاوەنی کۆمپانیاکە و بەڕێوەبەری گشتی سیمینارەکەیان زۆر بەدڵ بوو. ئەویش پاداشتی خاکەڕاییبوونی خۆی وەرگرت. ئیدی کاک شاکیر دەستی لەو شەیداییە هەڵگرت کەوا لە هەوڵی تێرکردنی ئێگۆ و خۆبەزلزانیەکەیدا بوو، وەک یەکێک لە بەڕێوەبەرە متمانەپێکراوەکانی کۆمپانیای لێهات. ئەو کاک شاکیرە لە ڕابردوودا مایەوە کە دامێنی کەسانی لە خۆی گەورەتری ماچ دەکرد و کەسانی خوار خۆیشی دەپلیشاندەوە.

***

## سێداره

پاشایەک فەرماندەیەکی قەدرگرانی هەبوو. ئەم فەرماندەیە نزیکی چوارسەد هەزار سەرباز و کارمەندی لەبەردەستدا بوو. بە هەر شێوەیەک بیویستایە فەرمانی پێدەکردن و جوڵەی پێدەکردن. پاشاکە زۆر دەسەڵاتی پێدابوو. ژیانی چەشنی ئەوە بوو لە تەڕ بخوات و لە وشک بخەوێت. هەموو خزمەتێکی بەو کەسانە دەکرد کەوا لە ژێر فەرمانبەرداریی ئەودا بوون.

بەڵام ئەو لەبەرانبەر ئەو هەموو چاکەیەی کەوا هەموو کەسێک ئیرەیی پێدەبرد، دڵی خۆش نەبوو. وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام سوودی لە نازونیعمەکانی ناو کۆشکەکە دەبرد، بەڵام هەردەم گلەیی لە حاڵی خۆی دەکرد. لە کاتێکدا هەموو کەسێک بە ئیرەییەوە تەماشای ئەویان دەکرد، بەڵام ئەو بە هیچ شتێک سوکنایی نەدەهات، بەردەوام چاوی لەسەر سەروەتەکەی پاشا بوو. دەیویست بە هەوەسی خۆی کۆشکەکە بەڕێوە ببات. لەو یاسایانە بێزار بوو بوو کەوا دەبوو پەیڕەویان لێبکات، ژیانێکی بێیاسای دەویست.

ڕۆژێکیان کاتێک لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، پاشا گوێی لە قسەکانی دەبێت. گەرچی پاشا توڕەبوو بەوەی لە بەرانبەر ئەو هەموو چاکەیەدا

سوپاسگوزار نییه و دڵی خۆش نییه، بەڵام وێڕای ئەم بێسفەتییەشی فەرمانده قەدرگرانەکەی خۆی لە پۆستەکەی دوورنەخستەوە. ویستی مۆڵەتی پێبدات و بە تاقیکردنەوەیەکدا تێیبپەڕێنێت.

پاشا فەرمانی بە سەرۆکوەزیرانەکەی کرد کەوا ئامۆژگاریی فەرماندەکە بکات و ئاڕاستەی بکات. سەرۆکوەزیرانەکەشی بەم شێوەیە ئامۆژگاریی کرد: "واز لەوە بێنە چاو ببڕیتە موڵکی سوڵتان، دڵت هەرچۆنێکی بوێت بەو شێوەیە سوود لە گەنجینەکانی دەبەیت. نەمەکنەشناسی مەکە، لە جیاتی سەیری کەسانی سەرو خۆت بکەیت، لەو کەسانە بڕوانە کەوا لە خوار تۆوەن. دەبێت هەزاران جار سوپاسگوزاری پاشا بیت!" بەم شێوەیە نازونیعمەتەکانی بە بیردا هێنایەوە. فەرماندەکە کاتێک گوێی لە ئامۆژگارییەکان بوو، خەریک بوو واز لە تەماحەکەی بهێنێت. بەڵام شەیدابوونی بەوەی ببێتە -گەورەترین کەس- لەناخەوە دیکرماند و دەستی لێهەڵنەگرت. بە هەڵپەی ئەوەی "ببێتە بەهێزترین کەس" گڕی گرتبوو و دەسوتا. تەنانەت گەر لە توانایدا بووایە، کودەتای بەسەر پاشاشدا دەکرد. هەربۆیە چاوی لە کورسییەکەی سوڵتان بڕیبوو.

فەرماندەکە هەردەم لە دڵی خۆیدا باسی ئەم مەرامە شاراوانەی ناخیی دەکرد. دیسان ڕۆژێکی تر لە نزیک سەربازەکانییەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت بە دەنگی بەرز قسەکانی ناو ناخی کرد. هەندێک لە سەربازەکان مەرامە خراپەکانی فەرماندەکەیان بۆ دەرکەوت. لە بەرانبەر ئەو قسانەیدا کەوا بۆنی سەرکەشیی لێدەهات سەریان سوڕما. یەکێک

لە سەربازەکان غیرەتی دایە بەر خۆیی و بە فەرمانده‌کەی گوت: "ئەی فەرماندەی گشتی! هەموو کەسێک خزمەتی تۆ دەکات، بەم هۆیەشەوە بە ئاسوودەیی دەژین. لە کاتێکدا ئێمە بە قاپە شۆربایەک ڕازین، تۆ هەرچییەکت بوێت دەیخۆیت و دەیخۆیتەوە. هەرچۆنێکت بوێت دەتوانیت سوود لە نازونیعمەتەکانی پاشا ببەیت. ئێمەی سەرباز ئاوات بە دەوڵەمەندیی ئێوە دەخوازین. بەڵام ئێمە گوێمان لە قسەگەلێک بوو کەوا ئەوە دەردەخەن ئێوە نارازین بەرانبەر ئەو هەموو چاکەیەی سوڵتان لەگەڵیدا کردوون. گەورەم ئێوە کوفری نیعمەتەکانی دەکەن. گەر پاشا گوێی لەم قسانەی ئێوە بێت، لەگەڵ ئێوەدا سزای ئێمەش دەدات" بەم شێوەیە ئاگاداری کردەوە.

بەڵام فەرماندە سوکایەتیی بە سەربازەکە کرد، تۆمەتباری کرد بەوەی چەندە کەسێکی بێنرخە. باسی لەوە کرد کە هەر خۆی تەواوی هێزەکەی بەدەستهێناوە و گوتی: "ئێوە دەبێت گوێڕایەڵی من ببن، خەریکی کاری خۆتان بن، نابێت لە دژی من بوەستنەوە!". بەڵام هەموو سەربازەکان بەم هەڵسوکەوتە سەرکەشانەی فەرماندەکە تووڕە بوون. لە کۆتاییدا چیدی خۆیان پێنەگیرا و سکاڵای فەرماندەکەیان بردە لای پاشا. تەنانەت ئامۆژگارییەکانی سەرۆکوەزیرانەکە و ئاگادارکردنەوەی سەربازەکانیشی ڕێگرییان لەم لەشیرازەدەرچوونەی نەکردبوو.

فەرماندەکە بەتەواوی لەشیرازە دەرچووبوو. دەستی کردبوو بەوەی لە کۆشکەکەدا بە هەوەسی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. تەنانەت یاساکانی پاشا و ئاگادارکردنەوەکانی سەرۆکوەزیرانیشی نادیدە دەگرت. تەنانەت دەستیکرد بە بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلانەی ناو کۆشکەکە کەوا هی



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ـی نەبوون. ئەزیەتـی کارمەندەکانـی ژێردەستی خـۆی دەدا. دەسـتی
ـوو بەوەی وەک کۆیلـە بەکاریانبهێنێـت. خـودی پاشـاش هـەر خـۆی
اداری ئەم حاڵەی بوو. بە هـۆی هەڵەکانیانییـەوە بۆ ماوەیەکی کاتـی
انیی کـرد. هەرچییەکـی پێبەخشـیبوو لێـی سـەندەوە. فەرماندەکـە
ێک لە زیندان تەنیا مایـەوە و لـە هەمـوو شـتێک بێبـەش بـوو، بیری لـەو
انە کردەوە کـەوا لـەو ماوەیـەدا بەسـەریدا هاتبـوون. کێشـانە و پێوانەیەکی
ڵسوکەوتەکانی کـرد. لـە کۆتاییـدا هەسـتی بـە پەشـیمانییەکی گـەورە
ـرد: "وای خودایـە چیـم بـە خـۆم کـرد؟ سەرکەشـیم بەرانبـەر ئـەو زاتـە
ـرد کەوا منـی هێناوەتـە ئـەم پێگـەیـە، بەرانبـەر چاکەکانـی پاشا بێسفەتیم
ـرد"، حەیفـی بـۆ کارەکانـی خـۆی دەخـوارد. هەربۆیـە پەنـای بـردە بـەر
ەزەیی پاشـا و گوتـی "ئیـدی گوڕایەڵـی یاسـاکان دەکـەم، ماڵـی کـەس
داگیـر ناکـەم. لەمـەودوا بەجوانـی مامەڵـە لەگـەڵ سـەربازەکانم دەکـەم.
گوێڕایەڵیی ئامۆژگارییەکانی سەرۆکوەزیرانیش دەکەم، لێم خۆش ببـن!".
داوای لـە سـەرۆک وەزیـران کـرد کـەوا شـەفاعەتی بـۆ بـکات. سـوڵتانیش
کـەوا خوازیـاری ئـەوە بـوو فەرمانده‌کـە بـۆ ماوەیەکـی تـر بخاتـە ژێـر
تاقیکردنەوە، ئازادی کرد. سـەرلەنوێ دەسـەڵاتەکانی پێداوە، مۆڵەتـی پێدا
هەتا بەڵێنەکانی بباتـە سـەر. چونکـە ئـەوی خۆشدەویسـت. هەربۆیـە لەسـەر
چاکەکانـی بـەردەوام بـوو.

فەرماندەکە ئەمجارەیان زۆر بـە وریاییـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ ئەرکەکانی
دەکرد. گوێی لـە ئامۆژگارییەکانـی وەزیرەکـە گـرت. بـەڵام دوای ئـەوەی
ماوەیەک تێپەڕی، دیسـان هـار بوویـەوە. بـە ماسـتاوی یەکێـک لـە سـەربازە
سەرکەشەکانی فریـوی خـوارد. سـەرلەنوێ بیری لـەوە دەکـردەوە کـەوا خـۆی

بە تەواوی هێز و دەسەڵاتەکەی بەدەستهێناوە. سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە بێسفەتی نواندن و گوتی "جلەکانم جوان نین، موچەکەشم کەمە، بەشی ئەوە ناکات کەمێک بەخۆشی بژیم، وەکو پێویست بەئاسودەیی ناژیم".

ئەم سکاڵایانەش بە گوێی پاشا گەشتنەوە. تەواوی خەڵکەکەی لە باخچەی کۆشکەکەدا کۆکردەوە. لەبەردەم هەموو خەڵکدا پێی گوت:

"ئەی ئەو ئادەمیزەدەی کەوا بە هیچ شتێک ڕازی نییت! من پۆستی فەرماندەی گشتیم بە تۆ داوە. نزیکی ٤٠٠ هەزار سەربازم خستۆتە ژێر فەرمانڕەوایی تۆوە. تۆم لە یەکێک لە باڵاترین پێگەکانی دەسەڵاتەکەم داناوە. هێشتا لە حاڵی خۆت ڕازی نییت. سەیرکە یەک دونیا مرۆڤ لە خوار تۆوە دەژین. وێڕای ئەوەی بەم شێوەیەیت، تۆ دیسان شوکرانەبژێری حاڵی خۆت نییت. بەردەوام سکاڵا دەکەیت. بۆ دواجار مۆڵەتی ئەوەت پێدەدەم هەرچییەک دەیخوازیت لە باخچەی کۆشکەکەدا ئەنجامی بدەیت. ئایا داخوازییەکانت بەختەوەرت دەکەن؟ دەتوانیت بەئارەزووی خۆت دەسەڵاتەکانی ناو سەڵتەنەتەکەم بەکاربهێنیت".

لە گۆشەیەکی کۆشکەکەدا سێدارەیەکی هەڵخست، لە گۆشەیەکی تریدا خوانی میوانداریی ڕاخست. فەرماندەکەش لە دوای بیستنی قسەکانی پاشا زۆر دڵخۆش بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی "ئیدی بە هەوەسی خۆم یاساکان جێبەجێ دەکەم، ئارەزووی هەرچییەک بکەم چێژی لێدەبەم". سەیری ئەو خوانەی کرد کەوا لە باخچەکەدا بۆی ڕازێندرابوویەوە. یەک دونیا خزمەتکار لەوێ چاوەڕێیان دەکرد. پاشاکەش: "تەواوی ئەو شتانەی دەیانبینی بە تۆم بەخشیوە. بەئارەزووی خۆت چێژیان لێ ببینە، بەلام

جارێکی تر سکاڵات لێ نەبیستمەوە". لە هەمان کاتدا پەتی سێدارەکەشی پیشاندا.

"ئیدی فەرماندەی گشتی ئازاد بکەن! با بە هەوەسی خۆی ڕاببوێرێت، ئەو یاسایانەش جێبەجێ نەکات کەوا سکاڵایان لەدەست دەکات. بەڵام لە کۆتایی ئەم ڕابواردنە بێسنورەدا لەسێدارە دەدرێت".

فەرماندەکەش کەوا تاکە خەمی ڕابواردن بوو، سەرەتا زۆر خۆشحاڵ بوو: "بەڵام ئایا ماوەی چەندێک لە نێو ئەم خۆشیانەدا دەمێنمەوە؟"، بەم شێوەیە پرسیاری لە خۆی کرد. کارمەندەکانی کۆشکیش پێیان گوت: "ڕەنگە پاش کەمێکی تر، یان ڕەنگە پاش حەفتا ڕۆژی تر لە سێدارە بدرێیت. پاشامان بڕیاری لەسەر ئەو کاتە دەدات کەوا دەتوانیت تێیدا ڕاببوێریت".

فەرماندەکەش کەوا سەیری پەتی سێدارەکەی کرد زۆر بێتاقەت بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی "دەی چەندە ڕاشببوێرم هەر لە سێدارە دەدرێم"، کەیفی نەما. لە باخچەی کۆشکەکەدا بەرەڵا کرا. لە پڕێکدا خۆی لە نێو خۆشییەکانی ناو باخچەکەدا بینییەوە. بەڵام بەردەوام چاوی لەسەر سێدارەکەی پاشا بوو. خواردنەکان لە قوڕگی دەگیران. لە دڵی خۆیدا گوتی "گەر ئەو سێدارەیە نەبووایە، تێر تێر ڕامدەبوارد". کارمەندەکانی کۆشک، ژێری سێدارەکەیان بە ئاڵتون و ئاوریشم و زیو ڕازاندەوە". گوتیان: "ڕەنگە حەزت لە سێدارەیەکی پڕ باقوبریق بێت، بەڵام هەرگیز هیوا بەوە نەخوازیت کەوا سێدارەکە لاببەین".

خوانی ڕازاوە، خزمەتکار و جارییەکان، ژەنیارانی میوزیک، ویستیان کەشێکی خۆشی بۆ دروست بکەن. بەڵام ئەو بەردەوام چاوی لەسەر پەتی سێدارەکە بوو. بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیگوت "ڕەنگە پاش کەمێکی تر لە سێدارە بدرێم، ئەگەر هەیە هەموو ساتێک پەتی سێدارە لە ملم بکەن" بەم شێوەیە خۆشی لە ڕابواردنەکانی چواردەوری نەدەبینی. ئیدی چێژی لەو شتانە نەدەبرد کەوا تامی دەکردن. لەم کاتەدا سەرۆکوەزیرانەکە هاتە لایەوە. بەزەیی بە حاڵی فەرماندەکەدا هاتەوە:

"فریو نەخۆی بە ئارەزووی نەفست کەوا حەزی لە ژیانی بێپاساییە. کاتی لەسێدارەدانت دیاریکراو نییە. لەبەردەمتدا گەر حەفتا ڕۆژ یان زیاتریش هەبێت، ئەم کاتە هەر زوو تێدەپەڕێت، بەڵام لە کۆتاییدا لە سێدارە دەدرێیت. وەرە و هەتا کاتت لەبەردەمدا ماوە، داوای لێبوردن لە پاشا بکە و واز لەم ڕابواردنانە بهێنە. بگەڕێرەوە بۆ ئەرکەکەت، گوێڕایەڵی یاساکان ببە، ئەرکی فەرماندەیی خۆت بەجێبگەیەنە. هەڵە مەکە و داوای لێخۆشبوون لە پاشا بکە". فەرماندەکەش کەوا ئەقڵی هاتەوە سەرخۆی، دەستی لەو ڕابواردنانە هەڵگرت کەوا خۆی هەر نەیدەتوانی چێژیان لێوەربگرێت. چووییە حزووری پاشا و داوای لێبوردنی لێکرد.

کاتێک پاشا ئەوەی بینی لە ناخییەوە پەشیمان بووەتەوە، لێی خۆشبوو. لە ڕاستیشدا پێشتریش چەندین جاری تر لێی خۆشبووبوو. ئاماژەی بۆ سەرۆکوەزیرانەکەی کرد کەوا کتێبی یاسانامەکانی لەدەستدا بوو و گوتی: "ئەی فەرماندە! گەر ئەو یاسایانە جێبەجێ بکەیت کەوا لە کتێبەکەی ناو دەستی سەرۆکوەزیراندایە و بەتەواوی گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی ببیت لێت خۆش دەبم".

ئەو پاشایەک بوو کەوا بەرانبەر خەڵکەکەی خۆی زۆر خاوەن بەزەیی بوو، بە خۆشەویستییەوە سەڵتەنەتەکەی بەڕێوە دەبرد. لە دوای ئەم ڕووداوە بە خەڵکەکەی گوت:

"گەر بەدرێژایی ماوەی فەرمانداەبوونت تاقیکردنەوەکە ببەیتەوە، ئەمجاریان پەتی سێدارەکە دەکەم بە سوارییەک کەوا سواری ببیت. کاتێک ئەرکەکەت تەواو بوو، دەتنێرم بۆ شوێنێکی تری سەڵتەنەتەکەم و پاداشتت دەکەم. دەسەڵاتی من بێکۆتایە. تۆ نازانیت ئەو شوێنە چۆنییە، لەو مەملەکەتە هەموو جۆرە نیعمەت و چەشێک هەیە. ئەو شتانەی لێرە دیانبینیت تەنیا نمونەیەکی ئەوێن، تەنیا سەرۆکوەزیرانەکەشم بەرفراوانیی موڵکەکەمی بینیوە. بەجوانی گوێ لە ئاگادارکردنەوەکانی ئەو بگرە!"

فەرماندەکەش بە هۆی ئەو هەموو لوتفەوە زۆر سوپاسی پاشای کرد و گوتی"جارێکی تر هەڵەی وەها ناکەمەوە، هەموو یاساکانی کتێبەکە دەرخدەکەم و جارێکی تر لەو یاسایانە ناچمە دەرەوە"، بەم شێوەیە بەڵێنی بە پاشاکە دا. دواتر بە وریاییەوە دەستی بە ئەرکەکەی خۆی کردەوە.

ئەو زاتەش کەوا موڵکێکی بەرفراوانی هەبوو، بە گوێڕایەڵیکردنی فەرماندەکە خۆشحاڵ بوو، بە هۆی سەرکەوتنەکانی لە ئەرکەکەیدا مووچەکەبی و چاکەکانی بەسەرییەوە زیاد کرد. فەرماندەکەش کەوا هەموو ساتێک هەستی بە بەزەیی بێکۆتای پاشاکە دەکرد گوتی "خۆشەویستیی تۆ بۆ من بەسە، گەر لە بەرانبەر خزمەتەکانمدا پاداشتیشم نەکەیت من هەر لە ئەرکی خۆم بەردەوام دەبم". بەم شێوەیە ڕێزی لە

سوڵتان دەگرت، بە هۆی چاکەکانییەوە شوکرانەبژێریی دەکرد. پاشاکەش: "لە سەڵتەنەتەکەی مندا هەموو خزمەتێک پاداشتی خۆی وەردەگرێت" بەم هۆیەوە موڵکێکی زۆری پێبەخشی و بەتەواوی لێی خۆش بوو.

*** 



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## یانسیب

ئاواره فەرمانبەری یەکێک لە بانکەکان بوو، بەڵام کارێکی تریشی گرتبووە دەست، یارییەکانی شانس! بەردەوام لە کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنەوە سەیری بەرنامەکانی پێشبڕکێی دەکرد. ئیدی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی پێوە دەکردن و وەک پێشبڕکێکەرێک بەشداریی تێیاندا دەکرد.

ئاوارە هەموو مانگێک بلیتێکی یانسیبی دەکڕی، بە شێوەیەکی زۆر جوان لە جزدانەکەیدا هەڵیدەگرت. هەموو هەفتەیەک پێشبڕکێی لۆتۆی دەکرد، هەرگیز گرەوی لەسەر پێشبڕکێی ئەسپسواری لەکیس نەدەچوو! هەربۆیە زۆر بەجوانی وەچەی ئەسپەکانی دەزانی. بۆ ئەوەی پێشبینی شەش ئەسپی براوەی ناو پێشبڕکێکان بکات، زانیاریی وەهای دەستخستبوو هەر مەپرسە!

وێڕای ئەوەی بەردەوام گرەوی لەسەر یارییەکانی شانس دەکرد، بەڵام هێشتا شانس بە ڕوویەوە پێنەکەنیبوو. ئاوارەش هیچ کاتێک بەمە دڵی تەنگ نەدەبوو، دڵنیا بوو لەوەی ڕۆژێک هەر دێت کەوا شانس بە ڕووی ئەویشدا پێبکەنێت. گوایا زۆر دەوڵەمەند دەبوو! تەنیا یەکێک لەم خەیاڵانەی لەو تێکدەدا: زەهرای هاوسەری. هاوژینەکەی بەردەوام دەیگوت: "ئەو پارەیە بژێوی منداڵەکانتە، تۆ لە دوای ئەگەری یەک

لەسەر ملیۆن ڕادەکەیت. بە بەلاش ڕۆزی منداڵەکانت بەفیڕۆ دەدەیت!".
هەندێک جار زەهراش بە قسەکانی مێردەکەی فریوی دەخوارد و دەیگوت:
"ئەی ئەگەر سەریگرت؟ زۆر دەوڵەمەند دەبین"، وەهاش نەبوو قەت بیری
لێ نەکاتەوە.

ڕۆژێکیان هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بەشداری لە بەرنامەیەکی
پێشبڕکێدا بکەن کەوا دیاریی گرانبەهای وەک ئۆتۆمبیل و خانووشی
تێدا دەردەچوو. تۆبڵێی ئەمجارە شانس بە ڕوویانەوە پێکەنیبێت؟ هەموو
دراوسێ و خزمەکانیان لە ماڵەکەیان کۆبوونەوە. پاش کەمێک
پرۆگرامەکە دەستی پێدەکرد. دڵی هەموویان لەسەر هەزار لێیدەدا. لەم
پرۆگرامەدا تەلەڤیزیۆن، بەفرگر، گسکی کارەبایی دەبەخشرایەوە. گەر
پێشکەشکارەکە بیویستایە خانوو و ئۆتۆمبیلیشی دەبەخشییەوە.

کاک مەردانی دراوسێیان گوتی: "پشتیوان بە خودا ئۆتۆمبیلەکەتان
بۆ دەردەچێت". ئایفەری دراوسێی تەنیشتیشیان پرسی: "ئۆتۆمبیلەکە
دەکەن بە ناوی کێوە ؟". هەر میوانێک دەهاتە ماڵەکەوە ئیرەیی بە
زەهرا خان دەبرد. زەهرا خان لە وەڵامدا گوتی: "بێگومان بە ناوی
منەوە دەبێت". ئاوارەش بەرپەرچی دایەوە و گوتی: "نابێت". "تۆ
نەبووی ڕازی نەدەبووی بەوەی بەشداری پێشبڕکێکە بکەم، لەبەرچی
ئۆتۆمبیلەکە بە ناوی تۆوە بکەم؟"، بە مۆڕەوە سەیری هاوژینەکەی
کرد. هێشتا ئۆتۆمبیلەکەیان نەبردبوویەوە، خێزانەکە بەیەکدا هەڵپڕژابوون.
باوکی ئاوارەش گوتی "خوا بکات ئۆتۆمبیلەکە وەربگرن، ئەو کاتە لە
نێوان خۆتاندا بەشی بکەن" بەم شێوەیە ناوبژی لە نێوانیاندا کرد، ڕێگری
کرد لەوەی شەڕ لە نێوانیاندا هەڵبگیرسێت. هەیەجان چاخواردنەوەشی

ەبیری هەموو لایەک بردبوویەوە. ئەو چایانەی زەهرا خان هێنابوونی، ەبەردەم میوانەکاندا دانرابوون. هەموو کەسێک چاوەڕێی تەواوبوونی ڕێکلامەکانی دەکرد. ڕێکلامەکانیش تەواوبوونیان بۆ نەبوو. هەموویان ئارامیان لێ بڕابوو.

هەموو کەسێک هەناسەی سواربووە و چاوەڕێی لێدانی زەنگی تەلەفۆنەکەیان دەکرد. لە کۆتاییدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. تەنانەت ئاوارە ئەوەی لەبیرنەکرد کە ناوی خودا بهێنێت ئینجا تەلەفۆنەکە هەڵبگرێت. دایکیشی نزای دەکرد و بەوانەی تەنیشتی دەگوت: "پشتیوان بە خودا ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ دەردەچێت!". لە ناخییەوە هەستی بە شانازی دەکرد کەوا کوڕەکەی هەلی بەشداریکردنی لە پێشبڕکێیەکی لەو شێوەیەدا بەدەستهێناوە.

ئاوارە کاتێک بە "بەڵێ" وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە، خەریک بوو دڵی دەهاتە دەرەوە. پاش کەمێک، هەیەجانەکەی کەمێک هێواشتر بوویەوە. ئاوارە لە تەلەفۆنەکەدا هەموو خێزانەکەیانی پێ ناساندن. ئێستا حەفتا ملیۆن بینەر سەیری ئەوانی دەکرد. هەرچی لەوماڵەدا بوو لە خۆشیاندا خەریک بوو دەفڕین.

ئاوارە لەم کاتەدا کەوا هێندە لە خەونەکەی نزیک بووبوویەوە نەیدەویست ئەم هەلەی لەدەست دەربچێت، لە پێشکەشکارەکە دەپاڕایەوە. دەستی کرد بە کروزانەوە و دەیگوت "لە حاڵێکی زۆر سەختدام، کارمەندێکی هەژارم، یارمەتیم بدەن" بەم شێوەیە دەیویست بەزەییان پێیدا بێتەوە. بەردەوام بە شانوباڵی پێشکەشکارەکەیدا هەڵدەدا، بۆ ئەوەی دیارییەکە

بەدەستبهێنێت، هەموو ڕێگەیەکی تاقیدەکردەوە. پێشکەشکارەکەش کەوا لە ژێر کاریگەریی ئەم پەسنانەی ئاوارەدا مایەوە، هەندێک یارمەتیی دا. لە ئێستادا دڵی ئاوارە زیاتر بە پەلە لێیدەدا. پێشکەشکارەکە داوای ئەوەی کرد کە هاوژینەکەی ئاوارە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. هەوڵی دا قسەی لەگەڵدا بکات و بیروڕاکانی بخوێنێتەوە. کەمێکیش ژنی ماڵەکە پاڕایەوە و بە پێشکەشکارەکەی دەگوت "توخوا تۆزێک یارمەتیمان بدە". پێشکەشکارەکەش کەوا دڵی بەم پاڕانەوانەیان خۆش بوو، ئەگەری بردنەوەکەی زیاتر کردن. ئێستا شانسی بردنەوەیان لە ٪٥٠ بوو.

ئاوارە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەوە یەکەم جاری بوو هێندە هەیەجان گرتبێتی. لە خەڵاتە گەورەکە زۆر نزیک بووبوویەوە. کەمێک زیاتر پاڕایەوە، پێشکەشکارەکەش کەوا ئینسافی جوڵابوو، کارتی خەڵاتەکەی بەرز کردەوە. بەڵام کاتێک دەنگی "ئاااا" لە میوانەکانی ناو ستۆدیۆوە بەرز بوویەوە، ئەویش سەری سوڕما. چونکە لە جیاتی ئۆتۆمبیل، کاک ئاوارە تەنیا بەفرگرێکی بۆ دەرچوو بوو!

ماڵەکە خەم دایگرتن. هەموویان لە شوێنی خۆیاندا تلیسابوونەوە. ئاوارە هەر هێندەی پێگوترا کە بڵێت: "سوپاستان دەکەم، دەستان خۆش بێت". هەموو گیانی لە ئارەق نیشتبوو، کراسەکەی بەری لە ئارەقدا خوسابوو. تەنانەت تەلەفۆنەکەشی بۆ دانەدەخرایەوە. زەهراش لە هەمووان زیاتر خەفەتی خوارد. دەستی بە گریان کرد و گوتی "غەدری لێکردین". ئیدی هەرکەسە و لای خۆیەوە قسەیەکی دەکرد. هەموویان پێشکەشکارەکەیان تاوانبار دەکرد. ئاوارە خەریک بوو دەبووڕایەوە، بەڵام کەس بایەخی پێنەدەدا. هەمووان بیریان لەو خەڵاتە گەورەیە دەکردەوە کەوا لەکیسیان چووبوو.

تەنانەت ئەو کاتەی ئاوارە لەسەر هەڵگرەکە دەگوازرایەوە، هێشتا پڕ لە
ڵپەی بردنەوە بوو. دەبوو بەردەوام بێت. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمە
کەم جار بوو، دەبێت شانس بە ڕوومەوە پێبکەنێت". گەشتنە نەخۆشخانە.
یشکەکە دوای ئەنجامدانی پشکنین گوتی: "توشی سنگەکوژێ بووە،
شترە ماوەی هەفتەیەک لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە و لە ژێر چاودێریدا
یت". ئاوارەیان لە بەشی بوژانەوەی دڵ خەواند.

ژوورەکانی نەخۆشخانەکە دووکەسی بوون. ئاوارە هێشتا ئاگای لەوە
نەبوو کە بردراوەتە چی شوێنێک و بەجددی وەرینەدەگرت. هێشتا خەیاڵی
لای ئەو ئۆتۆمبیلە بوو کەوا لە پێشبڕکێکەدا لەدەستی دابوو. ئەم دۆڕانە
تەماحی ئەوی زیاتر کردبوو. دواتر بیری بلیتەکانی لۆتۆ و یانسیبەکەی
کەوتەوە کە ئەو هەفتەیە کڕیبوونی. ڕەنگە ئەمجارەیان شانس بە ڕوویەوە
پێبکەنێت. کاتێک بەم هەستانەوە دەتلایەوە، چاوی کەوتە سەر هاوڕێی
ژوورەکەی. لەگەڵ پیاوێکی بەساڵاچوو لە هەمان ژوور دانرابوون. ئەم
پیاوە نورانییە، لە شوێنی خۆی بە دانیشتنانەوە نوێژەکانی دەکرد و
هیچ قسەیەکی نەدەکرد. جار جار سەیری نەخۆشە تازەکەی ژوورەکەیی
دەکرد و بزەیەکی دەکرد. چونکە ئاوارە لە کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنەکەوە
سەیری ڕاکێشانی تیروپشکی یانسیبەکەی دەکرد. تەنانەت تەلەفۆنی بۆ
ماڵەوەیان دەکرد و ژمارەی سەر بلیتەکانی لێ پرسین. دواتر بەراوردی
دەکردن بەو ژمارانەی لە تیروپشکەکەدا دەردەچوون. کەمێک جەوی
تێکچوو. "سەیری ئەو ناوچەوانە ناکەیت، بۆ ژمارە سێ دەرچوو"، پیرە
پیاوەکە دیسان سەیری کردەوە و پێکەنی. ئاوارە لە نێو خەفەتی ئەوەدا
بوو کە دیسان بۆی دەرنەچوو.

بەڵام وەڕز نەدەبوو و کۆڵی نەدەدا. تەنانەت یاریدەدەرەکەی خۆی نارد بۆ ئەوەی بلیتی پێشبینیکردنی براوەی پێشبڕکێی ئەسپسواریی بۆ بکڕێت. "زوو بۆم بهێنە، تەنانەت گەر خەوتبووشم بیخە ژوورسەرم. گەر مێشکم ئیش بکات هەر شەشی دەزانم".

ڕۆژی دواتر کاتێک پزیشکی سەردانکەر بلیتەکانی ئەسپسواریی بینی زۆر تووڕە بوو، "ئێمە نەمانگوت هەیەجان قەدەغەیە!" و بەم شێوەیە ناچاری کرد فڕێی بداتە تەنەکەی خۆڵەکەوە. پاشان ئاگاداری کردەوە و گوتی "زۆر خۆت توشی هەیەجان مەکە، ئەگینا جەڵتەی دڵ لێت دەدات". ئاوارە دوای ئەوەی پزیشکەکە ڕۆشت، بەناچاری سەیری تەنەکەی خۆڵەکەی کردەوە. دواتر وازی لە سەیرکردنی پێشبڕکێی ئەسپسواری هێنا. دیسان تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەی کردەوە. پرسیاری ژمارەی ئەو بلیتانەی لێکرد کەوا لە نێو جزدانەکەیدا بوون. زوو زوو ئاگاداری دەکردەوە کەوا بەخێرایی بۆی بنێرێت.

ئێوارە کاتێک لە تەلەڤیزیۆن تیروپشکی ژمارە براوەکان دەکرا، ئاوارە دیسان هەیەجان گرتییەوە. کاتێک یەک، دوو، سێ، پێنج ژمارەی دەیگرت، لە نێو هەیەجاندا دەمایەوە. ئارەقی دەردابوو. دیسان شانس یاوەری نەبوو، ئەمجارەشیان بە تەنیا ژمارەیەک بلیتەکەی سوتا. بەم دواییانە زۆر لە ژمارە دەرچووەکان نزیک دەبوویەوە، بەڵام دیسان خەڵاتەکەی بۆ دەرنەدەچوو.

لەم کاتەدا پیرە پیاوەکەی ژوورەکەی پێکەنینی بە حاڵی ئاوارە دەهات.. ئاوارەش هیوابڕاو و بێحاڵ بوو. خەریک بوو دەبوورایەوە. پیاوە

ئامارەکەش کاتێک بەو حاڵەوە بینی دەستی بە زەنگی سەر دیوارەکەدا
نا و هاواری "خانمی سیستەر"ی کرد. دیسان پزیشکەکەی بەیانی هاتەوە
کەوا لەو ڕۆژەدا ئێشکگر بوو. پشکنینێکی بۆ قاڵبی سەری ئاوارە کرد
کەوا بورابوویەوە. لەو کاتەدا لە دەستی نەخۆشەکەدا ژمارە نوسراوەکانی
سەر پارچە کاغەزەکەی بینی. بەخەفەتەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی "لەم
نەخۆشییە ڕزگاری نابێت!"، پاشان سەیرێکی پیرەپیاوەکەی کرد و گوتی:
"ئەم نەخۆشە ژیانی خۆی وەک یانسیب لێکردووە، ئێمە وەک
کۆمەڵگاش زۆر حەزمان لەوەیە بێئیشکردن پارەی مفتمان دەستبکەوێت".
پیرەپیاوەکە چەشنی ئەوەی سەیری دوور بکات، دیسان پێکەنییەوە.

پیرە پیاوەکە لە بەرەبەیاندا کاتێک بە دانیشتنانەوە نوێژی دەکرد،
ئاگای لە ئاوارە بوو کەوا هاتەوە سەر خۆی. ئاوارە چاوەکانی کردبوویەوە.
پیرەپیاوەکە سەیرێکی کرد و گوتی: "کوڕم بەو تیروپشکانە هەیەجان دەتگرێت
کەوا ئەگەری دەرچوونیان یەک لەسەر ملیۆنە. لە کاتێکدا ئەگەرێکی زۆر
لاوازە یانسیب و گرەو لەسەر پێشبڕکێی ئەسپسواری ببەیتەوە. با من باسی
پێشبڕکێیەکت بۆ بکەم کە ئەگەری بردنەوەی سەد لە سەدە، تۆ بەشداری
لەو پێشبڕکێیەدا بکە". ئاوارە دیسان هەیەجان گرتی، دەبوو پێشبڕکێیەک
بباتەوە. حەزی کرد ڕوومەتی ئەو پیرەپیاوە ماچ بکات کە یەکەم جاری
بوو قسەی لەگەڵدا دەکرد. بەگوێرەی قسەکانی پیرەپیاوەکە ڕەنگە ئەمجارە
شانس بە ڕووی ئەویشەوە پێبکەنییایە. "چییە ئەو پێشبڕکێیە مامە گیان؟"
لە خۆشییاندا خەریک بوو هەڵدەپەڕی.

پیرەپیاوەکە کەوا هاوڕێی ژوورەکەی بوو دەستی بەقسەکردن کرد:

"لە ٢٤ کاتژمێری ڕۆژەکەت تەنیا یەک کاتژمێریان بۆ نوێژکردن تەرخان بکە. ئەو خودایەی کەوا هەموو گەردوونی ئافراندووە و تۆی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون و هەردەم بەڵێنی خۆیشی دەپارێزێت، کاتێک بوونی بە ئێمە بەخشیوە پێمانی فەرمووە" گەر ڕۆژانە یەک کاتژمێری خۆتان بۆ من تەرخان بکەن، بەڵێنی بەهەشتتان پێدەدەم". خۆ ناشێت باوەڕت بە بەڵێنی پەروەردگارت نەبێت، لە کاتێکدا باوەڕت بە ئەگەری یەک لەسەر ملیۆنی ناو یارییەکانی شانس هەیە؟".

ئاوارەش کەوا بە قسەکانی پیرەپیاوەکە سەراسیمە بووبوو: "مامەگیان وامزانی باسی شتێکی گرنگ دەکەیت"، بەم شێوەیە نائومێدبوونی خۆی لە قسەکانی دەربڕی. ئاوارە کەوا لەو کاتەدا بەتەواوی عەوداڵی بردنەوە و یارییەکانی شانس بوو، لە حاڵێکی تەندروستیی وەهادا نەبوو کەوا هەڵسەنگاندن بۆ قسەکانی پیرەپیاوەکە بکات. پیرەپیاوەکە دیسان ئاوڕی لە ئاوارە دایەوە و بە ئارامگرییەوە دەستی بە باسکردنی ئەو شتانە کردەوە کە دەیزانین:

"تۆ وەها دەزانی ژیانی ئەولا زۆر دوورە لە تۆوە؟ ئەو ئێوارەیەی سنگەکوژێ گرتبوویی و تۆیان هێنایە نەخۆشخانە و ڕۆژی دوێنێش، چوونی تۆ بۆ ئەو دونیا لە ئان و ساتدا بوو. سەیرکە ئەوە دیار نییە کەوا دڵی منیش کەی دەوەستێت. ڕەنگە هەر ئێستا بوەستێت و دونیا بەجێبهێڵم. کوڕەکەم تۆ باوەڕت بە بەڵێنی پەروەردگارت هەبێت، ئەو بەڵێنی بەهەشتی پێداویت. بەڵێنەکانی ئەویش سەد لە سەد مسۆگەرن. پارەی خۆت دەخەیتە ناو یارییەکانی یانسیبەوە، لە کاتێکدا خودا پارەشی لێت ناوێت. ئەمە لە کاتێکدایە بەڵێنی ئەو یەکلاکراوەیە. تەنیا یەک



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کاتژمێری ژیانت بەو شێوەیە خەرج بکە کە ئەو دەیەوێت. ئەگەری بردنەوەت زۆر بەرزە. پاداشتی ئەو لە ڕەگەزی پارەش نیە. چونکە ئەو بەڵێنی ژیانێکی ئەبەدیت پێدەدات کە تێیدا پێویستت بە پارە نییە. ئایا ئەمە بەڵێنێکی کەمە؟".

ئاوارە زۆر ماندوو بوو. لە ناخەوە حەقی بە قسەی پیرەپیاوەکە دەدا، چونکە کردارەکانی ڕاستیی قسەکانیان دەسەلماند. بەڵام بەزاندنی نەفسی بەو ئاسانییە کاری نەکردە بوو. بەڵام لاوازییەکانی بەسەریدا زاڵ بوون و لە وەڵامی ئامۆژگاریەکانی پیرەپیاوەکەدا بە تووڕەییەوە گوتی: "بە من چی بەختەوەرییەک کە لە ئێستادا نەبێت...". دواتر کەمێک بیری کردەوە و خەوی لێکەوت.

بیری نەمابوو چەندە کات تێپەڕیوە. بە دەنگی گریان بێدار بوویەوە. لە ژوورەکەیدا کۆمەڵە مرۆڤێکی جیاواز کۆببووبوونەوە. ئیدی تێگەشت لەوەی ئەمانە کەسانی نزیکی هاوڕێی ژوورەکەینی. پزیشکەکان بە شڵەژاوییەوە خەریکی ڕاکەڕاک بوون. لە گریان و قسەکانەوە لەوە تێگەشت کە هاوڕێی ژوورەکەی مردووە. دەبوو پیرەپیاوەکە ببەن بۆ مەیتخانە. نزیکی نیوەڕۆ بووبوونەوە. لە دواوە سەیری پیرەپیاوی هاوڕێی ژوورەکەیی دەکرد. "داماوە مرد. وای چەندە زوو بوو. هەتا دوێنێش نوێژی بەیانی دەکرد و قسەمان دەکرد".

منداڵەکانی پیرەپیاوەکەش دەگریان و دەیانگوت "هەتا دوێنێش لێرە بوویت، باوکە باوکە!" دەگریان و هاواریان دەکرد. ئاوارە لە شوێنی خۆیەوە گوتی: "پیرەپیاوەکە یانسیبەکەی بردەوە، مەگرین". هەوڵیدا

بەم شێوەیە دڵی کەسوکارەکانی بداتەوە. کوڕی پیرەپیاوەکە لە وشەی "یانسیب"ەوە تێگەشت لەوەی باوکی ئەم نمونەیەی بۆ ئاوارە هێناوەتەوە و پاشان بە ئارامگرییەوە گوتی: "ئیمان بریتییە لە ئیمان بە غەیب. مردن لە هەموومانەوە زۆر نزیکە. بەڵام دیسان وەک مرۆڤێک هەموومان زۆر دڵتەنگ بووین. خودا بردنەوەی ئەو "یانسیب" بە نسیبی ئێوەش بکات. ئێوەش کاتێک تەندروستیتان چاک بوویەوە، گرەو لەسەر نوێژەکانتان بکەن. خۆ بینیتان تەمەنی مرۆڤ چەندە بەخێرایی تەواو دەبێت". ئەو دوو کتێبەی بۆ ئاوارە درێژ کرد کەوا باوکی دەیخوێندنەوە. لەسەر کتێبەکان نوسرابوو "پەیامی میوە" و "پەیامی بەساڵاچووان".

دوای ڕۆشتنی ئەوان، ئاوارە یەکێک لە کتێبەکانی کردەوە و دەستی بە خوێندنەوەیان کرد. ئەو بابەتەی خوێندیەوە سەبارەت بە مردن بوو. سەرەتا بیری لە قسەکانی پیرەپیاوەکە کردەوە: "ئەو شتەی کە وەها دوور دیاربوو، چەندە نزیک بوو" بەم هۆیەوە هەیەجان گرتی. چەندین کاتژمێر بیری لە قسەکانی ناو کتێبەکە کردەوە و لە خوێندنەوەیان بەردەوام بوو. هەتا زیاتری بخوێندایەتەوە زیاتر پەردەی بێئاگایی لەسەر چاوەکانی هەڵدەگیران، ئاشنایی لەگەڵ دونیایەکی ڕاستەقینەدا پەیدا دەکرد. چەشنی ئەوە بوو پرۆگرامەکانی پێشبڕکێ و یارییەکانی شانسی هەر لەبیر نەمابێت. ئیدی بە چاوێکی ترەوە سەیری دونیای دەکرد. بیری لە ڕابردووی و ئامانجی بوونی خۆی دەکردەوە. لە دوای ئەم تێفکرینەوە تێگەشت لەوەی کە مەرگ چەندە نزیکە. ئەوەی لەدەستی چوو بوو تەنیا یانسیب و یارییەکانی شانس نەبوو، بەڵکو تەمەنی خۆی بوو.

ڕۆژەکانی نەخۆشخانەی بەم شێوەیە بردە سەر. ئاوارە زۆر گۆڕا د



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئیدی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری ژیانی دەکرد. ئیدی ڕۆژێک چوویە لای باوکی هەتا بەجوانی فێری نوێژی بکاتەوە کەوا ئەم جەژن بۆ ئەو جەژن دەیکرد. گوتی: "ئیدی گرەو لەسەر نوێژ دەکەم". باوکیشی: "تۆبە خوایە، تۆبە لەو قسەیە...". ئاوارە: "باوکە تۆ نازانیت، نوێژ سەرمایەیەکی زۆر گەورەیە کەوا لە ڕێگەیەوە بەهەشت بەدەستدەهێنین".

باوکیشی لەو کاتەدا لە دڵەوە دوعای خێری بۆ ئەو پیرەپیاوە کرد کەوا لە ڕێگەی ئامۆژگاریەکانییەوە ژیانی کوڕەکەی و خێزانەکەی گۆڕی، داوای ڕەحمەتی پەروەردگاری بۆ کرد.

*** 

# کارگەی گوڵ

لەتیفی هاوڕێی منداڵیم، وەک من لە گوندەکەمان خەریکی گوڵ بەخێوکردن بوو. بەڵام نزیکی دە ساڵێک دەبوو کەوا کۆچی بەرەو شار کردبوو. زۆر دەوڵەمەند بووبوو. لەگەڵ ئەوەی ڤێلایەکی زەبەلاحی بەرانبەر خانووە کۆنەکەی ئێمە دروست کردبوو، ئەم جەژنە بە ئۆتۆمبیلێکی گرانبەهاشەوە گەڕایەوە. دایکم هەموو کاتێک ئیرەیی پێدەبردن. بەڵام دەوڵەمەندبوونی لەتیف ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو. خۆ نەدەکرا سەروەتەکەی لەچنگ دەربهێنین. هەردەم لە دڵی خۆمەوە دەمگوت: "خودا زیاتری پێبدات".

جاری جاران ئەو زەویەی ئێمە گوڵمان لەسەر دەچاند، لە زەوییەکەی ئەوان گەورەتر بوو. لەتیف لەبەر ئەوەی بژێوی خۆیی پێ پەیدا نەدەکرا، ڕووی لە شار کرد. بەڵام ئێستا وەک کەسێکی زۆر دەوڵەمەندی لێهاتووە، بەڵام ئێمە لە ڕووی ماددییەوە لە شوێنی خۆماندا ماوینەتەوە.

لە ڕاستیدا بەخێوکردنی گوڵ کارێکی زۆر بە بڕشت بوو. دەڵێن لەتیف لە ساڵەکانی سەرەتای چوونیدا بۆ شار، گوڵی پلاستیکی فرۆشتووە، بەڵام لە پڕێکدا دەوڵەمەند بووە. دەوڵەمەندبوونەکەی لە نێو گوندەکەماندا

دەنگی دابوویەوە و هەموو کەس بە ئیرەییەوە باسیان لێوە دەکرد. دایکیشم کەوا لە نزیکەوە گوێی لەم دەنگوباسانە دەبوو، هەردەم لە من توڕە دەبوو. دەیگوت ”هێندەی لەتیفیشت تیا نابێت!“. منیش دەمگوت: ”دایکە ڕزق لای خودایە“. بەڵام وەهاش نەبووم حەزم لەوە نەبێت وەک ئەو دەوڵەمەند ببم. ئەمەش لەسەر دڵم وەک گرێکوێرەی لێهاتبوو. هەربۆیە حەزم دەکرد هۆکاری دەوڵەمەندبوونەکەی ئەوم بۆ دەربکەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی دووهەمی جەژن، چوومە سەردانی ئەو ڤێلایەی کەوا لە گوندەکەماندا بوو. سەرەڕای ئەوەی ڤێلاکەی لە بەرانبەرماڵەکەی ئێمەدا دروست کردبوو، بەڵام من هەرگیز سەردانیم نەکردبوو. ڕەنگە هەستی شاراوەی حەسودیی ناو قوڵاییەکانی دڵم ڕێگری لەم کارەم کردبێت. چونکە هەرچۆنێک بێت ئێمە جاران لەوان دەوڵەمەندتر بووین. ڕەنگە وەها هەستم کردبێت کە ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵیدا غرورم دەشکێنێت.

کاتێک لە ڤێلاکە چوومە ژوورەوە، دیکۆر و قەشەنگیی ناوەوەی حەیرانی کردم. زۆر گرانبەها بوو. وابزانم کەس لە گوندەکەی ئێمەدا لە ماڵێکی وەهادا نەدەژیا. تەنانەت دەوڵەمەندترین کەسی گوندەکەشمان توانای کڕینی کەلوپەلەکانی ناو ئەو ڤێلایەی نەبوو. لەتیف زۆر بەجوانی پێشوازی لێکردم. لەبەر ئەوەی هاوڕێی منداڵیم بوو، لە دێر زەمانەوە مەڕوا بەدڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکردم. وێڕای ئەوەی غرورێکی گەورەی هەبوو، بەڵام لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا ئەوە دیار بوو کەوا بەچاوی کەم سەیرم ناکات.

دوای ئەوەی ئەحواڵی یکترمان پرسی، گوتم ”لە شار خەریکی چیت؟“. لە وەڵامدا: ”سەڵاحەدین وەڵا کارگەیەکی گوڵم پێکەوە ناوە“.

سەرەتا تێنەگەشتم، کاتێک گوتم ''بۆ گوڵیش کارگەی هەیە؟''، بە پێکەنینەوە گوتی:

''ئەو زەویەی کارگەکەی لەسەرە ١٠ دۆنم دەبێت''. لە قسەکانییەوە لەوە تێگەشتم کەوا ئەو گوڵانەی ئێمە لە باخچەکەماندا دەمانڕواند، ئەو لە کارگەکەدا بە نایلۆن دروستی دەکردن.

ـ ئێستا ئەم گوڵانە هەناردەی هەموو بازاڕەکانی جیهان دەکەم، تەنانەت لەگەڵ وڵاتی چیندا کێبڕکێ دەکەم.

منیش بۆ ئەوەی مەراقەکەم بڕەوێتەوە پرسیم:

ـ بۆ ئەم گوڵانەی ئێوە دروست دەکەن زۆر گرانبەهان؟

ـ بەڵێ...

دوای ئەوەی کەمێک قسەی ترمان کرد، منی بانگهێشتی بینینی کارگەکەی شاری کرد. دەبوو یەکەم کاری دوای جەژنم بریتی بێت لەوەی بچمە شار و سەردانی کارگەکەی بکەم. زۆر مەراقم بوو.

لە دوای تەواوبوونی جەژن، خۆم گەیاندە شار. سواری تەکسییەک بووم. گەشتمە بەردەمی کارگەکە. لە حەیبەتاندا واقم وڕما. لە بەردەم چەندین بینای گەورەدا بووم کەوا لەسەر زەوییەکی بەرفراوان دروست کرابوون. جگە لەمانە، تابلۆیەکی زۆر زەبەلاحیش هەڵواسرابوو. لەسەر تابلۆکە نوسرابوو ''کارگەی گوڵ''. من ئەوەم دەزانی کە گوڵ لە خاکدا دەڕوێت، بەڵام هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵیشدا نەهاتبوو کەوا دەشێت لە نێو بلۆکی کۆنکریتیشدا بڕوێن. هێشتا نەچووبوومە ژوورەوە، پاسەوانەکە ڕێگەی لێ

گرتم. پرسی: "چیت دەوێت؟". منیش بە شێوەیەکی شەرمەزارانە گوتم:

"خەڵکی گوندەکەی کاک لەتیفم"، ئیدی کردمییە ژوورەوە. بیرم لەوە کردەوە: "سەیر لەوەدایە گوڵە زیندووەکانی ناو باخچەکەی ئێمە هیچ پاسەوانێکیان نییە. لای مرۆڤەکان ئەو گوڵانە بێبایەخن کەوا خودا لە خاکەوە بۆمان دەڕوێنێت، بەڵام ئەو گوڵە ساختانەیان زۆر بەلاوە گرنگترە کەوا مرۆڤەکان لە نایلۆن دروستیان کردوون". کاتێک گەشتمە بەردەم ژوورەکەی کاک لەتیف، ئەمجارەیان کۆسپی سکرتێرەکەی ڕێگریی لێکردم:

"مەوعیدتان نییە. کەمێک چاوەڕێ بکەن. هەندێک چاوپێکەوتنی تایبەت بە کاری هەیە، من هەواڵی هاتنی ئێوەم پێداوە".

نزیکی کاتژمێرێک چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی چاوم بە لەتیف بکەوێت. لە ژووری سکرتێرەکەدا خۆم وەک کەسێکی بێنرخ هاتە پێش چاو. لە پڕێکدا لەتیفەکەی خۆمان دەرکەوت. بەڕێزێکی زۆر زۆرەوە پێشوازی لێکردم. بە سکرتێرەکەی گوت: "ئەم پیاوە بەڕێزە هاوڕێی منداڵیمە".

لەتیف کاتێک گوتی: "وەرە با کارگەکەمت پێ پیشان بدەم"، وەها دیار بوو زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکات. ڕەنگە لەبەر ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەژارتر بووم، ئەو هەستەشم لەلا دروست بووبێت.

گوتی: "وەرە سەرەتا بەشی پلان و پڕۆژەکانت پێ پیشان بدەم" و ئیدی ڕێک بەرەو ئەو بەشە ڕۆشتین.

یەکەم بەش کەوا چووینە ژوورەوە، ژووری وێنەکێشان بوو. لەوێ وێنەکێشەکان وێنەی گوڵەکانیان دەکێشا.

لە بەشێکی تر نەخشونیگاریان بۆ ئەم وێنانە دروست دەکرد. چووینە بەشێکی ترەوە. لەوێ ڕەنگیان بۆ وێنە کێشراوەکان دیاری دەکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو لە کارگەی گوڵەکەی خۆماندا وێنە، ڕازاندنەوە و گونجاندنی ڕەنگەکان هەمووی لە خۆیاندا بوو. هەر هێندەی تۆوێکی بچوکمان فڕێ دەدایە ناو ئەو خاکەوە، دوای دوو مانگ گوڵەکان لەو خاکەوە سەریان دەردەهێنا. تەنانەت بەزیندوویی، بە هەزار ڕەنگ و نەخشونیگارەوە، چەشنی قوماشی بڕدراوی نێو کارگەکان. هەموو کاتێکیش تۆنی ڕەنگەکەی و بۆنەکەی وەک یەک دەرەچێت. بەڵام وەک ئەوەی لەتیف باسی لێوە دەکرد، تۆنی ڕەنگی گوڵەکانیان هەموو کاتێک وەک خۆیان دەرناچن. تەنانەت گەر کەمێکیش بێت، ڕەنگەکان لە کاتی چاپکردنیاندا جیاوازییان دەبێت.

دواتر چووینە بەشی قاڵبی کارگەکە. لێرە قاڵب بۆ ئەو وێنانە دروست دەکرا کەوا دیزاینەرەکان دروستیان دەکرد. لەتیف گوتی: "ئەم قاڵبانە زۆر گرانن، هەندێک جار ٥ هەزار، هەندێک جاریش ٢٠ هەزار دۆلاریان پێدەدەم".

من وەک ئەو کارگەیەکی وەهام نەبوو کەوا شانازیی پێوە بکەم. بەڵام منیش دەمتوانی بە کارگەی گوڵەکانی ناو باخچەکەمانەوە شانازی بکەم. هیچ کاتێک پارەمان بە قاڵبی ئەو گوڵ و داری گوڵانە نەدەدا کەوا لە باخەکەی ئێمە دەڕوان. هەموویان بەلاش بوون. هەموو ساڵێک چەشنی ئەوەی لە یەک قاڵب دەرچووبێتن، زەردەخەنەیان بە هەموو لایەکدا

لە بەشێکی تر نەخشونیگاریان بۆ ئەم وێنانە دروست دەکرد. چووینە بەشێکی ترەوە. لەوێ ڕەنگیان بۆ وێنە کێشراوەکان دیاری دەکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو لە کارگەی گوڵەکەی خۆماندا وێنە، ڕازاندنەوە و گونجاندنی ڕەنگەکان هەمووی لە خۆیاندا بوو. هەر هێندەی تۆوێکی بچوکمان فڕێ دەدایە ناو ئەو خاکەوە، دوای دوو مانگ گوڵەکان لەو خاکەوە سەریان دەردەهێنا. تەنانەت بەزیندوویی، بە هەزار ڕەنگ و نەخشونیگارەوە، چەشنی قوماشی بڕدراوی نێو کارگەکان. هەموو کاتێکیش تۆنی ڕەنگەکەی و بۆنەکەی وەک یەک دەرەچێت. بەڵام وەک ئەوەی لەتیف باسی لێوە دەکرد، تۆنی ڕەنگی گوڵەکانیان هەموو کاتێک وەک خۆیان دەرناچن. تەنانەت گەر کەمێکیش بێت، ڕەنگەکان لە کاتی چاپکردنیاندا جیاوازییان دەبێت.

دواتر چووینە بەشی قاڵبی کارگەکە. لێرە قاڵب بۆ ئەو وێنانە دروست دەکرا کەوا دیزاینەرەکان دروستیان دەکرد. لەتیف گوتی: "ئەم قاڵبانە زۆر گرانن، هەندێک جار ٥ هەزار، هەندێک جاریش ٢٠ هەزار دۆلاریان پێدەدەم".

من وەک ئەو کارگەیەکی وەهام نەبوو کەوا شانازیی پێوە بکەم. بەڵام منیش دەمتوانی بە کارگەی گوڵەکانی ناو باخچەکەمانەوە شانازی بکەم. هیچ کاتێک پارەمان بە قاڵبی ئەو گوڵ و داری گوڵانە نەدەدا کەوا لە باخەکەی ئێمە دەڕوان. هەموویان بەلاش بوون. هەموو ساڵێک چەشنی ئەوەی لە یەک قاڵب دەرچوویێتن، زەردەخەنەیان بە هەموو لایەکدا

بەخشان دەکرد. بەڵام قاڵبەکانی ئێرە گەرچی بۆ یەک جۆری گوڵ بەکاردەهاتن، بەڵام تەنیا یەک ساڵ بەرگەیان دەگرت. ساڵی داهاتوو بە ناچاری دەگۆڕان. گەر گوڵیان بە نەخشی جیاوازەوە دروست بکردایە، ئەوا دیسان دەبوو قاڵبەکانیان بگۆڕن. بەڵام کارگەکانی ناو باخچەکەی ئێمە هەم شوێنی کەمیان دەگرت، هەم پێویستیان بە قاڵب نەبوو. گەر هەزار جۆری گوڵت لە بستەخاکێکدا بچێندایە، هەریەکەیان لە ڕەگەزی خۆی دەڕوا و سەوز دەبوو.

بۆ ئەوەی چەندین جۆر گوڵ لە بستەخاکێکەوە بێتە دەرەوە، هەر بەڕاستی پێویستمان بە هەزاران دیزاینەر، بۆیاخچی، قاڵب دروستکەر و چەندین بوونەوەری ئاقڵ هەبوو. لە کاتێکدا جێبوونەوەی ئەم هەموو بوونەوەرە لە بستێک خاکدا کاری نەکردە بوو. هەر لەبەر ئەم حیکمەتەش بوو مەکینەکانی پەروەردگار کەوا گەردیلەکانن، هێندەی ئەوەی بە چاو نەبینرێن بچوک بوون. هەموویان کتومت ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەن کەوا بەسەریاندا دراوە. کاتێک بیرم لەمانە دەکردەوە کاک لەتیف گوتی:

- ئێرە ئەو بەشەیە کەوا پلاستیک دەخرێتە ناو قاڵبەکانەوە

کاتێک لەم بیرکردنەوانە هاتمە دەرەوە، چاوم بە کۆمەڵە مەکینەیەکی زەبەلاح کەوت کەوا بێوچان کاریان دەکرد. هەروەها چوورینە بەشی مۆنتاژی کارگەکە. یەکە بە یەکەی پارچەکان بەیەکەوە دەنوسێران و گوڵێکیان لێ دروست دەکرا. یاخود سەرەتا سەری گوڵەکە، دواتر گەڵاکانی و لکەکانی پێکەوە دەنوسێنران، لە بەشێکی تریش گوڵەکان دەخرانە ئینجانەوە، هەندێکیشیان بێ ئینجانە

بەخشان دەکرد. بەڵام قاڵبەکانی ئێرە گەرچی بۆ یەک جۆری گوڵ بەکاردەهاتن، بەڵام تەنیا یەک ساڵ بەرگەیان دەگرت. ساڵی داهاتوو بە ناچاری دەگۆڕان. گەر گوڵیان بە نەخشی جیاوازەوە دروست بکردایە، ئەوا دیسان دەبوو قاڵبەکانیان بگۆڕن. بەڵام کارگەکانی ناو باخچەکەی ئێمە هەم شوێنی کەمیان دەگرت، هەم پێویستیان بە قاڵب نەبوو. گەر هەزار جۆری گوڵت لە بستەخاکێکدا بچێندایە، هەریەکەیان لە ڕەگەزی خۆی دەڕوا و سەوز دەبوو.

بۆ ئەوەی چەندین جۆر گوڵ لە بستەخاکێکەوە بێتە دەرەوە، هەر بەڕاستی پێویستمان بە هەزاران دیزاینەر، بۆیاخچی، قاڵب دروستکەر و چەندین بوونەوەری ئاقڵ هەبوو. لە کاتێکدا جێبوونەوەی ئەم هەموو بوونەوەرە لە بستێک خاکدا کاری نەکردە بوو. هەر لەبەر ئەم حیکمەتەش بوو مەکینەکانی پەروەردگار کەوا گەردیلەکانن، هێندەی ئەوەی بە چاو نابینرێن بچوک بوون. هەموویان کتومت ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەن کەوا بەسەریاندا دراوە. کاتێک بیرم لەمانە دەکردەوە کاک لەتیف گوتی:

- ئێرە ئەو بەشەیە کەوا پلاستیک دەخرێتە ناو قاڵبەکانەوە

کاتێک لەم بیرکردنەوانە هاتمە دەرەوە، چاوم بە کۆمەڵە مەکینەیەکی زەبەلاح کەوت کەوا بێوچان کاریان دەکرد. هەروەها چوومە بەشی مۆنتاژی کارگەکە. یەکە بە یەکەی پارچەکان بەیەکەوە دەنوسێران و گوڵێکیان لێ دروست دەکرا. یاخود سەرەتا سەری گوڵەکە، دواتر گەڵاکانی و لکەکانی پێکەوە دەنوسێنران، لە بەشێکی تریش گوڵەکان دەخرانە ئینجانەوە. هەندێکیشیان بێ ئینجانە

دەپێچرانەوە. لە هەموو لایەکەوە کەسانێکی زۆر چنگ لەسەر شان خەریکی ڕاکەڕاک بوون.

کاتێک چووینە قاتی سەرەوە کاک لەتیف گوتی: "ئێرە بەشی ژمێریاری و فرۆشتنە". سەرم بە سەرکەوتنەکانی هاوڕێکەم دەسوڕما. بەڵام خەریک بوو نوێژەکەم دەچوو. منیش لەو کاتەدا گوتم: "خەریکە نوێژی عەسرم دەچێ، با من نوێژەکەم بکەم، خۆ شوێنی نوێژکردنتان هەیە؟". ئەوانیش ژوورێکی شێداری پەڕپوتیان پیشاندام. ئەو ژوورانەی بۆ لاسایکردنەوەی هونەرەکانی پەروەردگار بەکاریان دەهێنان چەندە گرانبەها بوون، ئەو ژوورەشی بۆ پەرستشی ئەو خودایەی هەموو شتێکی ئافراندبوو چەندە پەرێشان بوو.

دوای ئەوەی لەوێ نوێژەکەم کرد، بیرم لەوە کردەوە ئەو گوڵانەی کەوا هونەری پەروەردگارن چەند ژمارەیەکی زۆر بەو ئاسانی و هەرزانییە لە باخچەکاندا دەڕوێن. گوتم لە ڕاستیدا دەبێت حەیرانی پەروەردگارم ببم و شوکرانەبژێریی بکەم.

لە دڵی خۆمدا گوتم گەر ئەو شتانەشی پەروەردگارم ئافراندوونی چەشنی گوڵە پلاستیکییەکانی ئەم کارگەیە گرانبەها و فرەکاریی ڕێکخراوییان بویستایە، ئەوا دەبوو سێوێک، تەماتەیەک، ترێیەکمان بە چەند دینار بکڕیایە؟ خودا ژمارەیەکی زۆر لە نیعمەتەکانی خۆیمان لە خاکێکی سادەوە بۆ دەردەهێنێت و بە بەلاشیش پێمان دەدات. لە سایەی ئەم بەراوردەوە جوانتر لەوە تێگەشتم کە هونەری ئەو چەندە ناوازەیە، گەنجینە و موڵکەکانی چەندە فراوانە و پەروەردگارمان چەندە گەورەیە.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڕەنگە ئەم کارگەیە لای هەندێک لە مرۆڤەکان پڕ بایەختر بێت، بەڵام بەلای منەوە ئەو خاکە کەوا کارگەی پەروەردگارمانە گرنگترە. نە کرێکاری هەبوو نە بیمەی کۆمەڵایەتی. هەر هێندە بەس بوو تۆوەکە نرێ بدەیتە ناو خاکەکەوە و کەمێک ئاوی بدەیت و چاودێریی بکەیت. جگە لەمانە، خۆریش بە بەلاش ڕەنگی دەکردن. گوڵەکان چەشنی ئەوەی بڵێن "سەیر بکەن ئێمە هونەرەکانی پەروەردگارین" هاوار دەکەن.

لە کارگەی لەتیفدا کەوا گوڵی نایلۆنی دروست دەکرد، تابلۆیەکی گەورە هەڵواسرابوو. بەڵام خودا تابلۆی خۆی بە هیچ کام لە کارگەکانییەوە هەڵنەواسیوە. بەڵام لە هونەرەکانی ئەودا مۆرێکی وەها هەبوو، مرۆڤەکان تەنیا دەیانتوانی نمونە بێگیانەکانی ئەو هونەرانەی دروست بکەنەوە.

مرۆڤەکان چەندین ملیار پارەیان هەڵدەڕشتە سەر پارچە زەوییە گەورەکان و کارگەیان لەسەر دادەمەزراندن. بەڵام تەنیا توانای لاسایکردنەوەی ئەو هونەرانەیان هەبوو کەوا پەروەردگارمان لە بستێک خاکدا ئەنجامی دەدان.

دوای تەواوکردنی نوێژەکەم، هەتا چوومەوە لای لەتیف بەردەوام لە مێشکمدا ئەم بەراوردانەم دەکرد. لە کاتێکدا خودا لە کۆمەڵە ماددەیەکی سادە شتانێکی بەنرخ و زیندووی بەدیدەهێنا، بەڵام مرۆڤەکان لە شتانێکی گرانبەهاوە شتانێکی سادەیان بۆ دروست دەکرا. بەڵام دیسان خۆیان زۆر بە زل دەزانی. وەهایان دەزانی کە کاری زۆر گەورەیان ئەنجامداوە.

کاتێک بیرم لەمانە دەکردەوە، گەشتمە نوسینگەکەی لەتیف. لە نێو کۆمەڵە قەنەفەیەکی گرانبەهادا چایەکم خواردەوە. کاتێک گوتم: "من دەڕۆم"، وێڕای ئسوری زۆر خولقی کردم و گوتی "دەبێت میوانم بیت" قبوڵم نەکرد و گوتم:

"لەبەر ئەوەی لە نایلۆن ئەو گوڵە دروست دەکەیت کەوا خودا لە خاکێکی سادە دەیڕوێنێت لەخۆت بایی نەبیت. مزگەوتێکی جوان بۆ کارگەکەت دروست بکە. هونەرەکەی لە پاڵ هونەری ئەودا بە هیچ ئەژمار دەکرێت". بەم شێوەیە ماڵئاواییم لێ کرد.

کاتێک گەڕامەوە گوندەکەم هستم بەوە کردە کە چەندە بەختیارم. لە بەرانبەر یەک کارگەکەی ئەودا، لەسەر ٥ دۆنم زەوی سەدان کارگەی گوڵم هەبوو. دیسان دەستخۆشیم لە کارەکانی لەتیف کرد وێڕای ئەوەی گوڵی دەستکردیشی دروست دەکرد، بەڵام هەلی کاری بۆ زۆر کەس ڕەخساندبوو. نزای ئەوەم بۆ کرد کەوا هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و ئەوە لەبیر نەکات کەوا لە گوندەکەمانەوە پێگەشتووە و ببێتە بەندەیەکی چاکی پەروەردگاری.

ڕۆژی دواتر لە باخچەکەماندا دایکمم بینی، چەشنی ئەوەی بڵێت: "چیت کرد بۆم بگێڕەوە" سەیری دەکردم. باسی هەستەکانی خۆمم بۆ کرد و پاشان گوتم: "دایکە ئیرەیی بە لەتیف مەبە، گەر ئەو کارگەیەکی هەبێت، ئێمە سەدان کارگەمان هەیە" بەم شێوەیە گوڵەکان و داری گوڵەکانم پێ پیشاندا. چەشنی ئەوەی لە قسەکانم تێنەگەشتبێت سەیرێکی دەموچاوی کردم. بەردەوام بووم:

"بەڵێ دایکە، هەریەک لەمانە کارگەیەکی پەرجوئاسان. تەماحی ماڵی دونیا نەتگرێت و حەسوودییان پێ مەبە. بیر لە دەوڵەمەندییەکانی خۆمان بکەوە".



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ل ڕاستیدا هەردەم لە قەرەباڵغی شار و ڕاکەڕاکی مرۆڤەکان ترساوم. ل ژیانی گوندەکەی خۆماندا ئێمە وەک پاشایەک دەژیاین. سەرباری ئەمانەش، هونەرەکانی پەروەردگارمان دەبینی و ژیانمان چێژێکی زیاتر و دڵمەندییەکی جیاوازتری تێدا بوو. هەردەم ژیانی گوندە جوانەکەمانم بەسەر ژیانی شاردا هەڵدەبژارد. بەتایبەت دوای ئەوەی "کارگەی گوڵ"ەکەم بینی!.. دوور لە سروشت، شاریگەلێک کەوا بێئاگان لە جوانییەکانی ئافرێنراوەکان، بە ڕای من ئەو شوێنە لە خودا دووری دەخستنەوە...

*** 

# قورسایی شاخێک

لەلای باپیرم گەورە بووبووم. باپیرەم پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و ئارامگر بوو. ئەو کاتانەشی توڕە دەبوو، بێدەنگ دەبوو و هیچ قسەیەکی نەدەکرد. زۆر ئەعسابی سارد بوو. مامم و باوکم کارە قورسەکانیان بەسەر ئەودا بەجێدەهێشت. کاتێک دەیگوت: "ئەو کارە بکەن" گەر باوکم و مامم خۆیان لێبدزیایەتەوە، دواتر خۆی دەیکرد. لە کاتی کارکردندا زۆر ئارام بوو. چەندین کاتژمێر بە هێزی بازووەکانی چەشنی مەکینەیەک کاری دەکرد. هەرگیز دەمیشی نەدەکردەوە و سکاڵا لە حاڵی خۆی بکات. هەموو کات سەرم بە خۆڕاگریی باپیرم سوڕدەما. دایکی باوکیشم بەردەوام پشتگیریی لە کوڕەکانی دەکرد. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت، بەردەوام بەزەییم بە باپیرمدا دەهاتەوە. کاتێک ئیشێکی دەکرد، دەچوومە لایی و دەمگوت: "باپیرە بێنە با یارمەتیت بدەم". ئەویش پێی دەگوتم: "کوڕم ئەم کارە سەختە بە تۆ ناکرێت". هەندێک جاریش دەیگوت: "تۆش خۆتت لێ دەدزیمەوە گەر بە کەڵکی ئەم کارە بهاتیتایە". منیش هەردەم دەمگوت: "نا باپیرە من خۆم نادزمەوە، یارمەتیت دەدەم". لە وەڵامدا دەیگوت: "کوڕم لەو کارانەدا یارمەتیم بدە کە توانات هەیە، هەردەم دەچیتە ژێر بارێک کەوا پێت هەڵناگیرێت، چەشنی هەموو ئادەمیزادێک ڕەفتار دەکەیت".

ڕۆژێکیان باپیرەم داوای لە باوکم و مامم کرد کەوا پەیینی سەر
ەورەبانەکە فڕێ بدەنە دەرەوە. بەڵام ئەوان دوای بەرچایی خۆیان ون کرد.
اپیرەشم ناچار خۆی خاکەنازێکی بەدەستەوە گرت و دەستی بە کار
کرد. لە کونێکی بچوکەوە پەیینەکەی فڕێ دەدایە دەرەوە. دەبوو دواتر
ەیینەکە بخاتە سەر عەرەبانەیەک و بیگوازێتەوە بۆ کێڵگەکەمان. بەم
شێوەیە کێڵگەکەمان پەیین دەکرد. لە کێڵگەیەکدا کەوا پەیین کرابێت
بەرهەمی زیاتری دەبێت. تەنانەت گەر سەوزەش لەو کێڵگەیەدا
چێنێت، جوانتر پێدەگەشتن.

باپیرەم لە پەنجەرە بچوکەکەی هەورەبانەکەوە بە خاکەنازێکەوە
ەیینەکەی فڕێ دەدایە دەرەوە. منیش چوومە لایی و بە چواردەوریدا
ولەم دەهات. لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بڵێت: "کوڕم تۆش
اکەنازێک بگرە بەدەستەوە و با پێکەوە پەیینەکە فڕێ بدەینە دەرەوە".
ەڵام ئەو بە توڕەییەوە: "کوڕم بەس بە بەردەم ئەو خاکەنازەدا بێ و
چۆ". بەڵام من گوتم: "باپیرە با منیش یارمەتیت بدەم". ئەویش
ەمان قسەکانی جارانی پێ گوتمەوە: "تۆش خۆت دەدزییەوە گەر بە
کەلک بهاتیتایە". گوتم: "نەخێر خۆم نادزمەوە" و منیش خاکەنازێکم
ە دەستەوە گرت و چەشنی ئەو دەستم بە فڕێدانە دەرەوەی پەیینەکە کرد.
ەڵام کاتێک پەیینەکەم فڕێ دەدا، هێزم بەشی قورسایی خاکەنازەکەی
ەدەکرد. ئەو خاکەنازانەی فڕێم دەدا، زۆربەیان نەدەگەشتنە پەنجەرەکە
ەدەکەوتنەوە ژوورەوە. باپیرەم یەک دوو جار گوتی "کوڕم ئاوەها فڕێی
ەدە" و ئەوەی پیشاندام کە چۆنی ئەو کارە بکەم. هەرچیەک ئەو فڕێی
ەدا دەچوویە دەرەوە، کەمێک لەوانەی من دەچوونە دەرەوە. زۆربەیان لە

ژوورەوە دەمانەوە. باپیرەم دیسان ئاگاداری کردمەوە و گوتی: "کورم وازبێنە، هێزی ئەو کارەت نییە، ڕێک چەشنی ئادەمیزاد باوەش بە هەر کارێکدا دەکەیت کەوا پێت هەڵناگیرێت. تۆ ئەو کارانە بکە کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت".

باپیرەم هەر کاتێک ئاگاداری دەکردمەوە هەمان قسەی دەکردەوە. لە سەرەتادا وەها لەم قسەیەی تێدەگەشتم کە بڵێت: "هەر کاتێک گەورە بوویت کار بکە". یەک دووساڵێک گەورەتر بووم، بەڵام ئەو هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە. ئەوم زۆر خۆشدەویست. پیاوێکی زۆر جددی بوو، هەموو کاتێک قسەی نەدەکرد، هەربۆیە ڕۆژێکیان غیرەتم دایە بەر خۆم و پرسیاری ئەوەم لێکرد کە مەبەستی چییە. کاتێک لەلای ئەو دەبووم، بەردەوام بە بێدەنگییەوە لێی ورد دەبوومەوە. کاتێک ڕێگایەکی درێژمان دەبڕی، هەتا بە کەسێک نەگەشتایە قسەی نەدەکرد، کە بە کەسێکیش دەگەشت تەنیا سڵاوی لێدەکرد. کاتێک دەچووینە کێڵگە، چەندین کاتژمێر بە پێ دەڕۆشتین و قسەیەکیشی نەدەکرد. منیش کەیفم بەم بێدەنگییە دەهات.

بەردەوام بە دەنگە خۆشەکەی قورئانی دەخوێندەوە. دەنگێکی وەها خۆشی هەبوو... زوو زوو لەگەڵ ئەنجامدانی کارەکانیشیدا قەسیدەی دەگوتەوە. هەندێک جار حەیرانیشی دەگوت. حەیرانەکانی بەگشتی بەسەر ژیانی غوربەت، خانمگەلێکی زوڵف سیا کەوا حەسرەتی عەشقیان لێیدابوو. قەیچێکە، هیچ قسەیەکیشی نەکردایە، گوێگرتن لەو بێدەنگییەی ئەو بۆ من بەس بوو. بێدەنگیی باپیرەم جۆرێک لە قسەکردن بوو. دەیزانی ئاتاجیت بە چی شتێک هەیە. بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێم، خۆی

پرسیاری لێدەکردم: "برسیتە؟ خۆ تینوت نەبووە؟". چەشنی ئەوەی ناو دڵم بخوێنێتەوە.

ڕۆژێکیان دیسان بەتەنیا مابوویەوە. دراوسێکانی بۆ یارمەتیدانی بانگ کرد. دەبوو فەردە گەنمەکان بخەنە سەر عەرەبانەکە. لە دوای سێ کاتژمێر جیرەجیری عەرەبانەکە گەشتینە ئاشکە. هەموو کەسێک ڕێزی لە باپیرەم دەگرت. هەموویان دەیانگوت: "خاڵە حافز بەخێربێن". تەنانەت بێ ئەوەی بهێڵن باپیرەم دەست لە هیچ شتێک بدات، خۆیان کارەکانیان بۆ دەکرد. کەسانێک پێش ئێمە هاتبوون و دەیانویست گەنمەکانیان بکەن بە ئارد. ویستیان سەرەکەی خۆیان بە ئێمە بدەن. بەڵام باپیرەم قبوڵی نەکرد. چاوەڕێی ئەوەی کرد نۆبەی خۆمان بێت. دیسان لە هاڕینی گەنمەکەدا یارمەتییان داین. منیش دەمویست بە کەڵکی کارێک بێم. بەردەوام بارەشم بە فەردە گەنمەکاندا دەکرد. باپیرەم دیسان گوتی: "وازبێنە دواتر پشتت دەئێشێت. هەردەم دەچیتە ژێر ئەو بارانەی کەوا پێت هەڵناگیرێت. چەشنی ئادەمیزاد پەلاماری ئیشێک مەدە کەوا پێت هەڵناگیرێت!" دواتر شێوازی ئیشپێکردنی ئاشەکەی پیشاندام و فێری کردم.

هەردەم بەوریاییەوە نوێژەکانی دەکرد. بەڵام هەرگیز بە کەسی نەدەگوت "نوێژەکانت بکە". تەنیا خۆی نوێژی دەکرد. ئەو کاتەی نوێژی دەکرد، ئەوانەی چواردەوری شەرمیان لێدەکرد. یەکسەر دەیانگوت "خاڵە حافیز با ئێمەش بیکەین". یەکسەر لە دوای ئەوەوە ڕیزیان دەبەست. من بێ ئەوەی هیچم پێ بڵێت دەستم بە نوێژ کردبوو. لە ئاشەکەش هەمان شتی ڕوویدایەوە. بە جەماعەت نوێژەکەمان کرد. گەنمەکەمان هاڕی. بە یارمەتیی ئەوانەی لەوێ بوون کردمانە گوێنییەکانەوە. لەبەر ئەوەی

گوێنییەکان زۆر قورس بوون، دووکەس دەستیان دایە و بەو شێوەیە توانییان بیخەینە سەر عەرەبانەکە.

باپیرەم زۆر بەزەیی بەو گایانەدا دەهاتەوە کەوا عەرەبانەکەیان ڕادەکێشا. هەردەم بەباشی ئالیکی پێدەدان و تێراوی دەکردن. لە ڕێگا کاتێک هاتینەوە گوتی "کوڕم پشتی عەرەبانەکە زۆر قورس بووە، پێشەوەی زۆر سووکە". کاتێک بە هەورازێکدا سەردەکەوتین، بەشی پێشەوەی دەچوو بە ئاسماندا. گاکان خەریک بوو دەخنکان. هەربۆیە هەندێک جار لە پشتەوە عەرەبانەکەمان بەرز دەکردەوە. لە شوێنێکدا دیسان پێشی عەرەبانەکە چوویەوە بە ئاسماندا. منیش ویستم چەشنی باپیرم پشتەوەی عەرەبانەکە بەرز بکەمەوە. بەڵام لە لێژاییەکی وەهادا بووین نەمتوانی بەرزی بکەمەوە. دەستم خەریک بوو دەپچڕا. ناچار دەستم لابرد، ئەمجارەیان پەنجەی گەورەی قاچی ڕاستم بوو بە ژێر عەرەبانەکەوە. بە ئازارەوە هاوارم کرد. باپیرم ڕایکرد و پشتەوەی عەرەبانەکەی بەرز کردەوە و پەنجەی قاچم دەرهێنا. بەڵام کاتێک گۆرەویەکەم داکەند پەنجە گەورەم مۆر بووبوویەوە، نەمتوانی بڕۆم، هەربۆیە منیشی خستە سەر عەرەبانەکە. دیسان پێی گوتمەوە: "ڕێک چەشنی ئادەمیزادیت" و قسەکانی پێشووتری دووبارە کردەوە.

بە ئازارەوە گەشتمەوە ماڵەوە. دوای ئەوەی عەرەبانەکەی لە گایەکان کردەوە و خستنیە ناو ئاخوڕەکەوە، منی بردە لای ئێسکگرەوەیەک. ئێسکگرەوەکە گوتی: "شکاوی و لەجێچوونی نییە، بەڵام زۆر ئازاری پێگەشتووە". هەر بەڕاستیش سەری پەنجەکانی قاچم مۆر بووبوونەوە. ماوەی هەفتەیەک بە پەنجەی بەستراوەوە لە ماڵەوە کەوتم. لەلای

ێسکگرەوەکە باپیرەم گوتی: "ئەم کوڕەم چەشنی ئادەمیزادە، هەردەم
دەچێتە ژێر ئەو بارانەی کەوا پێی هەڵناگیرێت". هەردەم مەراقی ئەوە
ێی دابووم کە مەبەستی لەو قسەیەی چییە.

کاتێک لە شار خوێندنی دواناوەندیم دەخوێند، پێشبڕکێیەک لە نیوان
خوێندنگەکان ڕێکخرابوو. هەواڵم بۆ گوندەکەمان نارد. باپیرەم و تەواوی
ئەندامانی خێزانەکەمانم بانگهێشت کرد. بەتایبەتی دەمویست باپیرەم من
ببینێت. ئامانجم ئەوە بوو کە سەرکەوتنەکانی خۆمی پیشان بدەم. من
ئەندامێژی گروپە سێ کەسییەکەی خوێندنگەکەمان بووم.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشبڕکێکە هاتە پێشەوە. کاتێک چوومە ناو
هۆڵی پێشبڕکێکەوە، باپیرەمم بینی کەوا لە نێو میوانەکاندا دانیشتبوو.
باوکم و مامیشم هاتبوون. بەڵام من زۆر ئاواتەخوازی ئەوە بووم کە باپیرەم
ببینێت. هێشتا پێشبڕکێکە دەستی پێنەکردبوو من ئارەقم کردبوویەوە.
زۆر شڵەژاو و پڕ هەیەجان بووم. کاتێک وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە
هیچ ڕاوێژم بە هاوڕێکانم نەدەکرد و یەکسەر خۆم وەڵامم دەدانەوە. وێڕای
ئەوەی تەواوی پرسیارەکانم بەدروستی وەڵام دایەوە، بەڵام وەڵامێکیان بە
هەڵە ئەژمار کردم.

بەڵام بە گوێرەی خۆم ئەویشم ڕاست بوو، دڵنیاش بووم. ناوی شاخێکیان
پرسیبوو، منیش ناوی دوهەمیم گووتبوو. بەڵام دادوەرەکان ناوی یەکەمی
شاخەکەیان بە وەڵامە ڕاستەکە ئەژمار کردبوو. گروپەکەی بەرانبەرمان
چەند پرسیارێکیان نەزانی. بردنەوەمان مسۆگەر کردبوو. لەم کاتەدا
پێشبڕکێکە هێشتا بەردەوام بوو. بەڵام من پەلپم لە بڕیارەکەیان گرت

و گوتم: "وەڵامەکەم ڕاستە، من پێشبڕکێکە جێدەهێڵم، دووبارە سەیری وەڵامەکان بکەنەوە". هەستامە سەرپێ بۆ ئەوەی پێشبڕکێکە بەجێبهێڵم.

بەڕێوەبەری خوێندنگەکەمان چەشنی ئەوەی بڵێت "دانیشە کوڕم!" ئیشارەتی بۆ کردم. من زۆر جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە وەڵامەکەم ڕاستە. لەم کاتەدا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەش هەستایە سەرپێ و گوتی: "منداڵەکە بەرگری لە مافی خۆی دەکات، وەڵامەکەی ئەو ڕاستە". لە کۆتاییدا دادوەرەکان ناچاربوون بەوەی پشوویەک وەربگرن. ئیدی ڕاستیی وەڵامەکەی من ڕوون بوویەوە. لە کۆتاییشدا پێشبڕکێکەمان بردەوە. تەنانەت پارێزگاریش لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لێکردم.

دوای ئەوەی هەموو کەسێک لە ساڵۆنەکە چوویە دەرەوە، بەڕێوەبەرەکەمان گوتی: "بە خێزانەکەتمان بناسێنە!". من سەرەتا باپیرەمم پێناساندن. بەڕێوەبەرەکەمان پیرۆزبایی لە خێزانەکەمان کرد کەوا منیان بە جوانی پەروەردە کردووە. بەڵام باپیرەم لە وەڵامدا گوتی: "بەڵام جەنابی بەڕێوەبەر هەڵەیەکی هەیە، چەشنی ئادەمیزاد، دەچێتە ژێر ئەو بارانەی کەوا پێی هەڵناگیرێت ئەمەش هەڵەیە. لە کاتێکدا ئێوە وەستابێتن، ئەو کەی بۆی هەیە بەرگری لە خوێندنگەکەی بکات؟"، بەڕێوەبەرکەشمان: "قەیناکە، گرنگ غیرەتەکەیەتی".

لە دوای چەندین ساڵ، لەبەر ئەوەی باپیرەم زۆر خەفەتی بە خێزانەکەی دەخوارد، چوومە ژێر باری خێزانەکەمان. چونکە بەرپرسیارێتیی خێزانەکەمان لەسەرشانی ئەو بوو. ویستم ئەرکەکانی ئەو کەم بکەمەوە. هەربۆیە خێزانەکەمان گواستەوە بۆ شار. لە پێناو ئەوەی لەم هەواری

وریەتەدا سەرکەوتنی زۆر تێدەکۆشام. خۆم بە بەرپرسیاری خێزانەکەمان
زانی و شەو-ڕۆژ کارم دەکرد. دەمویست شوێنی باپیرەم بگرمەوە. باوکم
مامم و براکانم زۆر یارمەتییان نەدەدام. لەگەڵ خێراییەکەی مندا
ڕنەدەچوون. بەڵام باپیرەم نەهاتە شار و لە گوندەکەمان مایەوە. هەردەم
رم دەکرد. زۆر حەزم دەکرد ئەویشمان لەگەڵ بووایە. وەک چۆن ئەو
انەی منداڵ بووم سەیری ئەوم دەکرد کە کاری دەکرد، زۆرم حەزم
کرد ئەویش بێت و کارەکانی من ببینێت. بەڵام ئەو حەز لە قەرەباڵغیی
ار نەبوو. گەر سەرکەوتنم بەدەستنەهێنایە لەبەردەم باپیرەمدا خەجاڵەت
بووم.

ڕۆژێکیان درەنگانێکی شەو گەڕامەوە ماڵەوە. کاتێک باپیرەمم
ە ماڵەوە بینی سەرم سوڕما. تەواوی خێزانەکەمان خەوتبوون. بەڵام
ەر چاوەڕوانی منی دەکرد. لە کاتی ئاساییدا خۆی هەر زوو لێی
خەوت. پێکەوە نانمان خوارد. ئەو ناوە زۆر بێدەنگ بوو. ئەو دەستی بە
سەکردن کرد و گوتی: "کوڕم قورسایی تەواوی خێزانەکەت خستۆتە
رشانەکانت، شتی وەها مەکە. هەموویان ئازاد بکە و با هەرکەسە و
ۆی نانی خۆی پەیدا بکات. تۆ لەبەرچی تەواوی ئەرکەکەت خستۆتە
رشانت؟ کەمێک بیر لە خۆت بکەوە، باری قورس مەخە سەر
انەکانت. ڕێک چەشنی ئادەمیزادیت، دەچێتە ژێر هەموو بارێکەوە"،
سان هەمان ڕستەکانی دووبارە کردەوە. ڕێک کاتی خۆی هاتبوو:
باپیرە لە منداڵییەوە هەردەم پێم دەڵێیت تۆ چەشنی ئادەمیزادیت، دەچیتە
ێر ئەو ئەرکانەی کەوا پێت هەڵناگیرێت و بەردەوام ئەمەم بیر دەخەیتەوە،
ێ لە مەبەستی ئەم قسەیەی ئێوە تێناگەم". ئیدی کاتی فێربوونی

ئەو قسەیە هاتبوو. لە کاتێکدا هەموو کەسێک خەوتبوو، حەزم کرد بۆ ماوەیەکی دووردرێژ قسەی پێبکەم. باپیرەم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ''کورم، بەرپرسیارێتیی مرۆڤ زۆر قورسە، جەنابی حەق ئەم پێشنیارەی خستبێتە بەردەمی هەر بوونەوەرێک قبوڵی نەکردووە، تەنانەت فریشتەکانیش غیرەتی ئەوەیان تێدا نەبووە ببنە مرۆڤ. خودا ویستی ئەم بەرپرسیارێتییە قورسە بخاتە سەرشانی شاخەکان، بەڵام شاخەکانیش قبوڵیان نەکرد. تەنانەت شاخەکان لە ترساندا تووانەوە. ئەرکی مرۆڤایەتی هێندە قورسە، تەنیا مرۆڤ وەک بەدیهێنراو قبوڵی کردووە. وێڕای ئەوەی هێز و دەسەڵاتێکی کەمی هەیە، بەڵام خۆی کردووە بە ژێر ئەم بارە قورسەدا. مرۆڤ بوونەوەرێکی بچوکە. بەڵام غیرەتێکی زۆر گەورەی تێدایە. دوای قبوڵکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە، سیستەمی زەوی و خۆر ئافرێندرا. تەنانەت خودا بە هۆی ئەم تاقیکردنەوەیە بەهەشت و دۆزەخیشی ئافراند. واتە لە پێناو بەرپرسیارێتیی مرۆڤایەتیدا گەردوون ئافرێنراوە. خودا بەڵێنی پاداشتی گەورەی بەو مرۆڤانە داوە کەوا بە سەرکەوتوویی لەم تاقیکردنەوەیە دەردەچن. لەم سۆنگەیەشەوە خۆشەویستمان (ﷺ) کەوا بەرانبەر ئەم بەرپرسیارێتییە زۆر بە ئاگا بووە فەرموویەتی: ''گەر ئێوەش ئەوەتان بزانیایە کەوا من دەیزانم، ئەوا زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین''. حەزرەتی ئەبوبەکریش کەوا درکی بەم ڕازە بردووە فەرموویەتی: ''خۆزگە مرۆڤ نەبوومایە و مەڕێک بوومایە''. بەکورتی، ئەو مرۆڤە مەزنانەی لە ئاخیرەت، دونیا و قورسیی ئەم تاقیکردنەوەیە تێگەشتوون، هەمیشە لە نێو ئاگایی ئەم بەرپرسیارێتییەدا ژیانیان بردۆتە سەر. هەردەم هەستیان بە ترسی دۆڕاندنی ئەم تاقیکردنەوەیە کردووە. زاناکان زیاتر لە هەموو

کەسێک لە خودا دەترسن، لەبەرچی؟ چونکە تەنیا زاناکان دەتوانن لەم ڕازە تێبگەن. بەڵام مرۆڤگەلێکی هاکەزایی وەک ئێمە، ئەم بەرپرسیارێتییە وەک تەشقەڵە دەبینین. چەشنی ئەوەی هەر نەمرین ژیان بەسەر دەبەین. مرۆڤەکان وەها گومان دەبەن کە هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ ناکرێت. هەموو شتێک لەبیر دەکەن. بەڵام ئەو مرۆڤانەی خودایان بەڕاستی ناسیوە، بۆ ساتێکیش خودا لەبیرناکەن. لەبەر تەنیا ساتێک بێئاگایی ناو ژیانیان، چەندین ساڵ دەگرین و تۆبە دەکەن.

حەزرەتی عیساش کەوا لە خەمی ئەم بەرپرسیارێتییەی مرۆڤایەتیدا بووە، نەیدەتوانی لەسەر سەرینی نەرم بخەوێت. سەری دەخستە سەر بەرد و خەوی لێدەکەوت. لە پێناو ئەوەی توشی غەفڵەت نەبێت. گەر لە ژیانی خۆشەویستیشمان (ﷺ) ورد ببنەوە، لەوە تێدەگەن کە ئەو هەردەم بەئاگایی بەرپرسیارێتیی مرۆڤایەتی و بەندایەتییەوە ژیاوە. بەڵام زۆرینەی ئەو مرۆڤانەی کەوا لەم بەرپرسیارێتییە تێناگەن، لەبەر ئەوەی سەرئەنجامی ئەو دونیایە نازانن کەوا تێیدا دەژین، هەردەم خەریکی ڕابواردنن. لەبەر کەیفخۆشییان خەریکی ورگ بادانن. شەو و ڕۆژ خەریکی کەیف و سەفان، تێروپڕ لێی دەخەون. خۆیان لەو ئاگادارکەرەوانەش بەدوور دەگرن کەوا لە خەوی غەفڵەت بەئاگایان دەهێنێتەوە. دەی ئایا مرۆڤ کەوا بەو شێوە کامڵە ئافرێنراوە، دەشێت هیچ لێپرسینەوەیەک لە کارەکانی نەکرێت؟ گومانیش لەوەدا نییە کە ئەوە ئاساییە ئەندامەکانی جەستەمان کەوا لەلایەن خوداوە ئافرێنراوە سوود لەو نیعمەتانە وەربگرن کە خودا پێی بەخشیوین. بەڵام نابێت پەروەردگاری خۆمان بیربچێتەوە. کوڕی خۆم مرۆڤبوون بەرپرسیارێتییەکی زۆر سەختە. هەربۆیە وتوویانە کەسی نەزان

زۆر بەغیرەتە. تۆش زۆر بەغیرەتی، دەچیت ژێر ئەو بارانەی کە زۆر ناڕەحەت پێتهەڵدەگیرێن. ئامانجی تۆ لە بووندا ئەوە نییە کە چەشنی ئاژەڵ هەردەم خەریکی کارکردن بیت. بەڵکو بریتییە لەوەی لە پێش هەموو شتێکدا بەندەی خودا بیت.

لەم قسانەی باپیرەمەوە لەوە تێگەشتم کە مرۆڤ خۆی خستۆتە ژێر بارێکەوە کەوا شاخەکانیش نەچونەتە ژێر باری. باپیرەم بەگریانەوە باسی خۆشەویستمانی (ﷺ) دەکرد: "ئەو لەبەر ئەوەی بەرانبەر ئەم بەرپرسیارێتییە بەئاگا بوو، هەتا بەرەبەیان عیبادەتی دەکرد. حسابی بۆ هەموو قسەیەک دەکرد کەوا لە زارییەوە دەردەچوون. هەموو کاتێک بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەژیا. هەربۆیە کەمێک باری دونیات کەم بکەوە، با هەموو کەسێک باری خۆی هەڵبگرێت. با هەرکەسێک لای خۆیەوە بژێوی خێزانەکەی پەیدا بکات. تۆ هێندەی بژێوی خێزانی خۆت پەیدا بکەیت بەستە. گەر دواتر لە تواناتدا بوو، دەتوانیت یارمەتیشیان بدەیت". دواتر کەمێک چووە ناو قوڵایی بیرکردنەوە و گوتی: "تۆ کەمێک بیر لە بەرپرسیارێتیی مرۆڤانەی خۆت بکەوە. جوان لەوە تێبگە کە تۆ بەندەی خودایت. بەشێک لە کاتەکانت بۆ ئەو تەرخان بکە" بەم قسانەی دەرگایەکی لە ئاسۆی مندا کردەوە. دوای ئەوەی باپیرەم خەوت، هەتا نوێژی بەیانی بیرم کردەوە.

قسەکانی ڕاست بوون. کاتێک قسەکانی باپیرەم و ئەو زانیارییانەم لێکدایەوە کەوا لە کتێبەکانەوە وەرمگرتبوون، ڕاستییەکان سەریان سوڕماندم. ئەمە لە کاتێکدا بوو من هەوڵی ئەوەم دەدا بەسەر دونیادا باڵادەست ببم. بەڵام کۆتایی تەواوی ئەو کەسانەی لە هەوڵی بەدەستهێنانی دونیادا

...وون هەر گۆڕ بووە. بێئاگا لە بەرپرسیارێتیی خۆیان چوونە ناو گۆڕەوە. ...ڵام لە ئێستادا کاتیشیان لەبەردەمدا نەماوە. ملیۆنان مرۆڤ لە ژێر ...م بەرپرسیارێتییەدا دەپلیشێنەوە. فیرعەونەکان، نەمرودەکان، پاشاکان، ...ڵتانەکان، زۆر قارەمان، زۆر جوانمەرد... هەموویان ڕووبەڕووی ئەم ...سنییە بوونەتەوە. تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە داوای یارمەتییان لە خودا ...رد بۆ هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی شاخەکانیش لە ژێریدا پلیشانەوە. ...ڕێگەی یارمەتیی ئەوەوە سەرفرازبوون لەوەی ببنە بەندەی ڕاستەقینەی ...ەر، بۆ ئەوەی منیش بەدروستی وەڵامی "أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ" بدەمەوە کەوا ...ەردەمی "قَالُوا بَلَىٰ" پەیمانمان لەسەر داوە، دەبوو منیش داوای یارمەتی ...ە خودا بکەم.

دوای ئەمە، بەوپەڕی توانای خۆمەوە هەوڵی ئەوەم دەدا لەوە تێبگەم ...ە خودا لەم ژیانەدا داوای چیی لە من دەکات. وێڕای ئەوەی لە ...ناڵیمەوە نوێژم دەکرد، لە ناخمەوە هەستم بە بەرپرسیارێتییەکی وەک ...بەرپرسیارێتیی مرۆڤانە" نەکردبوو. ئیدی خەمێکی تر بۆ سەر خەمەکانم ...ئەرکێکی تر بۆ سەر ئەرکەکانم زیاد بوو. ئەمەش لە کاتێکدا ئەرکی ...ەسی مرۆڤبوون هەر بەسەر شانەکانمەوە هەبووە. بەڵام بێ ئەوەی ئاگام ...ی بێت ژیانم گوزەراندبوو.

...لە کاتێکدا ئەم ئەرکەشم بەسەرشانەوە بوو، بەرپرسیارێتیی خێزانەکەشم ...هەڵگرتبوو. لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر خزمەکانم، گوندەکەمان، ...شارەکەمان و تەواوی مرۆڤەکانیش بەرپرسیار بووم. بەڵام لە هەموویان ...گرنگتر بریتی بوو لەوەی ڕەزامەندیی خودا بەدەستبهێنم. دەبوو چی بکەم؟ ...دەبوو لە ژێر باری ئەم هەموو ئەرکەدا، خۆشەویستیی خودا بەدەستبهێنم.

هەر بە هۆی ئەم خەمەشەوە بوو ١٢٤ هەزار پێغەمبەر (عَلَيْهُمَا السَّلَام)، هەزاران هاوەڵی پێغەمبەر (رضيَ اللهُ عَنْهُم)، ئیبراهیم ئەدهەم، ئوەیسی قەرەنی، عەبدولقادر گەیلانی، ملیۆنان مرۆڤ کەوا ئاگاییان بەرانبەر بەندایەتیی خۆیان هەبوو، کەوتنە بیابانەکان و چەندین ساڵ سوڕانەوە. زۆرێک لە دۆستەکانی خودا، بەسەرخۆشی عەشقی گەشتن بەو جوانییە ئەبەدییە، هەتا مردن هەر سوتان و قرچەیان لێهەستا. چونکە تێگەشتن لەوەی بوونەتە دوێنراوی پەروەردگاری خۆیان و ڕووکەشی مرۆڤبوونەکەی خۆیان وەرچەرخاند بۆ سەر عەشق. ئەم عەشقە کەوا مرۆڤەکانی دا بە شاخ و بیابانەکاندا، لە ڕوانگەی ئەوانەی لە دەرەوە سەیریان دەکردن شتێکی تاڵ بوو. بەڵام بۆ ئەوانەی لە ناویدا بوون لە هەنگوین شیرینتر بوو. ڕابەرەکانی مرۆڤایەتی هەردەم بەم خەمەوە ژیاون. لە پێناو ئەمەدا چوونە زیندان، تێهەڵدان و ئەشکەنجەیان بەلاوە شیرین بوو. کەسانێک کەوا سەیری ڕووکەش دەکەن وەها گومان دەبەن کە ئازاریان چەشتووە. بەڵام ئەوان تامی هەزاران جۆری چەشەکانیان کردووە. چونکە خۆشەویستیی خودا زۆر شیرینە. ڕەزامەندیی ئەویش لەسەرو هەموو شتێکەوە بوو. تەنیا ئەوانەی ئەزموونی ئەو هەستەیان کردووە لەمە تێدەگەن. شتێک نییە ئەو کەسانە لێی تێبگەن کەوا دونیایان کردووە بە پەرستراوەی خۆیان. ئەم هەستەش شتێکی دونیایی نییە. ئیلهام و ڕەشەبایەکە کەوا لە دونیاگەلێکی ترەوە هەڵیانکردووە. دەبوو چەشنی گژوگیا یان دڵۆپەیەک خۆم بکەم بە نێو لافاوی بەندایەتیدا.

هەرشتێک دەمبینی و دەمزانی، خودا تێیدا تاقیتەدەکاتەوە و دواتر لێپرسینەوەی دەبێت. ئەگەرنا لەبەرچی ئەم گەردوونە بۆ مرۆڤ بنافرێنێت

کەوا هێندەی نوکە دەرزییەکە لەچاویدا. ئەم گەردوونە زەبەلاحە لە پێناو تاقیکردنەوەی مرۆڤ ئافرێندراوە. هەربۆیە زۆر گرنگە ئەرکی مرۆڤایەتی بە تەواوی بەجێبگەیەنیت. خودا کەوا خاوەنی دەسەلاتی یەکۆتایە، پێغەمبەرێکی وەک حەزرەتی محمدی (صَلَّیَ اللهُ تَعَالَی عَلَیْهِ وَسَلَّمْ) بە "خۆشەویستم" بانگ کردووە. ئەمە لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە پێگەیەکی زۆر بالآیە. بوونە خۆشەویستی خودا لە چی وتەیەکدا جێگەی دەبێتەوە؟ واتە پەروەردگارمان ئەرکی خستۆتە سەرشانی مرۆڤایەتی. بەلآم لە کۆتایشدا پێگەگەلێکی بۆ مرۆڤە براوەکان تەرخان کردووە کەوا نرشتەکانیش ئیرەیی پێببەن. هەربۆیە گرنگیی مرۆڤ لەم خالەدایە. مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو ئەرکەی ئەنجامی دەدات دەبێتە دوێنراوی خودا. ئەرکەکە قورسە بەلآم لە هەمان کاتدا پاداشتەکەشی زۆر گەورەیە.

ڕۆژێکیان سەردانی گوندەکەمانم کردەوە و پرسیارم لە باپیرەم کرد: "لەبەرچی لە کاتی مندالیمدا باسی گرنگیی مرۆڤبوونت بۆ نەکردم؟". ئەو دیسان لەسەرخۆ وەلامی دامەوە: "دەبوو خۆت بیدۆزیتەوە. کاتێک ڕووبەڕووی ئەزمونەکانی ناو دونیا دەبوویتەوە خۆت هەر تێدەگەشتیت. تۆ وادەزانی منیش وەک خەلکی ناتوانم هەردەم خەریکی پێکەنین و ڕابواردن بیم؟ کاتێک منت بەبێدەنگی لەناو بیرکردنەوەدا دەبینی، گومانت دەبرد کەوا بیر لە چی بکەمەوە؟ باوکت و مامت هێشتا لەم بابەتە تێنەگەشتوون. مرۆڤ پێویستە لە کاتی گەنجیدا لە پەیوەندیی نێوان خۆیی و خودا تێبگات. ڕەنگە ئەوان لەو کاتەدا لەم بابەتە تێبگەن کەوا پیر بوون و سەریان سپی بووە و هێز و بڕستیان لێبڕاوە. ئیدی تێدەگەن لەوەی ئەم دونیایە گالتەوگەپ نییە. مرۆڤ چەشنی ئاژەلێک نییە

کەوا بەرەڵای لەوەڕاندن کرابێت. لە ڕاستیدا ئەقڵەکەی سەری ڕێگەی نادات بەبەرەڵایی بسوڕێتەوە. خەمت نەبێت، ئاو دەڕوات و ڕێچکەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە".

"دواتر باسی لە پێغەمبەران، زانایان، دۆستانی خودا و ئەولیاکان کرد کەوا درکیان بە ڕازی تاقیکردنەوەکە بردووە. باسی لە عەبدولقادری گەیلانی کرد کەوا ماوەی ١٣ ساڵ لە بیابانەکاندا سوڕاوەتەوە، هەروەها عەشقی یونس ئێمرە و ژیانی پڕ ناسۆری ئوەیسی قەڕەنی، پاشان ئەو سوڵتان و پاشایانەی درکیان بە بابەتەکە بردووە و دەستیان لە تاج و تەختی خۆیان هەڵگرتووە و ملی ڕێگەی بیابانەکانیان گرتووە. باسی لەوە کرد کەوا کاتێک لە ژیانیشدا ماون دونیایان لە دڵەوە بەجێهێشتووە. پاشان باسی لە ئەهلی تەسەوف کرد کە چەندین ساڵ لە میحنەتخانەکاندا ماونەتەوە. ئاماژەی بە هاوەڵان کرد کەوا جوانتر لە هەموو کەسێک لەم بابەتە تێگەشتبوون. باسی لەوە کرد گەر مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە مرۆڤەکانی سەردەمی زێڕینیان ببینیایە بە شێتیان دەزانین. چونکە هەموو شتێکیان لە ڕێگەی خودادا فیدا دەکرد. ئایا کەسانێک کەوا لە ئێستادا مادده دەپەرستن دەشێت ئەم کارانەی ئەوان بە ڕووداوگەلێکی ئاسایی ئەژمار بکەن؟ باسی لەوە کرد کە چەندین ڕابەری مرۆڤایەتی هەبوون کە دونیایان بە خانەی تاقیکردنەوە زانیوە". باپیرەم وەک ئەوە بوو خۆی هەست بەم ئازارە بکات. ئیدی کاری نەدەکرد. شەو و ڕۆژ عیبادەتی دەکرد. وەک هەموو کەسێکی فانی ئەویش چوویە ژیانی ئاخیرەت. لە دوای وەفاتی باپیرەم، زۆر جوانتر هەستم بەوە کرد کە لە نیو تاقیکردنەوەدام. جگە لەمەش، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە کەمینەیەک

بوون کەوا درکیان بەم بابەتە بردبوو، هەستم بە تەنیایی خۆم دەکرد. هەوڵمدا ئەو مرۆڤە ناسۆرکێشانە بدۆزمەوە کەوا چەشنی من هەست بە نیگەرانی دەکەن. ئەو کەسانەی دوای گەڕان دۆزیمنەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتێکدا هەستەکانیان دەخرۆشا و لە دوای تەواوبوونی وتار و ئامۆژگارییەکان دیسان بە بابەتەکانی خواردن و خواردنەوەدا ڕۆدەچوونەوە. لە مرۆڤەکاندا ئەوەم بەدینەدەکرد کەوا هەردەم لەگەڵ خودادا هاودەم بن. لە دوای مردنی باپیرەمەوە، هێشتا هەر هەستم بە تەنیایی خۆم دەکرد.

لەگەڵ ئەو کەسانەی پەیوەندیم لەگەڵدا دروست کردبوون، هەوڵمدا باسی ئەو ئەرکەیان بۆ بکەم کەوا وەک مرۆڤ خراوەتە سەرشانەکانمان. لە ڕاستیشدا لە دوای ئیمان و نوێژ، گرنگترین ئەرکی کەسی موسوڵمان بریتیە لە گەیاندنی ناوی خودا. بەڵام من ئەرکی گەیاندنی ئیسلامەتیم لەبیر دەکرد. دواتر کاتێک ئامانجەکەی ژیانم بیر دەکەوتەوە زۆر خەفەتم دەخوارد. هێشتا نەمدەزانی چۆن لە ژێر ئەم بارە سەختە بەسەرکەوتوویی دەربچم. لەگەڵ پیربوونیشمدا زیاتر هەستم بە قورسایی ئەرکەکە دەکرد. تەنانەت کاتێک بەتەنیا لەگەڵ خۆمدا دەمامەوە، قورسایی ئەرکەکە بە تەواوی دەیپلیشاندمەوە. هەستم بەوەش دەکرد هەندێک لە قورساییەکەی سەرشانم لە نەفسمەوە سەرچاوەی گرتووە. برینداریی منیش هەر بە هۆی نەفسمەوە بوو. ئیدی چۆن نەبێتە دوژمنم؟ هەر نەفسم بوو کەوا هەموو خراپەیەکی پێ کردبووم. تێگەشتم لەوەی نەفسم لە ڕێگەی ئەوەی خۆی وەک هاوڕێم پیشاندابوو هەندێک لە خراپەکارییەکانی پێکردبووم. لەبەر ئەوەی دوژمنێکی موخەننەک بوو، ئەوە دیار نەبوو کەوا کەی فریوم دەدا.

# ئێسقانە ڕەقەکان

گوندەکەمان پشتی بە شاخێکەوە داوە و بەردەمیشی دەشتێکی کاکیبەکاکی و هەتا بڵێی جوانە. لە پێدەشتەکەی بەردەمیدا کشتوکاڵ دەکرێت. زەوی شاخەکانیش بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان بەکاردێت، بە داری بەڕوو تەندراوە.

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرچاوەی سەرەکیی بژێوی خەڵکی گوندەکەمانن. لە وەرزی پاییزدا کاتێک دروێنە تەواو دەبێت، دەست بە چاندنی گەنم دەکەین. لەگەڵ هاتنی مانگی ڕێبەندانیش، دەست بە بڕینی دار دەکەین بۆ زستانێکی دوورودرێژ. دارەکانیش بە هاوبەشی لەلایەن گوندەکییەکانەوە لە ناوچەیەکی تایبەت دەبڕدرێنەوە کەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی دارستانەکانەوە مۆڵەتیان پێدراوە.

چڵ و لقەکانی ئەو داربەڕووانەی لە شاخەکانەوە هێنراون لەبەردەم ماڵەکاندا لەسەریەک هەڵدەچنرێن. بەشەکانی تری داربەڕووەکەش دەبڕدرێن و بۆ سوتانی ناو سۆبای دار ئامادە دەکرێن. قەدە ئەستورەکانیش لە ئیشی ماڵەوەدا بەکاردەهێنرێن. لە وەرزی زستاندا دەتوانیت لە هەموو ماڵەکاندا هەست بە گەرمیی داری بەڕوو بکەیت. لەبەر ئەوەی پشکۆی

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

داری بەڕوو زۆر پتەوە، گەرمییەکی زۆر دەبەخشێت. هەر لەبەر ئەمەشە خۆ گەرمکردنەوە لەلای سۆبایەکی دار کەوا بە داری بەڕوو گەرمکراوە، هەتا بڵێی پڕ چێژە.

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕێبەندان، ئاو لە دارەکان دەبڕدرایەوە و ئەو کاتەی وەک ئێسقانە ڕەقەیان لێهات، گوندەکییەکان لە ژێر فەرمانی مرختارەکەیان کۆدەبوونەوە. پێویستی دەکرد لە هەمووماڵێکەوە کەسێک بەشداری بکات. هەموومان پێکەوە دەچووین بۆ دارستانەکە، لەو شوێنە کەوا بەڕێوەبەرایەتیی دارستان مۆڵەتی دابووین، دەستمان بە بڕینەوەی داربەڕووەکان دەکرد. هەر خێزانێک کەسێکی ڕەوانەی بڕینەوەی دار نەکردایە، داریان پێنەدەدا. هەربۆیە لە کاتی بڕینەوەی داردا هەموو گوندەکیەکان ئامادە دەبوون.

ئەو کاتەی دەستمان بە بڕینەوەی دار دەکرد، گروپی ٣-٥ کەسیمان پێکدەهێنا، بە تەور و تەوراسە دەمەزەردکراوەکانمانەوە دەنگێکی ناوازەی تەق و تۆقمان لێ بەرز دەبوویەوە. ئیدی ئەو دارە زەبەلاحانەی داربەڕوو، یەکە بە یەکەی دەکەوتن بە زەویدا. ئەو پارچە زەوییەی ناو دارستانەکە کە بۆ بڕینەوەی دارەکان تەرخان کرابوو وەک مەیدانی جەنگی لێدەهات. وەک چۆن مەیدانی جەنگ بە لاشەی سەربازەکان پڕ دەبوویەوە، دارە ڕشەکەکانیش چەشنی جەنازەی سەربازەکان لەوناوە بەلادا دەکەوتن. لەم نێوەندەدا کەسانێکی ناشی یان دەستی خۆیان دەبڕی یاخود قاچیان. هەندێک جاریش کەسانێک بە هەڵە تەورەکەیان لە قاچی خۆیان دەدا. هەندێک جاریش داربەڕوویەک دەکەوت بەسەر یەکێکدا، هەندێک جاریش لقی دارە کەوتووەکان بە یەکێکیاندا دەدا.

بەکورتی، بڕینەوەی دارەکان کەوا ماوەی ١٥ ڕۆژێکی دەخایەند هەرایەکی زۆری دەنایەوە. نیوەڕۆش کە برسیمان دەبوو، هەموومان ئەو ئازووخەیەمان دەردەهێنا کەوا لە گوندەوە هێنابوومان و لە گوێ چەمەکە دەمانخوارد. لەبەر ئەوەی ئەم کارە لە مانگێکی نزیک زستاندا بوو، هەندێک جار کەمێک ساردیش دەبوو. هەربۆیە ئاگرێکی گەورەمان دەکردەوە و هەموو کەسێک خۆی گەرم دەکردەوە. لەم کاتانەشدا سوعبەت و گاڵتەیەکی زۆر دەکرا. کاتێک کاری بڕینەوەی دارەکان تەواو دەبوو. بە قەد ژمارەی ماڵەکانی ناو گوندەکە دارەکانمان جیا دەکردەوە. دواتر ناوی هەموو ماڵەکان لەسەر کاغەزێک دەنوسرا. دواتر هەموو کاغەزەکان کۆدەکرانەوە و دەخرانە ناو تورەکەیەکەوە. موختاریش تورەکەی ناوەکانی هەڵدەڕشتە ناو کڵاوەکەیەوە. موختار دەچووە لای کۆمەڵە دارێکی جیاکراوەوە و ناوێکی دەردهێنا و دەیخوێندەوە. لەم کاتەدا تەواوی خەڵکی گوندەکە بە دوای موختارەوە بوون. هەر ماڵێک کەوا ناوی دەخوێنرایەوە، بە ژن و پیاویانەوە دەستیان بە گواستنەوەی دارەکان دەکرد.

منیش بەشداریم لە داربڕینێکی لەو شێوەیەدا کرد. لەبەر ئەوەی باوکم لەو کاتەدا لە ماڵ نەبوو، جگە لە من کەسمان لە ماڵەوە نەبوو هەتا بەشداریی لە بڕینەوەی دارەکان بکات. مۆڵەتم لە خوێندنگەکەمان وەرگرت. بە نوێنەرایەتیی ماڵی خۆمان لەگەڵ خەڵکی گوندەکەمان بەشدار بووم. لەبەر ئەوەی من خوێندکار بووم هەموو کەسێک بەزەیی بە مندا دەهاتەوە. هەر هێندەی لەوێ بووم، بۆ ئەوان بەس بوو. دیسان کاریشم کرد. بەڵام دەستەکانم ئاوسان. بەڵام هەلی ئەوەم دەستکەوت لە نزیکەوە سەیری ئەم کارە پڕ چێژەی خەڵکی گوندەکە بکەم و لێیان ورد ببمەوە. ئەم ساڵ ئەو



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

نەرێنەی بۆ بڕینەوەی دارەکان دیاریکرا بوو، لە داری چڕ پێکهاتبوو. زۆر ئەمم بۆ ئەو دارانە دەخوارد کەوا دەبڕدرانەوە و دەکەوتن. ئەو دارانەی بە نەڕی دەبڕدرێنە، چەشنی ئەو خوێنەی لە مرۆڤ دێت، ئاویان لێدێتە دەرەوە. بەڵام ئەم دارە وشکەوەبووانە ئاویان لێنەدەهاتە دەرەوە. ئەم بۆچوونەی خۆمم بۆ یەکێک لە گوندەکیەکان باس کرد. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "لەم وەرزەدا دارەکان وشک دەبنەوە. ئێستا ئاویان لێدەرنایەت. لە وەرزی بەهاردا نیشقەی ئاویان لێدەردەچێت، چەشنی ئەوەی سەرلەنوێ زیندووبووبێتنەوە، سەوز دەبنەوە". جگە لەوە وتیشم "دەڵێن لێرە گورگیشی لێیە، بەڵام لە ئێستادا نابینرێن". "گورگ نایەتە شوێنێک کەوا داری لێ ببڕدرێتەوە. لەو شوێنانەدا دەبینرێت کەوا داری چڕی لێیە. زۆرینەی کات ئەو کاتانە لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوە کەوا بەفر باریوە".

لەبەرچی باسی گورگم کرد، زستانی ڕابردوو خزمێکمان کەوا شوان بوو ون بوو. کاتێک ئەم شوانە دەڕواتە شاخ بۆ ئەوەی مەڕە ونبووەکەی بدۆزێتەوە، جارێکی تر نەگەڕایەوە. وێڕای ئەوەی زۆر بە دوایدا گەڕان بەڵام نەدۆزرایەوە. دەڵێن خاڵە فازیڵ گورگ خواردوویەتی. هەربۆیە کەمێک لە گورگ دەترسام. بەڵام گوندەکیەکان گوتیان: "هەتا بەفر نەبارێت و برسی نەبن، گورگەکان پەلاماری مرۆڤ نادەن".

دەست بە تیروپشکەکە کرا، هەرکەسێک ناوی دەخوێنرایەوە، لە نێو قەرەباڵغیەکەی پشتی موختار دەهاتە دەرەوە و دەستی بە چاودێری دارەکانی خۆی دەکرد. ئەو کۆمەڵە دارەی بەر ماڵی ئێمە کەوت، ڕێک لە دەمی چەمەکە لە نێو گژوگیاکاندا بوو. دارەکانیان لە نزیک ئاوی چەمەکە دانابوو. کاتێک دایکمم لەلاوە بوو، بە تەورەکەی دەست

کەوا زۆریش تیژ نەبوو، دەستم بە هەڵپاچینی چڵە وشکەکان کرد. چڵە باریکەکانم لەلایەکی ترەوە ڕیزکرد. قەدە ئەستورەکانیشم لەلایەکی ترەوە دانا. دەبوو بە تراکتۆرێک ئەم دارانە بگوازمەوە بۆ ماڵەکەمان. بەڵام تراکتۆرەکە نەیدەتوانی بڕواتە گوێ چەمەکە. گەر هەوڵی ئەوەشم بدایە دارەکان بە یەک دوو بارەکەر بگوازمەوە گوندەکەمان، ئەوا چەندین ڕۆژی پێدەچوو. هەربۆیە دەبوو دارەکان بدەین بە پشتماندا و بەو شێوەیە بیبەینە سەرەوە. ئەوانە شانسیان هەبوو کە ناویان لە تیروپشکەکەدا دەکەوتە نزیکی کەناری ڕێگەی تراکتۆرەکە. گوندەکییە کارامە و خاوەن ئەزموونەکان هەر زوو کارەکانیان تەواو کردبوو. دەستیان کردبوو بە گواستنەوەی دارەکان بۆ ماڵەکانیان. ئێمەش دەستمان کرد بەوەی بە کۆڵەپشتمان دارەکان ببەینە سەرەوە. کاتێک ئەو دارانەم هەڵگرت کەوا خۆم هەڵمپاچیبوون، لە ژێریانەوە ئێسقانی سەری مرۆڤێک دەرکەوت. لە نێو گژوگیاکەدا بوو. ئێسقانەکان هێشتا کۆمەڵە جلێکی ڕزیویان پێوە مابوو. ئەوەش ئاشکرا بوو کە ماوەیەکی زۆر نییە ئەم ئێسقانە لەوێدایە.

بەڕاکردن هەواڵم گەیاندە موختاری گوندەکە. سەرەتا بایەخی پێنەدا. ئەو هەر خەریکی هەڵپاچینی دارەکانی خۆی بوو. لە هەموو حاڵێکییەوە ئەوە دەخوێنرایەوە کەوا من بە کەسێکی بێئەزموون دەزانێت. ناچار لەگەڵم هات و سەیرێکی کرد. گوندەکییەکان لە چواردەوری ئێسقانەکان خڕ بوونەوە. هەریەکە و لای خۆیەوە قسەیەکی دەکرد. گوندەکییەکی پیر: "من هەتا پێش ٤٠ ساڵیشم بیرە کەوا لێرە دارمان بڕیوەتەوە. گەر لە پێش ئەو کاتەوە بووایە هەتا ئێستا دەبینرا. هەربۆیە ئەم ئێسقانانە دەبێت ئێسقانی فازیلی شوان بن کەوا ئەم زستانە ون بوو. گورگەکان ئەم زستانە

خواردوویانە و لە نێو گژوگیاکەدا شاردوویانەتەوە". هەموویان ئەم قسەیەی ئەویان قبوڵ کرد. خاڵە فازیڵ مێردی پورم بوو. هاوڕێکەی کەوا لەو ڕۆژەدا مەڕی لەوەڕاندبوو گوتی: "بەڵێ ڕاستە، ئێمە مەڕەکانمان لێرە لەوەڕاند. ڕەنگە ئەو کاتەی بە دوای مەڕەکەدا گەڕاوە، لێرە ڕەق بووبێتەوە. من ئەو کاتەش پێم وت کەوا نەڕوات".

پورم بە شڵەژاوییەوە خۆی کرد بە نێو قەرەباڵغیەکەدا و هاتە سەر ئێسقانەکان. ئەو بلوسەی تەنیشت ئێسقانەکانی ناسییەوە کەوا خۆی چنیبووی.

بە گریانەوە دەستی کرد بە "فازیل، فازیڵ". هەمووان دڵتەنگ بوون. هەندێکیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و گوتیان "ونبوونی کەسێک خەمێکی ناخۆشترە، لایەنی کەم ئێسقانەکانی دۆزرایەوە. کەواتە لێرە مردووە". مەلای گوندەکەش گوتی: "با ئێسقانەکانی ببەینەوە گوند و نوێژی جەنازەی لەسەر بکەین". پورم ئاوڕی دایەوە و بە گلەییەوە گوتی: "چۆن بەو هەموو پیاوە ئێوارە ڕۆشتن و نەتاندۆزییەوە". ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە بەدوایدا گەڕابوون گوتیان: "خوشکم وەڵڵاهی دیارە ڕەق بووەتەوە، لایەنی کەم دە جار لێرەوە ڕابوردین، هاوارمان کرد "فازیڵ، فازیڵ"، لەو کاتەدا یان گورگ بریندارایان کردووە و خواردوویانە، یاخود ڕەق بووبوویەوە". پورم کوڕ و کچەکەشی لەگەڵدا بوو. پورم گوتی: "مامۆستا ئینجا ئێسقانەکانی ببەینەوە گوند چی لێبکەین؟ با هەر لێرە بینێژین".

لە گوندەکەمانەوە کفنیان هێنا و ئێسقانەکانیان خستە ناو کفنەکەوە. هەموو کەسێک دەستنوێژێکی گرت، هەندێکیان کڵاویشیان لەسەر کرد.

ئەوانەشی کڵاویان نەبوو، سەرپۆشی شەپقەکەیان هەڵگێڕایەوە. لە نێو چەمەکەدا نوێژی جەنازەمان کرد. لاشەکەیمان خستە گۆڕێکەوە کە هەر لەوێدا هەڵمانکەندبوو. هەموو کەسێک لای خۆیەوە دڵتەنگ بوو. مامۆستا لەسەر گۆڕەکەی سورەتی یاسینی خوێند. تەواوی گوندەکەمان وازیان لە ئیشی دار هێنا. هەموومان بە منداڵ و گەورەوە دوعامان دەکرد. مامۆستا دوای ئەوەی دوعاکانی تەواو کرد، دەستی بە ئامۆژگاریکردنی گوندەکییەکان کرد. منیش لەو کاتەدا پرسیم: "مامۆستا! ئەم ئێسقانانە چەشنی داربەڕووەکان وشک بوونەتەوە، لە قیامەتدا چۆن زیندوو دەبنەوە؟". مامۆستا چەند ئایەتێکی کۆتایی سورەتی یاسینی دووبارە خوێندەوە. مامۆستا بەم شێوەیە دەستی بە وتارەکەی کرد: "ئازیزانم، چۆن ڕەگی ئەم داربەڕووانە لە وەرزی بەهاردا زیندوو دەبنەوە و سەوز دەبن، ئەم ئێسقانانەش لە ژیانی ئاخیرەتدا بەهەمان شێوە زیندوو دەبنەوە. ئەم ئایەتانە ئەم شتانە بیری مرۆڤ دەخەنەوە. کێ یەکەم جار ژیانی بەم ئێسقانە ڕەقانە بەخشیبێت و دروستی کردبێتن، هەر ئەویش زیندوویان دەکاتەوە. وەک چۆن باوەڕتان بە زیندووبوونەوەی داربەڕووەکان هەیە لە وەرزی بەهاردا، ئەم ئێسقانە ڕەقانەش لە دوای ئەوەی دەیانخەینە گۆڕەوە، لە قیامەتدا زیندوو دەبنەوە، خاڵە فازیڵیشمان لەگەڵ فووکردنی ئیسرافیل بە کەرەناکەیدا هەڵدەستێتەوە سەرپێ. پشتیوان بە خودا مردنی ئەو بەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی خودا لە گوناحەکانی خۆش ببێت"، بەم شێوەیە قسەکانی تەواو کرد.

لە دوای چەند ڕۆژێک، تەواوی ماڵەکان، دەستیان کرد بە هەڵکۆڵینی ئەو بنەدارانەی لە خاکەکەدا ڕزیبوون. هەڵکۆڵینی کۆتەرە دارەکان،

کارامەیی و هێزێکی زیاتری دەویست. من ئەو هێزەم لە خۆمدا نەدەبینی. بەڵام هیچ نەبێت بۆ بینینی گۆڕی مێردی پورەکەشم بێت، لەگەڵ خزمەکانمدا ڕۆشتم. بەڵام کاتێک گەشتینە ئەو شوێنەی دارەکانمان لێبڕیبوویەوە سەرم زۆر سوڕما. لەگەڵ هەڵکۆڵینی بنەدارەکاندا ئەو شوێنە وەک ئەوە بوو تاشرابێت. هەموو لایەک ساف و لوس بوو بوو. هیچ شتێک نەمابوو کەوا چێنرابێت. شاخ و بەرزاییەکان بەتەواوی ڕووتەڵ بووبوون. ئیدی دەبوو چەندساڵێک ئاژەڵ ڕوو لەو شوێنە نەکات. چونکە گەر ئاژەڵیان تێبخستایە، ئەو دارانەی لە ڕەگەکانەوە سەوز دەبوونەوە دەیانخواردن و لەناویان دەبردن. هەربۆیە دەبوو ئەم ناوچەیە بپارێزرێت. دوای چەند ساڵێک کە سەرلەنوێ گەورە دەبوونەوە، دەگونجا ئاژەڵی تێدا بلەوەڕێنرێتەوە. دوای بیست یان سی ساڵ کە سەرلەنوێ دەبوونەوە بە درەختی گەورە، دەشیا دیسان ببڕدرێنەوە. بەڵام هەتا ئەو کاتە ڕەنگە چەندین کەسی تر وەک خاڵە فازیڵم بمردنایە. دوای ئەوەی لەسەر گۆڕەکەی دوعامان کرد، بە خەفەتەوە گەڕاینەوە گوندەکەمان.

لە وەرزی بەهاردا، لە دارستانی داربەڕووەکاندا قارچک بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵدەتۆقین. پشووی کۆتایی هەفتە گەڕامەوە گوندەکەمان. هەم بە مەبەستی کۆکردنەوەی قارچک، هەم بە مەبەستی سەردانی گۆڕەکەی مێردی پورم، بەشێوەیەکی خێزانی ڕوومان لە دارستان کرد. مەلای گوندەکەشمان لەگەڵ خۆمان برد. دەبوو مامۆستا لەسەر گۆڕەکەی قورئان بخوێنێت. پێش ئەوەی بچینە سەر گۆڕەکە چاومان بەو شوێنە کەوت کەوا دارەکانمان لێبڕیبوویەوە. باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. ئەم دارستانەی کەوا زستان ڕووتەڵمان کرد و تەنانەت بنەدارەکانیشمان لێ

هەڵکۆڵی، بە تەواوی سەوز بووبوویەوە. لە هەموو لایەکەوە داربەڕووەکان چەکەرەیان کردبوویەوە. چەشنی ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە سەریان دەرهێنابێتەوە. شوێنێک نەمابوو کەوا پێی پێدا بنێین. مەلاکە دوای ئەوەی کۆتا لاپەڕەی سورەتی یاسینی خوێندەوە، دیسان زەردەخەنەیەکی کردەوە. پاشان هەموومان پێکەوە فاتیحایەکمان خوێندەوە. مەلاکە ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی: "خۆ دەبینیت هەموو لایەک سەوز بووەتەوە و زیندووبوونەتەوە. دەی لە ژیانی ئاخیرەتیشدا بەهەمان شێوە زیندوو دەبینەوە. سەیری ئەو چڵە دارەی موختار چاندی، ئەویش سەوز بووەتەوە. ئەم نەمامەی سەوز بووە هەم گەورە دەبێت، هەم دەبێتە پاسەوانی خاڵە فازیڵمان". هەر بەڕاستی چڵە داربەڕووکە گەڵای دەرکردبوویەوە.

ساڵەکانی دواتر، هەردەم سەردانی ئەو شوێنەم دەکردەوە و دەچوومەوە سەر گۆڕی خاڵە فازیڵ. نەمامەکەی سەر گۆڕەکەی، بە تێپەڕینی کات وەک درەختێکی گەورەی لێهات. گەر کەسێک پرسیاری زیندووبوونەوەی پاش مەرگی لێبکردمایە، هەردەم ئەم دار بەڕووەم بە خەیاڵدا دەهات. یەکسەر ئەوەم بیر دەکەوتەوە کە چۆن بوویە ئەم دارەی ئەمڕۆ. چۆن ئەو چڵە وشکە بوویە دار و سەوز بوو، لە ژیانی ئاخیرەتیشدا ئێمەش سەوز دەبینەوە و چەکەرە دەکەینەوە.

بە مەبەستی چاندنی باوەڕ بە ڕۆژی زیندووبوونەوە لە مناڵەکانمدا، هەموویانم بردە سەر گۆڕی خاڵە فازیڵ. پێم گوتن: "ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر زیندووبوونەوەی پاش مەرگ". گوتیان: "باوکە لێرە گۆڕێک و درەختێک هەیە، ئەمە چۆن دەبێتە بەڵگە؟". ئیدی باسی ڕووداوەکەی ڕابردووم بۆ کردن. "خودا لە قورئانی کەریمدا بۆ ئەوەی لە ژیانی

ئاخیرەت تێبگەین، چەند نمونەیەک بەو شتانە دەهێنێتەوە کەوا لە ژیانی دونیادا دەیانبینین. دەیەوێت ڕۆژی حەشر بهێنێتە پێش چاومان و دەفەرموێت: (قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ ۝ قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ). واتە "مرۆڤ دەپرسێت: باشە ئەو ئێسقانانە چۆن زیندوو دەبنەوە کەوا ڕزیون؟ دەی کێ لە سەرەتاوە دروست کردبێتن و ژیانی پێدابێتن هەر ئەویش زیندوویان دەکاتەوە"، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەیانم دایەوە. پاشان واتای ئایەتەکەم بۆ ڕوونکردنەوە. پاشان گوتم: "هەرکەسێک سەوزبوونەوەی درەختە وشەکەکان و سەردەرهێنانەوەی گژوگیای بەهار ببینێت باوەڕ بە ئاخیرەت نەکات، کەسێکی بێئەقڵە". منداڵەکانیشم زۆر دڵیان خۆشبوو بەو تاکە نمونەیەی لە نێو هەزار نمونەی ژیانی ئاخیرەتدا پیشانمدان.

هەرکاتێک مەجالم هەبێت سەردانی ئەو گۆڕە دەکەمەوە. بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە کە خۆیشم زیندوو دەبمەوە. کاتێک دارێکی وشک دەبینم، ئێسقانە ڕەقەکانم بیر دەکەوێتەوە. زیندووبوونەوەی درەختەکان لە وەرزی بەهاردا، بەڵگەیەکی جوانە لەسەر ئەوەی مرۆڤیش لە بەهاری حەشردا زیندوو دەبێتەوە.

# چیرۆکە نوورانییەکان

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لێرەدا خراوەتە بەرچاوی خوێنەر، هەڵگۆزراوی بیرۆکەکانی ناو پەیامەکانی نورن. دەشێت خوێنەر وەک دەستپێک بۆ چوونە ناو دونیای هزری مامۆستا بەدیعوزەمان سەعید نوورسی لێیان بڕوانێت.

یەکێک لەو حەقیقەتە گرنگانەی خوێنەری پەیامەکان پێی ئاشنا دەبێت، ئەوەیە کە کۆی گەردوون و ڕووداوەکانی ژیانمان تەنها لە ڕووە ماددییەکەی پێکنەهاتووە و دەشێت چەندین پەند، وانە و واتا لە پشت هەریەکەیانەوە خۆیان شاردبێتەوە.

مرۆڤ کاتێک سەیری خۆی و بوونەوەرانی چواردەوری دەکات، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆی گەردوون کتێبێکە و پێکەوە دێڕەکانی ئەو کتێبەیان پێکهێناوە. هەربۆیە مرۆڤی خوێنەر لە پشت هەریەک لە دێڕەکانەوە درەوشانەوەی ناو و سیفەتێکی ئیلاهی بەدی دەکات و بە هەستەکانی سوپاسگوزاری و دەربڕینی بێگەردی بۆ پەروەردگاری، شکۆفە بە دڵ و ڕۆحی خۆی دەدات.

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

9 649750 001253

IRFAN
Publishing